15 پیاو بە تاوانی کوشتنی ژنان سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە.. ل 7

Crescent Petroleum
پتر لە چل ساڵ
بەشداری کردن لە پرۆسەی گەشەپێدانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## کورد تائێستا بڕیاری لادانی مالیکی نەداوە



**تایبەت بەرووداو**

بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە بەغدا لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئەوەی رەتکردەوە کە سەرکردایەتی کورد بڕیاری لادانی مالیکی دابێت "چونکە تا ئێستا بەدیلی مالیکی لای سەرکردایەتی کورد هەر مالیکی خۆیەتی"، گوتیشی "ئەگەر مالیکی خۆی نەڕووخێنێت و لانەچێت کەس لە ئێمە نایڕووخێنێت". هەروەها سامی ئەترۆشی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی یەکگرتوو بە (رووداو)ی راگەیاند، دوای کۆبوونەوەی لیستەکەیان و لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ مام جەلال لە رۆژی 2008/11/21 "بڕیاردرا پەلە نەکرێت لە واژۆ کۆکردنەوە بۆ لادانی مالیکی".

لاپەڕە 3

## بە بەرپرسانی کوردستانمان گوت ناکرێ گەندەڵی هەبێت وبانگەشەی دیموکراسیش بکەن

**تایبەت بەرووداو**



ئولا هوفمان، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی سوێد و یەکێک لەسەرکردەکانی پارتی چەپی سوێد، کە هەفتەی رابردوو لەگەڵ سکرتێری پارتەکەی سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند کە بەبەرپرسانی کوردستانیان گوتووە" ناکرێ گەندەڵی هەبێت و بانگەشەی دیموکراسیش بکەن". سەبارەت مانەوەی فرەژنییەکی مەرجدار لەیاسای باری کەسیشدا لە کوردستان گوتی" رێگەدان بە فرەژنی لەلای ئێمە جێگەی قبوڵکردن نییە" .ئاماژەی بەوەشدا ئەگەرکوردستان بیەوێ پێوەندی نێودەوڵەتی دروستبکات دەبێ یاساکانی وەک وڵاتانی پێشکەوتوو لێبکات.

لاپەڕە (14)

Rûdaw
رووداو
ژمارە (33)
دووشەممە 2008/11/24
3ی سەرماوەز 2708
(750) دینار
www.rudaw.net

### بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی واشنتن پۆست

# کورد سێ فڕۆکەی پڕ چەکی بەنهێنی لە بولگاریا کڕیوە

**رووداو-واشنتن پۆست**

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (واشنتن پۆست) سێ فڕۆکەی پڕ تەقەمەنی کە لەبولگاریاوە هاتوون لە فڕۆکەخانەی سلێمانی نیشتوونەتەوەو،ئەوەش ترسی ئەمریکییەکانی لە رووبەڕووبوونەوەی نێوان حکومەتی عێراق و کوردستان زیاتر کردووە،بەڵام وتەبێژی هێزی پاسەوانی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند" کڕینی چەک لە بولگاریا چیرۆکێکی دروستکراوە".

رۆژنامەی (واشنتن پۆست The Washington Post) کە بە رۆژنامەیەکی نزیک لە ئیدارەی ئەمریکا دەناسرێت، لە راپۆرتێکدا کە لەلایەن پەیامنێرێکی لەبەغداوە نووسراوە،دەڵێت" بەپێی قسەی سێ کاربەدەستی ئەمەریکایی کە بەهۆی هەستیاری هەواڵەکە، نەیانویست ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن، چەکوتەقەمەنییەکە لە مانگی ئەیلولی رابردوو لە رێگەی سێ فڕۆکەی بارهەڵگری جۆری (C-130 )گەیشتووەتە شاری سلێمانی".ئەو سێ کاربەدەستە ئەمریکییەش رایانگەیاند کە ئەوە لە دەرەوەی پرۆسەی کڕینی چەک و تەقەمەنییە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

جەواد بۆلانی وەزیری ناوخۆی عێراق بە رۆژنامەکەی راگەیاند کە ئەوە "پێشێلکردنی " دەستووروو یاسا عێراقییەکانە چونکە تەنیا هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و بەرگریی عێراق بۆیان هەیە چەک و تەقەمەنی بکڕن.بەڵام پسپۆڕانی دەستووری عێراقی رایانگەیاند کە دەستووری عێراق بەتەواوی روونی ناکاتەوە ئایا بەرپرسانی هەرێمی بۆیان هەیە چەک بکڕن یان نا.

ئەورۆژنامە نێودارە ئەمریکییە دەنووسێت، کاربەدەستانی کورد، هیچ لێدوانێکیان لەو بارەیەوە نەدا، بەڵام بەپێی راگەیاندنێکی فەرمی دەڵێن " حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام ئامانجی سەرەکییە لە شەڕی دژی تیرۆریزم لە عێراقدا و لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەم هەڕەشەیەش، بەهیچ شێوەیەک دەستوور رێگر نییە لەبەردەم کڕینی کەلوپەلی بەرگری لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی بەرگریکردن لە هەرێمەکەی".

هەروەها لیوا چارڵس دی. لاکی، کە یارمەتی حکوومەتی عێراقی دەدات لە کڕینی چەک وتەقەمەنی رایگەیاند،کە ئەو هیچ زانیارییەکی لەسەر ئەو کەیسە نییە.

هەرلەوبارەیەشەوە، جەبار یاوەر، وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستان و بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە لەسلێمانی،ئەو هەواڵەی (واشنتن پۆست)ی رەتکردەوەو گوتی "ئەگەر حکومەتی کوردستان نیازی هەبێت لەئایندەدا هەر گرێبەستێک بۆ کڕینی چەک واژۆ بکات لەرێگەی حکومەتی عێراق و بەئاگاداری هێزەکانی فرەنەتەوە دەیکات".

گوتیشی فڕۆکەخانەی سلێمانی سەربازی نییە و ئاسمانی عێراقیش لەژێر دەسەڵاتی هێزە فرە رەگەزەکاندایە و ناکرێ کارێکی وا بەنهێنی ئەنجامبدرێ و " ئەگەر ئەو رۆژنامەیە راست دەکات، با گرێبەستەکە بڵاو بکاتەوە و، ناوی ئەو کۆمپانیایە بڵاوبکاتەوە کە چەکی بەکوردستان فرۆشتووە، با وێنەیەک بڵاو بکاتەوە".

ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەمساڵ لە کۆی 14 ملیار دۆلاری بودجەی بەرگریی عێراق هیچی نەداوەتە هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، کە دەستوور بەرەسمی ناسیوە.

**وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە 4 بخوێنەوە**

ژنی یەکەمی محەممەدی حاجی مەحمود:

## تـا ئێستا ژنەکانی دیکەی کاکە حەمەم نەبینیون...

ل 9



تامین کاکە سوور، ژنی یەکەمی سکرتێری حیزبی سۆسیالیست، دەڵێ تا ئێستا هەوێیەکانی نەبینیون، کە بە پێی سەرچاوەیەک ئێستا سێ ژنی هەیە.



## ڕاپۆرتە هەواڵ



**فرەژنی کولتووری دەرەبەگییە**

ڕووداو-هەولێر

◆ لارش ئولی، سەرۆکی پارتی چەپی سوێد، ڕۆژی 2008/11/19 لە سەمینارێکدا لە هەولێر لەچوارچێوەی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، بە گرنگی زانی کە لە کوردستان کوشتنی لەسەر شەرەف قەدەخەکراوە، بەڵام لەهەمانکاتدا گوتی" زۆر لەوە دڵگرانین کە فرەژنی لە یاسای باری کەسیی لانەدراوە"، هەروەها گوتیشی " فرەژنی لە کولتووری دەرەبەگییەوە سەرچاوە دەگرێ".

# دەرچووانی شەشەمی ئامادەیی ئەمساڵی کوردستان دەتوانن بچنە زانکۆکانی ئەمریکا



**ڕووداو- هەولێر**

ڕێکخراوی ئەمدیستی ئەمەریکی، لە ڕێگای (بەرنامەی زەمالەی خوێندن بۆ سەرکردەکانی سبەینێ)، دەرچووانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی ئەمساڵ ڕەوانەی زانکۆ ئەمەریکییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکات.

زەمالەی خوێندنی بەرنامەی ناوبراو ئەو قوتابیانە دەگرێتەوە کە لەساڵی 2008 لە پۆلی شەشەمی ئامادەی دەرچوون و ئەو بەرنامەیە ڕێگەیان پێدەدات بۆ ماوەی چوار ساڵ لە زانکۆکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بخوێنن وەکو زانکۆی ئەمەریکی لە قاهیرەی پایتەختی میسر، زانکۆی ئەمەریکی لە شاری بەیروتی پایتەختی لوبنان و زانکۆلوبنانی ئەمەریکی.

ڕێکخراوی ئەمدیست، ڕێکخراوێکی ئەهلی و خێرخوازییە، دەیەوێت پێوەندی و هاوکاریکردن لەنێوان ئەمەریکا و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پتەو بکات. ئەم ڕێکخراوە ساڵانە چەندین کۆرسی بەهێزکردنی زمانی ئینگلیزی دەکاتەوە و پشتگیری لە چەندین ڕێکخراو و پرۆژەی خزمەتگوزاری دەکات. یەکەم بەشداربووانی ئەم زەمالەیە، لە وەرزی پاییزی ئەمساڵ دەست پێدەکات.

ڕێکخراوی ئەمدیست لە یانزدە وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئۆفیسی هەیە و بەهۆی نالەباری ئاسایشی شاری بەغدا، ئۆفیسی عێراقی ئەو ڕێکخراوە لە شاری هەولێرە و لە ساڵی 2004وە دەستی بە کار کردووە.

**مەرجەکانی وەرگرتن**

مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابیان، بریتییە لەوەی قوتابییەکە دەرچووی شەشەمی ئامادەیی ساڵی خوێندنی 2007- 2008 بێت، دانیشتووی عێراق بێت و ڕێگەی پێدرابێت پاسپۆرتی عێراقی هەڵبگرێت.

هەروەها ئەو قوتابییە تۆمارێکی ئەکادیمی بەرزی هەبێت و ئەگەر دەست نیشانکرا، ئەوا پێویستە بەشداری لە تاقیکردنەوەی (SATI)دا بکات.

پێویستە ئەو قوتابیە توانای زمان و نووسینی ئینگلیزی باش بێت و کۆی نمرەی تاقیکردنەوەکانی (TOFEL)ی لە 350 کەمتر نەبێت، ئەگەریش ئەوەندە نەبێت یاخود کاتی تاقیکردنەوەکەی لە دوو ساڵ زیاتر تێپەڕیبێت، ئەوا دەبێ بەزووترین کات پێوەندی بەئۆفیسی ڕێکخراوی ئەمدیست لە شاری هەولێر بکات.

هەروەها ئەو قوتابییەی دەیەوێت، ئەو زەمالەیە وەربگرێت دەبێ توانایی خۆی لە بوارەکانی تێگەیشتن و و لێبووردەیی و سەرکردایەتیی پیشانبدات و بتوانێت بەشداری لە بەرنامەی زەمالەی خوێندنی ساڵی 2009 بکات.

دوا مۆڵەتی پڕکردنەوەی فۆرمەکە 2009/1/2یە و قوتابیان بۆ پڕکردنەوەی فۆرمەکە،دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی: www.amideast.org،بکەن پاشان کلیک لەسەر لینکی Tomorrow's Leaders بکەن.

لە لایەکی دیکەوە، بەسەرپەرشتی هەمان ڕێکخرا و بە پاڵپشتی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق، زەمالەی خوێندنی ساڵێک لە زانکۆیەکی ئەمەریکا دەدرێتە ئەو ئافرەتانەی کۆلێژی ئەندازیاریان تەواو کردووە یاخود دەرچووی هەر بوارێکی زانستی دیکە بن.

بەرنامەی زەمالەکە بەناوی (ئافرەتی ئەندازیاریی عێراق و بواری زانستی IWASE)یە و ئەوانەی دەیانەوێ بەشداری لەو پرۆگرامەدا بکەن دەتوانن فۆڕمەکە پڕبکەنەوە و دوارۆژی پڕکردنەوەی فۆڕمەکەش 11ی مانگی داهاتووە.

هەروەها پێش وەرگرتنی زەمالەکە، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی داهاتوو کۆرسێکی دوو مانگی فێرکردنی زمانی ئینگلیزیش ئەنجامدەدەیت.

**مەرجەکانی وەرگرتنی ئافرەتان**

مەرجەکانی وەرگرتنی ئەو ئافرەتانە، بریتین لە : پێویستە ئەو ئافرەتە دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری و بوارە زانستییەکانی دیکە بێت .فەرمانبەر بێت لە یەکێک لە زانکۆ یاخود پەیمانگاکانی عێراق. ئەوەی دەست نیشان دەکرێت، دەبێ هەتا 2009/1/15، پاسپۆرتی جۆری Gی عێراقی هەبێت. هەروەها بتوانێت بۆ ماوەی ساڵێک لە ئەمەریکا بمێنێتەوە، کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2009 دەست پێدەکات.

پێویستیشە، ئەو ئافرەتەی فۆڕمەکە پڕدەکەنەوە، عێراقی بێ و دانیشتووی ئەو وڵاتە بێت، هەروەها تاقیکردنەوەیTOFELی هەبێت و نمرەکەشی لە 550 کەمتر نەبێت.

ئینجا قوتابییەکە دەتوانێ فۆڕمەکە بە ئیمەیل بۆ ماڵپەڕی iraq@amideast.org ڕەوانە بکات و دوارۆژی پڕکردنەوەشی 18ە.

# 3400 کەس ل دهۆکێ خۆ بۆ چۆنە ئەمریکا بەرهەڤ دکەن

**عەبدوڵڵا نهێلی**
**ڕووداو-دهۆک**

" من و 27 کەسێن خێزانا مە معاملێن خۆ لسەر ناڤێ من ڕەوانە کرینە و چاڤەرێ بەرسڤێ مە، ئەگەر بەرسڤ هات نووکە ئەم دئامادەینە لڤی وەلاتی بچین". سابر حەسەن تەمەن 35 سالی بڤی رەنگی بۆ (ڕووداو) ئاخفت و گۆت"ڕەوشا مە یا ئابووری ژی باشە، بەس ل کوردستانێ جیاوازیەکا مەزن یا هەی و بتنێ بەرپرس و ڕێڤەبەر ل کوردستانێ پارا دخۆن، ئەوژی بەرپرس و ڕێڤەبەرن، لەوڕا مە دڤێت لڤی وەڵاتی باربکەین".

گەنجەکێ خەلکێ زاخۆ، ل سەنتەرێ زانکۆنێت یێ ئینتەرنێتێ ل دهۆکێ کۆمەکا ناسناما ددەست دابوون، دڤیا فۆرمێ چۆنە ئەمریکا پڕڤەکەت " من ئەڤ کوما ناسناما ئینانە و دێ برێکا مرۆڤەکێ مە کو دگەل ئەمریکیان کار دکر، معاملێن خۆ لسەر ناڤێ وی ڕەوانە کەین، ئەگەر ئەڤ شەڤە ناڤێن مەبهێن ناهێلین ب بیتە سپێدە دێ بشەڤ چین".

هەروەها گۆت "بتنێ لڤێرە نەمینین مە ببەنە کیرێ دروستە، چونکە ڤێرە یا لپێش چاڤێن من ڕەش بووی".

سیهاد عەبدولسەلام، تەمەن 23 سال، سەربازە ل سوپایێ عێراقێ دبێژی "یاباش ئەوە بچین".سیهاد کو دوو سالان دگەل ئەمریکیا کارکریە، شەش ناسنامە ئینابوون دا فۆرمێ چۆنە ئەمریکا پڕڤەکەت.

ل دهۆکێ سێ سەنتەرێن ئینتەرنێتێ بشێوەیەکێ بەرچاڤ لافیتەیێن ناڤ تومارکرنێ بۆ چۆنە ئەمریکا هەلاویستینە.

مستەفا ئەحمەد خودانێ سەنتەرێ هەلەبجە یێ ئینتەرنێتێ، ل سەر چاوانیا دەستپێکرنا هەوا پڕکرنا فۆرمێن چۆنە ئەمریکا بۆ (ڕووداو) گۆت" بەری هەیڤەکێ ب ڕێکا کەسەکی کو دگەل ئەمریکیا کاردکر فۆرمەک ل بالیۆخانەیا ئەمریکا ل بەغدا ئینا دەف مە، ڤێ هەوێ دەستپێکر"، هەوەها گۆت " ژبەر کو پرانیا خەلکێ مە ل ئینتەرنێتێ د شەهەرەزا نینن، لەورا هەر کەسێ دهات مە معاملێن وی فرێدکرن".

خودانێ سەنتەرێ هەلەبجە ل دهۆکێ دبێژی ڕۆژانە 50-70 کەس بۆ پڕکرنا فۆرمێ چۆنە ئەمریکا تێنە دەف وان " دڤی ماوێ خەلکێ سەرامەدای تانوکە نێزیکی 2500 فورمێن وەلاتیان مە ڕەوانە کرینە ب ئیمیلێ هەر کەسە و ب ئیمێلەکا تایبەت".

هەروەها دبێژی ل دووف پێزانینێن من تانوکە ب ڕێکا تێلەفونێ، تێلەفونا 10 کەسان کریە و ب عەرەبی دگەل ئاخفتیە، بەلێ وان عەرەبی نەدزانی، لەورا نەزانییە کا چ دبێژنێ".

خودانێ سەنتەرێ هەلەبجە دبێژی تەنێ ئەوێن دگەل ئەمریکیا کار کری دکارن وان فۆرمان پڕبکەنەڤە و بۆ ڤێ ئیمیلێ BaghdadInfoCenter@ion.int فرێکەن، " بەلێ ژبەرکو زۆربەیا وان کەسان نزانن ئینتەرنێتێ بکاربینن، لەورا دهێنە دەف مە و هندێ ژمارا خەلکێ زێدەبوویە مە فەرمانبەرێن خو یێن زێدەکری و هێشتاژی هەر قەرەبالغە".

لێ جۆناسان سێبرا، وتەبێژێ تیما ئاڤەداکرنا هەرێمی لە هەرێما کوردستانێ RRT کو سەر ب بالیۆزخانە ئەمریکایە دا دیارکرن، پشتی کو ل سالا 1990 کۆنگرێسا ئەمریکا ڤیزا فرە نەتەوی پەسەند کری، ئەمریکا سالانە 50000کەسان وەردگری ل وان وەلاتێن کو هژمارا پەنابەرێن وان ل ئەمریکا د کێمن، لڤی چارڤۆڤەیشدا ئەڤ فۆرم پڕکرنە هاووڵاتین کوردستانێش ڤەدکری کو دکارن ل ڤی مالپەری:
www.dvlottery.state.gov فۆرمێ چۆنا ئەمریکا ب بەلاش ب دەستبێخن و ئاخرین وەختێ بۆ پڕکرنا وان فۆرمان 2008/12/1ـە.

سدیق مەمەد خودانێ سەنتەرێ زانکو نێت دیارکر و گۆت "ئەڤە 6 ڕوژە مە دەست ب ڤرێکرنا معاملێن خەلکی کری و تانوکە نێزیکی 750 فورمە مە ڕەوانە کرینە و ڕۆژ بۆ ڕوژێ پتر خەلک دهێن". ل سەر ئەو پارێ ئەو ل هاووڵاتیان وەردگرنیش گۆت
" هەرکەسێ دهێتە دەف مە 10-35 هزاردیناران بهایێ ب ڕێڤەبرن و فرێکرنا معاملێن وی ئەم ژێ وەردگرین، بەلێ ب دیتنا من چ بۆ نینە بتنێ پارە خەرجکرنە".





دیمەنێک لە شاری نیویۆرک

وردەکاری زیاتر
لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
WWW.RUDAW.NET

### مەرجەکانی پڕکردنەوەی فۆڕمی چوونە ئەمەریکا

جۆناسان سێبرا وتەبێژی تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمیی RRT لە هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) مەرجەکانی پڕکردنەوەی فۆرمی کۆچکردن بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان کەبە پرۆگرامی ڤیزەی فرە نەتەوە ناسراوە ڕوونکردەوە کە ساڵانە لە ڕێگەی تیروپشک 50 هەزار کەس وەردەگرێت:

– پێویستە بڕوانامەی هەبێت، بەڵام هیچ جیاوازییەک لەنێوان جۆری بڕوانامەکاندا نییە.
– دەبێ ڕابردووی پاک بێت و تاوانبار نەبێت.
– پێویستە فۆڕمەکە وێنەی کەسەکەی لەگەڵدا بێت و پڕکردنەوەی فۆڕمەکەش بە خۆڕاییە
– دوا ڕۆژ بۆ پڕکردنەوەی ئەم فۆڕمە، 2008/12/1ەو فۆڕمەکەش لە ماڵپەڕی www.dvlottery.state.gov
– دوای دەست نیشانکردنی کەسەکان، کاتی چاوپێکەوتن لە مانگی 10 ی 2009 دەست پێ دەکات. هاووڵاتیانی عێراقیش بۆ چاوپێکەوتنەکە دەبێ بچنە وڵاتێکی دراوسێ وەک ئوردن و تورکیا.

# 200 دۆلار بۆمووچەی پێشمەرگە زیاد دەکرێت



ژمارەیەک پێشمەرگە لە کاتی نمایشدا (فۆتۆ:AFP)

**تایبەت بە ڕووداو**

جەلال تاڵەبانی بڕیاریدا لەم مانگەوە 100 دۆلار بۆمووچەی پێشمەرگەکانی سەر بە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی زیاددەکرێت و پاش پێکهێنانی دووفیرقەی سوپای عێراق لە پێشمەرگە 100 دۆلاری دیکەشیان بۆ زیاددەکرێت.

مستەفا چاوڕەش، بەرپرسی مەڵبەندی پێشمەرگەی یەکێتی لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند" مام جەلال بڕیاریداوە بڕی 100 دۆلار بۆ هەموو پێشمەرگەیەکی سەر بەفەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی زیاد بکات "، ڕوونیشیکردەوە کە ئەو 100 دۆلارە لەو مانگەوە بۆ مووچەی ئەو پێشمەرگانە زیاد دەکرێت .

مستەفا سەید قادر، جێگری فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە مووچەی پێشمەرگە بەگشتی و بەتایبەتی پێشمەرگەکانی سەربە فەرماندەییەکەیان "زۆر کەمە"، داوایان لە حکومەتی کوردستان کردووە بە هەر شێوەیەک بێ ساڵی ئایندە مووچەی پێشمەرگە زیاد بکرێت . سەرچاوەیەک لە وەزارەتی پێشمەرگە لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ساڵی ڕابردووش وەک ساڵانی پێشوو، حکومەتی عێراق لە 14 ملیار دۆلاری بودجەی بەرگریی عێراق هیچ پارەی نەدایە هەرێمی کوردستان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوتی یەکێک لەو چوار لیژنەیەی بۆ یەکخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە دامەزراوە، پێشنیازی زیادکردنی مووچەی پێشمەرگەی داوەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان و داوای کردووە مووچەی پێشمەرگەی ئاسایی لە 450 هەزار دینار کەمتر نەبێ.

بەپێی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، دەبێ دوو فیرقەی نوێی سوپای عێراق لە پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی دروستبکرێ، بەڵام ئەوە چەند مانگە کارەکە دواکەوتووە. بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە لەوبارەوە گوتی "نزیکەی 15 هەزار پێشمەرگەی سەر بە فەرماندەیی دەخرێنە نێو یەکێک لەو فیرقانە و دوای ئەوەش، بڕی 100 دۆلاری دیکەش بۆ سەر مووچەی سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە زیاددەکرێت".

ئەنوەری حاجی عوسمان، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە لە هەولێر، لە بارەی زیادکردنی مووچەی پێشمەرگەکانی پارتی لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی" ئێمە پێشووتر مووچەی پێشمەرگەمان لە 200 هەزارەوە کردە 260 هەزار،بەڵام لە ئێستادا هیچ بڕیارێکی فەرمی نییە کە بڕی زیادکردنی موچەی پێشمەرگەی تێدا دیاری کرابێت، بەڵام دڵنیام لەئایندەیەکی نزیکدا مووچەی پێشمەرگە بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەبێت".

## ڕیپۆرتاژ



**پێویستیمان بە ڕەزامەندی بەغدا نییە**

ڕووداو- الحياة

◆ ئاشتی هەورامی وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (الحياة) ڕایگەیاند " بۆ ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕەکانی جیهان پێویستیمان بە ڕەزامەندی حکومەتی فیدراڵی بەغدا نییە"، هەروەها هەورامی گوتی لە چەند مانگی ڕابردوودا بە هاوکاری حکومەتی فیدراڵی بەغدا و چەند کۆمپانیایەکی بیانی خەریکی ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان بووین.

### عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

# یەکێتی 7 لیژنە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ناوخۆییەکانی پێکدەهێنێت

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو-سلێمانی**

دوای پێشکێشکردنی یاداشتێک بۆ "چاککردنەوەی باری نێوخۆی یەکێتی" لەلایەن چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە، یەکێتی حەوت لیژنەی بۆچارەسەرکردنی گرفتە ئیدارییەکانی ڕێکخستن، دارایی، ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و پێشمەرگە پێکدەهێنێت.

لەنێوەڕاستی مانگی ڕابردوو،هەر چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە بە باڵی ریفۆرم ناودەبرێن و بریتین لە: عومەری سەید عەلی، مستەفا سەید قادر، عوسمانی حاجی مەحمود، جەلال جەوهەر.

یاداشتێکیان لەسەر ڕەوشی نێوخۆی یەکێتی پێشکێشی سکرتێری گشتیی یەکێتی کرد لە بەغدا .هەر لەکاتی ئەو سەردانەدا داوایان لێکرا یاداشتەکەیان بکەنە پرۆژە .

لەو یاداشتەدا ئەو چوار ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئاماژەیان بە نەبوونی شەفافیەتی دارایی و پشێوی ناو هێزی پێشمەرگە و قۆرخکردنی بازاڕ و گرفتەکانی ڕێکخستن کردووە .

مستەفا سەید قادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەپاش گەڕانەوەیان لە بەغدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"لەپاش یاداشتەکە پرۆژەیەکمان ئامادەکردووە و پێشکێشی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری گشتی دەکەین کەپەیوەندی بەڕەوشی ناوخۆی یەکێتییەوە هەیە و لەکۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتیدا باسدەکرێت و بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت".

لەگەڵ ئەوەی بڕیاربوو لەنێوەڕاستی ئەم مانگەدا، سکرتێری گشتی یەکێتی بگەڕێتەوە سلێمانی و بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو پرۆژەیە لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، بەڵام بەهۆی سەرقاڵبوونی لەبەغدا نەگەڕایەوە سلێمانی، هەفتەی ڕابردوو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی سەردانی بەغدایان کردو ڕۆژی 2008/11/19 کۆتاییان بە کۆبونەوەکانیان هێنا .

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەو پرۆژەیە کراوەو چەندین لیژنەش بۆ چارەسەرکردنی گرفتە نێوخۆییەکانی یەکێتی پێکهێنراون.

عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لەلێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"لەسەرەتای مانگی ئایندەدا کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی دەستپێدەکەن". هەروەها ئەوەشی پشت ڕاستکردەوە کە لەو کۆبوونەوەیەدا " حەوت لیژنە پێکهێنراون بۆ پێداچوونەوە بە بوارەکانی پێشمەرگە، حکومەت، ڕێکخستن،دارایی، ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و ژیانی حیزبایەتی".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لەو کۆبونەوەیەدا بە وردی باسی نەوشیروان مستەفا، گرنگی یەکلاکردنەوەی هەڵوێستەکەی بەگەڕانەوە یاخود بە وازهێنانی یەکجارەکیی لە یەکێتی، یەکلاییکردنەوەی ئەوەش لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا بۆ مام جەلال هێڵراوەتەوە. کە بڕیار وایە مام جەلال پێش جەژنی قوربان بگەڕێتەوە سلێمانی .

عیماد ئەحمەد،سەبارەت بە یەکلاییکردنەوەی مەسەلەی نەوشیروان مستەفا گوتی "ئەوە پەیوەندی بەمام جەلالەوە هەیە"، لەبارەی ئەوەش کە لەکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەبەغدا باسکرا بێت، گوتی"ئەوە شتێکی تایبەتی خۆمانە".



عیماد ئەحمەد

# سەرکردایەتی کورد تا ئێستا بڕیاری لادانی مالیکی نەداوە

**ڕووداو – هەولێر**

بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە بەغدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند سەرکردایەتی کورد تائێستا بڕیاری لادانی مالیکی نەداوەو گوتیشی "ئەگەر مالیکی خۆی نەڕووخێنێت و لانەچێت کەس لە ئێمە نایڕوخێنێت" .هەروەها مام جەلال بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان و یەکگرتووی ڕاگەیاندووە پەلە نەکەن لە ئیمزاکۆکردنەوە بۆ لادانی مالیکی، لەکاتێکدا ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمانانی لیستەکانی دیکە دەستیان بەو هەڵمەتە کردووە .

سەرەتای ناکۆکی نێوان مالیکی و کورد دەگەڕێتەوە، بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی د.بەرهەم ساڵحی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و دانی یاداشتێکی ناڕەزایی لەلایەن لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە دەستپێکرد، دوای دەرکەوتنی ناکۆکییەکان لە ڕاگەیاندن دا، سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی دووجار ڕێککەوتوون بەهەماهەنگی لەگەڵ چەند لایەنێکی عێراقی بۆ لادانی مالیکی، کە دواترینیان مانگی ڕابردووبوو، بەڵام هەردوو جار پەشیمان بوونەتەوە .ئەوە لەکاتێکدایە کە مالیکی بەهۆی ئەو ناکۆکییەی لەگەڵ کورد سۆزێکی زۆری عەرەبە توندڕەوەکانی بەدەستهێناوەو بۆ کوردیش بووەتە، دێوەزمی ڕێگر لە ئامانجەکانی کە پێویست بەلادان دەکات.

چەندین لایەنی عێراقی کە لەناویاندا لیستی هاوپەیمانی کوردستان هەیە، لەچەند ڕۆژی ئایندەدا بەنیازن یاداشتێک ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بکەن، کە تێیدا دەنووسرێت ئەگەر پەیوەست نەبێت بە نێوەڕۆکی یاداشتەکەوەو جێبەجێی نەکات کار بۆ لادانی دەکەن.



نووری مالیکی لە پرێس کۆنفرانسێکدا (فۆتۆ:AFP)

پاش ئەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی ئەنجوومەنەکانی ئیسنادیان بە نادەستوری وەسفکرد، نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕۆژی 2008/11/20 لەپرێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند"ئەنجوومەنەکانی ئیسناد بەشێوەیەکی دەستوری دامەزراون و ئەندامەکانیشی چەکدارنین و مووچەش وەرناگرن، ئەگەر کورد باس لەپێشێلکارییە دەستورییەکان دەکات لیستێکی درێژم هەیە لەسەر ئەو ئیشکالیەتانەی ئەوان کردوویانە، لەنێویاندا ئەو گرێبەستە نەوتیانەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکاندا کردوویەتی".

مالیکی وەک وەڵامدانەوەیەکی کورد، گوتی"کاتی ڕێککەوتنی موجامەلە بەسەرچوو، هاوپەیمانی و بەرژەوەندی هاوبەش بەرێزن، بەڵام دەبێت دەستور حوکم بکات".

ڕۆژی 2008/11/15 سەرۆکایەتی کۆماری عێراق نامەیەکی لەبارەی دروستکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسنادەوە ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق کردو، لەنامەکەدا دروستکردنی ئەو ئەنجوومەنانەی بە "نادەستوری" ناوبرد.

لەبەشێکی نامەکەی سەرۆکایەتی کۆماردا هاتووە"شتێکی لەمجۆرە نابێ لەدەوڵەتێکدا ڕوویدات کە میتۆدی دامەزراندنی سیستمێکی دیموکرات و دەزگایی قبوڵکردووە، ڕەنگە تێکڕای بابەتەکەش پێویستی بەوە بێت کە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە یاسایەکی بۆ دەربچێت، کە ئەمەش لەبنەڕەتدا نەکراوە".

مالیکی لەوبارەوە گوتی"وەڵامیان دەدەمەوەو وەڵامەکانیشم واقیعی دەبن، داوا لەئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆمار دەکەم بەرپرسیارێتی تەواوی خۆی بگرێتە ئەستۆ لەبارەی ئەو بابەتانەی کەپێشێلکاری دەستوری تێدایە".

سەرۆک وەزیرانی عێراق هەر لەو وەڵامەدا کوردی بەچەند پێشێلکارییەکی دەستووری تۆمەتبارکرد"هەرێمی کوردستان بارەگای نێردەی دیپلۆماسی دەکاتەوە، کام دەستوور ڕێگە بەمە دەدات، گرێبەستە نەوتییەکان و ئەو لێدوانانەی کە دەڵێن ئامادەین ڕێ بە کردنەوەی بنکەی سەربازی ئەمریکی لەخاکی کوردستان بدەین"، مالیکی زیاتر گوتی"بۆچی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆمار بەرامبەر بەم زیادەڕۆییانە نەجوڵا، چۆن دەکرێ هێزەکانی هەرێم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای فیدراڵ لەناوچەکەدا جوڵەیان پێبکرێ".

ئەم لێدوانانەی مالیکی ناڕەزاییەکی زۆری لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کورد لێکەوتەوە، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو)کەوتوون، لەناو سەرکردایەتی سیاسی کورد و لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەو بیرۆکەیە دروستبووە کە کار بۆ لادانی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بکرێت.

ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) دەڵێت" کارکردن بۆ لادانی مالیکی وەک بیرۆکە لەناو پەرلەمانتاران و سەرکردایەتیشدا هەیە، بەڵام تائێستا نەبووەتە بڕیار".

د.سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپەرلەمانی عێراق، هەرچەندە پێیوایە مالیکی تاکڕەوییەکی سەیر دەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا گوتی"هێشتا بڕیارمان نەداوە کار بۆ لادانی بکەین، بۆچوونێکی وا هەیە نەک تەنیا لەناو ئێمەدا، بەڵکو لەناو هەندێک گرووپ و لیستی دیکەی پەرلەماندا و ناڕەزاییەکی زۆر هەیە بەرامبەر مالیکی، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە ئەوەی بڕیاری لەسەربدرێت".

بەپێی گوتەی سامی ئەتروشی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا 60 ئەندامی پەرلەمانی عێراق کە لە لیستەکانی بەرەی دیالۆگی نیشتیمانی و لیستی سەدر و سەربەخۆکان واژۆیان بۆ لادانی نوری مالیکی کۆکردووەتەوە.

ئەترۆشی لەبارەی هەڵوێستی کوردیشەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " لە 2008/11/21 لیستی هاوپەیمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ سەرۆک کۆمار کۆبوونەوەو بڕیاردرا پەلە نەکرێت لە واژۆ کۆکردنەوە بۆ لادانی مالیکی".

بڕیارە لەدوو ڕۆژی ئایندەدا چەند لایەنێکی عێراقی یاداشتێک ئاراستەی نوری مالیکی بکەن بۆ پێداچوونەوە بە بڕیارەکانیدا، ئەگەر پەیوەست نەبوو بە نێوەڕۆکی ئەو یاداشتەشەوە کار بۆ لادانی بکرێت.

سامی ئەترۆشی ئەوەی بە (ڕووداو) گوت"مالیکی بەهۆی ئەوەی نرخ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە سیاسییەکانی عێراق دانانێ، لیژنەیەک لە:سەرۆک کۆمارو هەردوو جێگرەکەی، سەرۆکی پەرلەمان و هەردوو جێگرەکەی، نوێنەران لەبارەی دیالۆگ و حیزبی ئیسلامی عێراق، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، یاداشتنامەیەک ئاراستەی مالیکی دەکەن و داواکارییەکانیان تێدا دەخەنەڕوو مالیکیش دەبێت میساقێکی شەرەف بنووسێت پەیوەست بەو داواکاریانەوە، ئەگەر پەیوەست نەبوو پێیەوە ئەوکات کار بۆ لادانی دەکرێت".

یەکێک لەو لایەنانەی کە تاوەکو ئێستا پشتیوانییەکی بەهێز بووە بۆمانەوەی مالیکی، ئێرانە، بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، بڕیارە لەچەند ڕۆژی ئایندەدا، جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق، سەردانی ئێران بکات و لەبارەی مالیکییەوە گفتوگۆ لەگەڵ تاراندا بکات.

نازم عومەر، بەرپرسی نووسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئێران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"بڕیاری سەردانی سەرۆک مام جەلال بۆ ئێران بەفەرمی لەئارادایە، بەڵام تا ئێستا کاتی سەردانەکەی بە وردی دیاری نەکراوە". ئەو بەرپرسە بەشێکی هۆکاری دواکەوتنی سەردانەکەی بۆ گرفتی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا گەڕاندەوەو، گوتیشی "لەدوو هەفتەی ئایندەدا ئەگەر کۆبوونەوەکانی بەغدا پێویست بە سەرۆک کۆمار نەکات، ئەوا سەردانی ئێران دەکات".

لەبارەی پشتگیری حکومەتی ئێرانیشەوە بۆ نوری مالیکی، نازم عومەر ئەوەی خستەڕوو" ئێران ڕۆڵێکی باشی هەبووە لەپتەوکردنی هاوپەیمانێتی نێوان شیعەو کورد، ئێران پاڵپشتی مالیکی بووە لەبەر ئەوەی پیاوێکی شیعەو شۆڕشگێڕبووەو لەلیستی هاوپەیمانی شیعەی عێراقی بووە، ئەگەر ئەمڕۆ مالیکی بیەوێت ئەو هاوپەیمانییەی لەنێوان خودی شیعە و شیعەو،شیعەو کورددا تێکبدات کۆماری ئیسلامیش بیر لەپشتگیری مالیکی ناکاتەوە".

سەعدی پیرە، بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەبەغدا، ئەوەی ڕەتکردەوە کەسەرکردایەتی کورد هەوڵی لادانی مالیکی بدات چونکە تا ئێستا بەدیلی مالیکی لای سەرکردایەتی کورد هەر مالیکی خۆیەتی، گوتیشی "ئەگەر مالیکی خۆی نەڕووخێنێت و لانەچێت کەس لە ئێمە نایڕوخێنێت".

### دڵگرانن بەبوونی ئاڵای عێراق لەسەر سندووقی پاشماوەی لاشەی ئەنفالکراوانیان

# گەرمیانییەکان لەسەر شوێنی ناشتنی 150 ڕووفاتەکە ڕێکناکەون



**بیلال سەعید**
**ڕووداو-کەلار**

سەنگەر هادی، ئەگەر بزانێت یەکێک لەو ڕووفاتانەی لەشاری نەجەف هێنراونەتەوە تەرمی باوکیشیەتی قبوڵناکات بهێنرێتەوە ناوچەکە و داوا دەکات بگەڕێندرێتەوە شوێنەکەی خۆی، چونکە وەک خۆی دەڵێت "باوکم لەژێر ئاڵای بەعس ئەنفالکرا، چۆن دەبێ ئێستا بەئاڵای بەعس داییپۆشن".

دوای دۆزینەوەی 250 تەرم لە دووگۆڕستانی بەکۆمەڵی ناوچەی حەیدەرییەی شاری نەجەف،هەروەک جێگری پارێزگاری نەجەف بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بە هۆی جلوبەرگ و ناسنامەکانیانەوە بۆیان ئاشکرابوو کە 150یان کوردن. ڕۆژی 2008/11/19 بەشێک لەو 150 تەرمە بەئاڵای عێراقەوە هێنرانەوە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر. داپۆشینی پاشماوەی لاشەی ئەو قوربانیانەی ئەنفال بە ئاڵای عێراق، نیگەرانییەکی زۆری لەلای کەسوکاری قوربانیان دروستکردووە، چونکە زێدەباری گۆڕانکاری لەئاڵاکە بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان هێشتا ئەو ئاڵایە بەهی سەردەمی بەعس دەزانن.

ڕۆژێک دوای گەیشتنی ڕووفاتی ئەو 150 ئەنفالکراوە، لە ڕێورەسمێکدا کە بۆ پێشوازیکردن لێیان لە فرۆکەخانەی هەولێر سازکرا، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتارێکدا کە بەو بۆنەوە پێشکێشیکرد ئاماژەی بەوەدا کە هەندێک لایەن تا ئێستاش وا بیر دەکەنەوە ئەوەی بەسەر کورد هاتووە هێشتا کەمە " زۆر لامان سەیرە کە هێشتا کەسانێک ماون لەعێراق پێیانوایە ئەمەی بەسەر کورد هاتووە کەمە دەبوایە زیاتری بەسەر بێ". هەروەها گوتیشی هەندێ لایەن دەیانەوێ زەمینەی ئەنفالێکی دیکە دژی کوردستان ساز بکەنەوە.

عەبدولحوسێن عەبدولڕەزا باقر عەتیان، جێگری پارێزگاری نەجەف کە لەگەڵ ڕووفاتی ئەو 150 کەسە هاتبووە هەولێر لە لێدوانێکیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "تا ئێستا چەندین گۆڕی بەکۆمەڵ لە نەجەف ماون، بەڵام هەڵنەدراونەتەوە چونکە هەڵدانەوەی ئەو گۆڕانە زۆری دەوێت".

سەبارەت بەهەڵدانەوەی ئەو دوو گۆڕە بەکۆمەڵەی حەیدەرییە کە لە کۆی 250 لاشەی ناوی 150یان کورد بوون، گوتی "ئەو گۆڕە 250 کەسی تێدابوو، بەشێکیان بەهۆی جلوبەرگی کوردی و ناسنامەکانیان ناسرانەوە کە کوردن، بۆیە وەزارەتی مافی مرۆڤ و بەرپرسانی کوردستانمان ئاگادار کردەوە".

دوای ڕێورەسمەکە ئەو 150 تەرمە بردرانە پەیمانگای پزیشکی دادوەری لەنەخۆشخانەی ڕزگاری شاری هەولێر بەمەبەستی پشکنین و دیاریکردنی ناسنامەی قوربانیان کە تا ئێستا ناسنامەی 13 لەو قوربانیانیانە دیاریکراوە. بڕیاریشە دوای مانگێکی دیکە لەڕێورەسمێکدا لەناوچەی گەرمیان بنێژرێن.

هەرچەندە سەرەتا وا بڵاو کرایەوە کە پاشماوەی لاشەی ئەو 150 ئەنفالکراوەی گەرمیان لە نزیک ناحیەی ڕزگاری ئەسپاردەی خاک دەکرێن، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون تا ئێستا شوێنی ناشتنیان دیارینەکراوە .

شوان محەممەد، ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لەکەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تا ئێستا شوێن بۆ ناشتنی ئەو تەرمانە دیارینەکراوە"، ناوبراو گوتیشی "بەهۆی داواکاری چەند کەسێکی حیزبی و ئیداری کفری باسێک هاتووەتە ناو کە ئایا تەرمی ئەنفالکراوەکان لەناحیەی ڕزگاری بنیژرێن یان لە کفری".

شوان، کە 36 کەس لە بنەماڵەکەی ئەنفالکراوە، بە مافی ڕەوای خەڵکی ناحیەی ڕزگاری دەبینێت کە تەرمەکان لەوێ بنێژرێن "چونکە زۆرینەی ئەنفالکراوانی گەرمیان خەڵکی ناحیەی ڕزگارین، بۆیە وا چاکە بەرپرسان وازیان لێبێنن، ئەوە تەنیا داواکاری بەرپرسانە لەکفری بنێژرێن ئەگەرنا خەڵکی کفریش حەز دەکات تەرمەکان لەناحیەی ڕزگاری بنێژرێن".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئیدارەی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو مەسەلەیە لەڕۆژانی داهاتوو یەکلایی دەکرێتەوە، کە لە کفری یان لەناحیەی ڕزگاری بنێژرێن". سەرچاوەکە بەدووری زانی تەرمەکان لەکفری بنێژرێن و گوتی "لەگوندی دێی بنە کە بەرامبەر ناحیەی ڕزگارییە و شوێنێکی بەرزە لەوێ دەنێژرێن".

تەرمەکان لە ڕۆژی 2008/11/18 لە ڕێورەسمێکی زۆر ڕێکوپێکدا بەرەو کوردستان ئامادەکران . تەرمەکان لەفرۆکەخانەی نەجەفەوە بە ئاڵای عێراقەوە هێنرانەوە هەولێر، تەنانەت لەڕۆژی ڕێورەسمەکەشدا بەشێک لەتەرمەکان ئاڵای عێراقیان هەر بەسەرەوەبوو، بوونی ئەو ئاڵایە زامی قوربانیانی نەک کولاندەوە بەڵکو قوڵتری کردەوە چونکە ئەوان تاوەکو ئێستا ئەو ئاڵایە بەئاڵای سەردەمی بەعس دەزانن، هەرچەندە گۆڕانکاری تێدا کراوەو سێ ئەستێرەکەی لەسەر لادراوە.

جێگری پارێزگاری نەجەف بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەولیژنەیەی لە هەرێمی کوردستانەوە هاتبوو بۆ وەرگرتنی ئەو ڕووفاتانە، هاتنە لام و گوتیان دەمانەوێ ئاڵای کوردستان بخەینە سەر هەندێک لە ڕووفاتەکان، چونکە فەرمانبەرانی وەزارەتی مافی مرۆڤ ڕێگەیان پێنەدابوون و گوتیان بوو، دەبێ وەزیری مافی مرۆڤ ڕێگەمان پێبدات، بەڵام من پێمگوتن ڕێگەیان پێبدەن ئاڵای کوردستان بخەنە سەر بەشێکیان".

شێرزاد داودی، لەناحیەی ڕزگاری، باوک و برایەک و حەوت کەس لەخێزانەکەی ئەنفالکراوە بە ئاخ هەڵکیشانەوە گوتی"هێنانەوەی تەرمی ئەنفالکراوەکان زۆر دڵگرانی کردین، بەوەی کە دوای بیست ساڵ چاوەڕوانی کەچی ئێستا تەرمەکانیان دەبینین، تەنیا ئێسک و پروسکە و ناسنامەیان دیار نییە، بەوەش زۆر دڵگران بووین کە بینیم هەندێک لەتەرمی شەهیدەکانی ئێمە بەئاڵای عێراق پێچرابوونەوە، چونکە هەر بەو ئاڵایەوە بەعس هاتە سەر گوندەکەمان و کەسوکارمی ئەنفالکرد".



وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان لەگەڵ دوو کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال (فۆتۆ:ڕووداو)

## ڕێپۆرتاژ

### قاعیدە لە جەلەولا بەهێز دەبێتەوە



ڕووداو-جەلەولا

◆ عامر ڕەفعەت، بەرپرسی لێژنەی ئەمنی لەئەنجوومەنی پارێزگای دیالە بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند بەهۆی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سوپای عێراق لە دیالە، زۆربەی چەکدارە توندڕەوەکان پەنایان بردووەتە بەر گوندەکانی دەوروبەری جەلەولا "ئێستا جەلەولا لەبەردەم هەڕەشەی تیرۆرستاندایە". هەروەها ئەنوەر حوسێن بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا ڕایگەیاند "جموجوڵی قاعیدە لەناوچەکە زیادی کردووە چونکە لەدوای هاتنی سوپا، پۆلیس کەمتەرخەم بووە، سوپاش ڕۆژانە سووکایەتی بە هاووڵاتییانی کورد دەکات.

# کورد چەک و تەقەمەنی لە بولگاریا کڕیوە

**ئێرنێستۆ لۆندۆنۆ- بەغدا**

ئەم پاییزە کاربەدەستانی کورد سێ فڕۆکەی پڕی چەک وتەقەمەنییان لە بولگاریاوە بۆ هاتووە. سێ کاربەدەستی ئەمەریکاییش ڕایانگەیاند کە هاتنی ئەو چەک وتەقەمەنییە لە دەرەوەی پرۆسەی وەرگرتنی چەک وتەقەمەنی حکومەتی ناوەندیی عێراقە.

زۆری چەک وتەقەمەنییەکە و کاتی گەیشتنەکەی، کاربەدەستانی ئەمەریکای ترساندووە، کە نیگەرانن لە ئەگەری دروستبوونی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەنێوان کورد و حکوومەتی عێراق، بەتایبەتی کە کورد دەیانەوێت دەسەڵاتی خۆیان لە باکووری عێراق فراوانتر بکەن.

بەپێی قسەی سێ کاربەدەستە ئەمەریکاییەکە کە بەهۆی هەستیاری هەواڵەکە، نەیانویست ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن، چەکوتەقەمەنییەکە لە مانگی ئەیلولی ڕابردوو لە ڕێگەی سێ فڕۆکەی بارهەڵگری جۆری (C-130)گەیشتووەتە شاری سلێمانی.

کاربەدەستانی کورد، هیچ لێدوانێکیان لەو بارەیەوە نەدا، بەڵام لە ڕاگەیاندنێکی فەرمیدا، کە تێیدا هاتووە" حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام ئامانجی سەرەکییە لە شەڕی دژی تیرۆریزم لە عێراقدا و لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەم هەڕەشەیەش، بەهیچ شێوەیەک دەستوور ڕێگر نییە لەبەردەم حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کڕینی کەلوپەلی بەرگری، بەمەبەستی بەرگریکردن لە هەرێمەکەی".

کوردی عێراق، لە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی 3 پارێزگەییدا دەژین، لەکۆی 18 پارێزگای عێراق. لەچەند مانگی ڕابردوودا، حکوومەتی ناوەندیی بەغدا کە شیعە کۆنترۆڵی دەکات و چەند کوردێکیش پۆستی گرینگیان لەو حکوومەتەدا هەیە، سەرکردەکانی کوردیان بەوە تۆمەتبار کرد کە دەیانەوێت سنووری هەرێمەکەیان فراوان بکەن، بەوەی هێزی پێشمەرگەیان لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی ئۆتۆنۆمی نیشتەجێکردووە، لەگەڵ هەندێ مەسەلەی دیکە. کورد و حکوومەتی عێراق لەسەر مەسەلەی شاری کەرکووک کە کەوتووەتە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان ناکۆکن، هەروەها لەسەر مەسەلەی چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتی نەوتی عێراقیش بیروڕای جیاوازیان هەیە.

وڵاتانی دراوسێ کە ئەوانیش کەمینەی کوردیان لە وڵاتەکەنیان هەیە، بەتایبەتی تورکیا و ئێران، ڕایانگەیاندووە کە دژی دروستبوونی کوردستانی سەربەخۆن، کە ئەو هەرێمە ئۆتۆنۆمییە بەو ناوە ناسراوە.

جەواد بۆلانی وەزیری ناوخۆی عێراق لە چاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاند کە کاربەدەستانی حکوومەتی ناوەندیی مۆڵەتی کڕینی چەک وتەقەمەنیان لە بولگاریا بە هیچ کەس نەداوە و ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەو کڕینە "پێشێلکردن"ی یاسای عێراقە، لەبەرئەوەی تەنیا هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری عێراق بۆیان هەیە چەک وتەقەمەنی بکڕن.

پسپۆڕانی دەستووری عێراقی ڕایانگەیاند کە دەستوورەکە بەتەواوی ڕوونی ناکاتەوە کە ئایا بەرپرسانی هەرێمی بۆیان هەیە چەک بکڕن یان نا، بەڵام کاربەدەستانی عێراقی و ئەمەریکایی ڕایانگەیاند کە تەنیا هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری مافی کڕینی چەکوتەقەمەنیان هەیە. وەزارەتی بەرگری چەک و تەقەمەنی بۆ سوپای عێراق و وەزارەتی ناوخۆش چەک بۆ هێزی پۆلیس دابین دەکات.

حکوومەتی عێراق زۆربەی چەک وتەقەمەنییەکەی لەڕێگەی (بەرنامەی فرۆشتنی سوپای بیانی) دابینکردووە کە سیستەمێکی ئەمەریکاییە بۆ کڕینی چەکوتەقەمەنی. لەم بارەوە لیوا چارڵس دی. لاکی، کە یارمەتی حکوومەتی عێراقی دەدات لە کڕینی چەک وتەقەمەنی ڕایگەیاند،کە ئەو هیچ زانیارییەکی لەسەر ئەو کەیسە نییە کە کاربەدەستانی هەرێمی بە سەربەخۆیی چەکوتەقەمەنیان لە دەرەوە کڕیبێت.

لەگەڵ ئەوەی بە هەزاران کاربەدەستی سەربازیئەمەریکاییبەشدارنلەمەشقپێکردنی هێزەکانی ئاسایشی عێراق، بەڵام ئەمەریکا زانیاری لەبارەی کڕینی یاساییانەی چەک بۆ عێراق نییە، ئەمەریکاییەکان لە هاتنی ئەو چەک وتەقەمەنییەی بولگاریا لە مانگی ئەیلولی ڕابردوو وریابوونەوەو، کاربەدەستە ئەمەریکاییەکان ئەوەیان ڕاگەیاند کە یەکەمجار هەواڵەکەیان لە زاری سەرچاوەیەکی بولگارییەوە پێگەیشتووە.

سێ کاربەدەستە ئەمەریکاییەکە ئەوەشیان درکاند کە هەتا ئێستا نازانن ئایا کاربەدەستانی ئەمەریکایی لەسەر ئەو مەسەلەیە ڕووبەڕووی سەرکردەکانی کورد بوونەتەوە، یاخود حکوومەتی مالیکیان ئاگادار کردووەتەوە.

یەکێک لەو کاربەدەستانە لەوبارەیەوە گوتی" بەڵێ، کورد هەرێمێکی ئۆتۆنۆمییان هەیە و ڕێگەیان پێدارەوە کە هێزی پێشمەرگە بهێڵنەوە، بەڵام پڕچەکردنیان و هێنانی چەکەوتەقەمەنی بەشێوەیەکی نهێنی، ئەگەر من حکوومەتی عێراقی بم، ئەوا زۆر نیگەران دەبم بەو کردەوەیە".

لەکاتێکدا شەڕوکوشتار لەماوەی چەند مانگی ڕابردوو، بەرەو کزی دەچێت و بارودۆخی سیاسی عێراقی بەرەو ئاڵۆز بوون دەچێت، لەوکاتەدا سەرکردەکانی عێراق لەئامادەباشیدان بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی نیشتمانی کە بڕیارە ساڵی داهاتوو بەڕێوەبچێت، هەروەها ئەوان خۆیان بۆ سەردەمێک ئامادە کردووە کە سوپای ئەمەریکی بوونێکی بچووکی دەبێت.

ناکۆکییە سەرەکییەکان، کە بریتییە لە ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە، هەروەها ڕکابەرایەتینێوپارتەسیاسیەکانیشیعە،بەڵام لەماوەی چەند مانگی ڕابردوو، دروستبوونی ناکۆکی لەنێوان کورد و حکوومەتی عێراقی، کە شیعە کۆنترۆڵی دەکات، بووەتە نیگەرانی سەرەکی. بەرپرسانی حکوومی دووچاری شەڕە قسە بوونەتەوە و سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەش چەند جارێک زۆر لە شەڕوپێکدادان نێزیکبوونەتەوە.

کێنت بی. کاتزمان، پسپۆڕ لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە خزمەتگوزاری توێژینەوەی کۆنگرێس لە واشنتن، گوتی" زۆر بەئاسانی دەکرێ شەڕوپێکدادان لە باکوور دروست ببێت،چونکە هیچ مەسەلەیەک کە پێوەندی بە کوردەوە هەبێت، چارەسەر نەکراوە".

لەبەرئەوەی عەرەبی سوننە، بەشداریان لە هەڵبژاردنەکانی 2005دا نەکرد، کورد دەسەڵاتێکی سیاسی زۆریان لە هەندێ پارێزگای وەکو تەئمیم و نەینەوا کە شاری کەرکووکیش دەگرێتەوە، بەدەستهێنا. هەردووکیشیان لەتەنیشت سنوورەکانی هەرێمی کوردستانەوەن، هەروەها کورد لە کۆی 275 کورسی پەرلەمانی عێراق، 75 کورسیان هەیە.

ئەمساڵ، شەڕوئاژاوە لەشاری کەرکووک ڕوویدا، دوای ئەوەی عەرەبەکان پێشنیازیان کردبوو کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگەی تەئمیم بەیەکسانی بەسەر کورد، عەرەب و تورکماندا دابەش بکرێت. لە کۆتاییدا، سیاسەتمەدارانی عێراق پلانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنیان لەو پارێزگایە دواخست بەهۆی ئەوەی لایەنەکان هێشتا ڕێکنەکەتوون.

لە مانگی ئابی ڕابردووش، کاربەدەستانی ئەمەریکی بارودۆخەکەیان هێورکردەوە، دوای ئەوەی ئەوەندەی نەمابوو سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە لە شاری خانەقینی سەر بەپارێزگای دیالە، شەڕوکوشتار لەنێوانیاندا ڕوویدات.

لەم چەند هەفتەیەی ڕابردوودا، مالیکی و سەرکردەکانی کورد، قسەی ڕەقیان بەیەک وتوە لەسەر ئەوەی مالیکی ئەنجوومەنێکی بەناوی ئیسناد پێکهێناوە. مالیکی لەبارەی ئەو ئەنجوومەنانەوە کە لە سەرۆک عەشیرەتەکانی نێزیک لە حکوومەت پێکهاتوون ڕایگەیاند، ئیسناد چاو و گوێی حکوومەتن لە پارێزگاکان، بەڵام مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەندێ سەرکردەی دیکەی عێراقی، مالیکییان بەوە تۆمەتبار کردووە کە ئەو



ئەنجوومەنانە بۆ زۆرکردنی ژمارەی لایەنگرانی خۆی لەوناوچانە بەکاردێنێت، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەم دواییەیدا، بارزانی لە بارەی مالیکییەوە گوتی" مالیکی گەمە بە ئاگر دەکات".

جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق، کە ئەویش کوردە، لەم ماوەیەدا نامەیەکی بۆ مالیکی ڕەوانە کردبوو، لەو نامەیەدا تاڵەبانی ڕایگەیاندبوو کە ئەو پارەیەی لەو ئەنجوومەنانە خەرج دەکرێت، باشترە لە هێزەکانی سوپادا خەرج بکرێت.

هێزی پێشمەرگە، سەرەتا وەک میلیشیا دەستپێکرد و لەلایەن چەند بنەماڵەیەکی بەهێزەوە کۆنترۆڵ دەکرا، کاتێک سەدام لەسەر دەسەڵات بوو، ئەوان شەڕیان دژی دەکرد و لەساڵی 2003شەوە ناوچەکانی ژێر دەستی کورد کۆنترۆڵ دەکەن، بەڵام لە ساڵی 2004 ژمارەیەکیان ڕەوانەی شاری موسڵ کرا، بەمەبەستی دامرکاندنەوەی بارودۆخەکە و لە ساڵی 2007یش ڕەوانەی بەغدا کران، کەبەشێک بوو لە پلانەکەی ئەمەریکا بەمەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخی ئەو شارە.

بەڵام لەم ماوەیەی ڕابردوودا، حکوومەتی عێراق زۆر هێزی پێشمەرگەی لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بەکارنەهێناوە و لەجیاتی ئەوە چەند هەنگاوێکی ناوە کە بە سەربازی سوننە و شیعە جێگەی هێزی کوردی لە نەینەوا بگرێتەوە کە یەکێکە لە نائارامترین ناوچەکانی عێراق.

لەم ماوەیەدا کاربەدەستانی حکوومەتی ناوەندیی توورەبوون بەرامبەر پێشنیازێکی بارزانی دەربارەی ڕێگەدان بە کردنەوەی بنکەیەکی سەربازی ئەمەریکایی لە هەرێمی کوردستان و ڕایانگەیاند حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو دەسەڵاتەی نییە بڕیاری لەو شێوەیە دەربکات، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە بەرپرسانی عێراقی داوای کشانەوەی لەسەرخۆی سوپای ئەمەریکا دەکەن.

مەحموود عوسمان ئەندامی کوردی پەرلەمانی عێراق گوتی" ئاڵۆزییەکی زۆر لەئارادایە. مالیکی و حکوومەتەکەی، دەسەڵاتدارانی کوردی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دەستووریان پێشێلکردووە. کوردیش مالیکی بەوە تۆمەتبار دەکەن دەستوور پێشێلدەکات".

**لە ڕۆژنامەی The Washington Post ەوە**

#### وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستان:

## ئەگەر واشنتن پۆست ڕاست دەکات با گرێبەستەکە بڵاو بکاتەوە

ڕووداو-سلێمانی

جەبار یاوەر، وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستان و بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە لەسلێمانی، گەیشتنی سێ فڕۆکەی پڕ چەکی بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی ڕەتکردەوەو لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی" کڕینی چەک لە بولگاریا چیرۆکێکی دروستکراوە"،هەروەها گوتیشی "ئەگەر حکومەتی کوردستان نیازی هەبێت لەئایندەدا هەر گرێبەستێک بۆ کڕینی چەک واژۆ بکات لەڕێگەی حکومەتی عێراق و بەئاگاداری هێزەکانی فرەنەتەوە دەیکات".

وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستان لە درێژەی لێدوانەکەیدا چەند بەڵگەی هێنایەوە کە هیچ چەک و تەقەمەنییەکیان لەبولگاریا نەکڕیوە "سێ فڕۆکەی پڕ لەچەک بەئاسمانی عێراقدا بێن و بەسەر جۆرەها وڵاتدا تێپەڕن کێ قبوڵی دەکات، ئەوە لەیاسای فڕۆکەوانی نێودەوڵەتیدا ڕێگە پێنەدراوە، چۆن فڕۆکەیەک دەتوانێ بەبێ مۆڵەت بە چەک و تەقەمەنییەوە لەبولگاریاوە بێتە سلێمانی".

بەپێی لێدوانی وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستان، ئاسمانی عێراق بەدەست هێزە فرەڕەگەزەکانەوەیە و هەمیشە لەلایەن فڕۆکە ئەمریکییەکانەوە چاودێری دەکرێ و فڕۆکەخانەی سلێمانیش فڕۆکەخانەیەکی مەدەنییەو لەژێر چاودێری هێزە فرەڕەگەزەکاندایە "چۆن ئەمریکا قبوڵ دەکات سێ فڕۆکەی پڕ لەچەک و تەقەمەنی بێنە کوردستان".

جەبار یاوەر، وەک پەیامێک بۆ ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)، گوتی" ئەگەر ئەو ڕۆژنامەیە ڕاست دەکات، با گرێبەستەکە بڵاو بکاتەوە و، ناوی ئەو کۆمپانیایە بڵاوبکاتەوە کە چەکی بەکوردستان فرۆشتووە، با وێنەیەک بڵاو بکاتەوە".

# تێرمیناڵی فرۆکەخانە نوێیەکەی هەولێر 3 ملیۆن گەشتیار لەخۆ دەگرێ

**هاوار عەبدولڕەزاق**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی هەولێر ڕایگەیاند لەکۆتایی ئەمساڵ کاری بیناسازی فڕۆکەخانەی تازەی نێودەوڵەتیی هەولێر تەواو دەبێت و کارە هونەرییەکانیش ڕەنگە 6 مانگی دیکەیان پێبچێ. لەهەمانکاتدا ئەو هەواڵانەشی ڕەتکردەوە کە عەبدوڵڵا گیول، سەرۆک کۆماری تورکیا، فڕۆکەخانە تازەکەی هەولێر بکاتەوە.

ئەو فڕۆکەخانە تازەیەی هەولێر، کە بە یەکێک لە گەورەترین فڕۆکەخانەکانی جیهان دادەنرێت لە ڕووی ڕووبەرەوە، کە درێژییەکەی 4800 مەترەو پانییەکەشی 75 مەترە و، بڕی 300 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوەو، لەلایەن کۆمپانیای تورکی مەتیۆل جەنگیز دروستدەکرێ. دوای تەواو بوونی سەرجەم کارە هونەرییەکانی بەڕووی گەشتیاراندا دەکرێتەوە.

تاهیر هەورامی، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، وردەکاری و تایبەتمەندییەکانی فڕۆکەخانە تازەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کردن و گوتی" فڕۆکەخانەکە یەک تەرمیناڵی هەیە کە لە دوو نهۆم پێکهاتووە، بەڵام چوون و هاتنی لەیەکتر جیا کراوەتەوە، تەرمیناڵەکەش دووباڵی هەیە، باڵی ڕاست و باڵی چەپ، هەروەها 16 گەیتی تێدایە بۆ ڕۆیشتن، لەو 16 گەیتەش 6 خرتوومی تێدایە کە ڕاستەوخۆ تەرمیناڵ یان گەیتەکە بەناوفڕۆکەکە دەبەستێتەوە،گەشتیار کە دێت ڕاستەخۆ دێتە ناو تەرمیناڵ و کە دەچێت یەکسەر لەناو تەرمیناڵەوە دەچێتە ناو فڕۆکەکە".

بەڕێوەبەریفڕۆکەخانەینێودەوڵەتیهەولێر ئاماژەی بەوە دا، کە هەموو جۆرە فڕۆکەیەک توانای نیشتنەوەی هەیە لەو فڕۆکەخانەیە، بە فڕۆکە هەرە گەورەکانیشەوە"چونکە یەکێکە لەگەورەترین فڕۆکەخانەکانی جیهان و بەپێی ستانداردەکانی جیهانی دروستکراوە".

چەند پێوەرێک، لەلایەن ڕێکخراوی جیهانی فڕۆکەوانی شارستانی (ئایکال) دانراون، بۆ نێودەوڵەتی بوونی فڕۆکەخانەکان، تاهیر هەورامی لەو باوەڕەدایە، فڕۆکەخانە تازەکەی هەولێر سەرجەم ئەو پێوەرانەی تێدایە کە لەلایەن ڕێکخراوی ئایکالەوە دانراون بۆ بە نێودەوڵەتیبوونی فڕۆکەخانە "کە ئەوان پێناسەی نێودەوڵەتیان پێدای،ئیدی هەموو وڵاتان وەکو فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی دەیناسن و کاری لەگەڵ دەکەن"، دڵنیاشە کە ئەو ڕێکخراوە "لەدوای تەواوبوونی فڕۆکەخانەکە بەبێ گرفت مۆڵەتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی پێدەبەخشن". دانانی بەو فڕۆکەخانە تازەیەش وەک فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی، دەروازەکانی هاتووچۆیەکی ڕاستەوخۆی فراوان لەنێوان کوردستان جیهاندا دەکاتەوە، کە ئەوەش لە هەموو ڕوویێکەوە گرنگە بۆ کوردستان.

لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی ئێستای هەولێرەوە، گەشتی ئاسمانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێکی دیکەدا هەیە، لەوانەش ئوردن، سوریا، ئیمارات، تورکیا، یۆنان، نەمسا، ئەڵمانیا و سوید و هۆڵەندا. گوتیشی "ئێستا کار بۆ ئەوە دەکەین لەگەڵ وڵاتانی دیکەش گەشت ساز بکەین".

هەروەک تاهیر هەورامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەکارهێنانی ئەو فڕۆکەخانەیەی ئێستا هەر لە گەڵ کرانەوەی فڕۆکەخانە تازەکە دەوەستێ "ئەوکات چیتر کاری پێناکرێ و دەتوانرێت وەکو تەکسیوەیەک (تەنیا بۆ نیشتنەوەی ئیمێرجنسی)بەکار بێت".

لەماوەی ڕابردوودا هەواڵی ئەوە بڵاوبووەوە کە عەبدوڵڵا گیولی سەرۆکی تورکیا فڕۆکەخانە



### هەر کۆمپانیایەک گەشتی نێوان هەولێر و سلێمانی ڕێکبخات ئاسانکاری بۆ دەکەین

بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی هەولێر

تازەکەیهەولێردەکاتەوە، بەڵامتاهیرهەورامی لەو بارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" ئەوە تەنیا شتێکە لەمیدیاکان بڵاوکراوەتەوە، ئێمە لەو بارەیەوە هیچ شتێکمان پێنەگەیشتووە، دوای ئەوەش ئەمە پرۆژەیەکە حکوومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی دەکات، بۆیە لەکاتی کرانەوەشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار دەدات، کێ دەیکاتەوە".

تاهیرهەورامی ئاماژەی بەوەدا بەکردنەوەی ئەو فڕۆکەخانەیە ژمارەی گەشتە ئاسمانییەکان زیاد دەکات، ئەویش بەهۆی ئەو ئاسانکاریانەی کە لە فڕگە و تەرمیناڵی نوێ و تاوەری نوێ بۆ کۆمپانیاکان دەکرێت کە لەڕووی سەلامەتی و ئاسایشیشەوە ڕۆڵێکی سەرەکیان دەبێت، گوتیشی"لەو تەرمینالەی دروستکراوە حیسابی ئەوە کراوە کە ساڵانە سێ ملیۆن گەشتیار لەخۆبگرێ".

وێڕای بوونی چەند هێڵێکی ئاسمانی باش لەکوردستان لەوانەش هێڵی ئاسمانی کۆمپانیای ڕووگلەری نەمسایی، گەشتیاران ڕەخنە لە هەندێ هێڵی دیکە دەگرن، لەوانەش ئەو دوو کۆمپانیایەی لەنێوان هەولێرو سوێد کاریان دەکرد، تاهیر هەورامی لەو بارەیەوە گوتی "لەگەڵ چەند کۆمپانیایەک لەوتووێژداین کە لەئاست کۆمپانیا نەمساوییەکەن"، سەبارەت بەکۆمپانیا سویدییەکانیش گوتی "ئێستا ئەوان نەماون، کۆمپانیایەکی دیکە هەیە کە ڕاستەوخۆ لەنێوان ستۆکهۆڵم و هەولێردا کاردەکات. تا ئێستا ئێمە وەکو ئیدارەی فڕۆکەخانە گوێمان لەگلەیی و گازاندە نەبووە بەپێچەوانەوە، هاتووچۆیان بەڕێکوپێکییە و ڕاستەوخۆشە".

لەماوەی ڕابرووددا ئیدارەی فڕۆکەخانەی هەولێرئاگادارییەکی بڵاوکردەوە بۆ دامەزراندنی کارمەند بۆ فڕۆکەخانە تازەکە بەڕێگەی پڕکردنەوەی فۆڕم، بەڵام هەندێک کەس لەو باوەڕەدان ئەو فۆرمە تەنیا دیکۆرە.

سەبارەت بەچۆنیەتی دامەزراندنی کارمەند لەو فڕۆکەخانەیە، تاهیر هەورامی گوتی "لیژنەیەکی هونەری زۆر بێلایەنمان داناوە دوای کۆکردنەوەی داواکارییەکان لیژنەکە دادەنیشێت، هەڵیاندەسەنگێنێت، دوای هەڵبژاردنی کارمەندەکان دووبارە لەلایەن لیژنەیەکی دیکە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت، واتە هیچ شتێکی نائاسایی تێدا نییە".

ناو بەناو هەلیکۆپتەر بەسەر ئاسمانی کوردستان دەسوڕێنەوە، لەچەند ڕۆژی ڕابردووش دوو هەلیکۆپتەر لەسەر قەڵاوە بینران، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی هەولێر جولەی ئەو هەلیکۆپتەرانە لەئاسمانی کوردستان بەشتێکی ئاسایی دەبینێت "چونکە تا ئێستا ئاسمانی کوردستان و عێراق بەدەست هێزەکانی ئەمریکاوەیە، کەی ئەوان کارەکانیان تەواو بوو ئاسمانیش تەسلیم بەعێراق دەکرێتەوە".

یەکێکلەوگلەییانەیلەهێڵە ئاسمانییەکانی کوردستاندەکرێ، گرانی نرخی بلیتی فڕۆکەیە، سەبارەت بەهەوڵی ئیدارەی فڕۆکەخانەکە بۆ هەرزانکردنی نرخ، تاهیر هەورامی دەڵێت "دانانی نرخ لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییە، بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین ژمارەی کۆمپانیاکان زیاد ببن، کە ژمارەی کۆمپانیاکانیش زیاد بوو کێبڕکێ دروستدەبێ، لەو کێبڕکێیەش گەشتیاران سوودمەند دەبن".

دەنگۆی ئەوە هەیە لەماوەی داهاتوودا گەشتی فڕۆکەوانی نێوان هەولێر و سلێمانی بکرێتەوە، تاهیر هەورامی لەو بارەیەوە گوتی "چەندین لایەن هاتوون بۆ کارێکی وەها، ئێمە پێمان خۆشە، کە کۆمپانیا بێن گەشتی نێوان هەولێر و سلێمانی ڕێکبخەن و ئاسانکاریشیان بۆ دەکەین".



فڕگەی نێودەوڵەتی هەولێر

(فۆتۆ: ڕووداو)



# کوردستانی

**ئۆجەلان وەڵامی بێشکچی دەداتەوە**

ڕووداو-فورات نیوز

◆ ڕێبەری زیندانیکراوی PKKعەبدوڵا ئۆجەلان بەتووندی وەڵامی ڕەخنەکانی کۆمەڵناسی بە ناووبانگی تورک ئیسماعیل بێشکچی دایەوە کە گووتبووی "ئۆجەلان دژی دەولەتبوونەو ڕەخنەش لـە دەولەتی تورکیا ناگرێ". لەچاوپێکەوتنی لەگەڵ پارێزەرانیدا ئۆجەلان گوتی "" ئایا ئیسماعیل بێشکچی هەڵوێستی من بەرامبەر بە دەوڵەت نازانێ؟ بۆچی بەم شێوەیە قسە دەکات؟ ئەگەر کورد لەباشوور ببێتە خاوەن دەوڵەت ئازاد دەبن؟ نەخێر. چونکە ئەمەریکا لەسەر هەموو شتێک باڵادەستە".

# HAKPAR خۆی بە ئەلتەرناتیڤی AKP وDTP دادەنێ لە باکووری کوردستان

**ڕووداو-ئامەد**

حیزبی مـــاف و ئازادییەکان HAKPAR، لـــە 2002/2/11 دامەزراوەو داوای فیدرالی بۆ باکووری کوردستـــــان دەکات، بڕیاریداوە بـــۆ یەکەمجـــار بەشــــداریی هەڵبژاردنـــی شارەوانییەکان بکات کە لە 2009/3/29 لە تورکیا و باکووری کوردستـــــان سازدەکرێن. بایـــرام بۆزیەل ســـــکرتێری HAKPAR بە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـــد کـــە حیزبـــی دادو گەشەپێدان AKP بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغـــان، وەک هەڵبژاردنی ڕابردوو دەنگـــی زۆر لـــە باکـــووری کوردســـتان ناهێنـــێ و ئەوانەی لە دەنگـــدان بە AKP پەشیمان بوونەتەوە، لە حیزبی کۆمەڵگەی دیموکراتـــیDTP بەســـەرۆکایەتی ئەحمەد تورکیـــش ناڕازین " ئـــەو دەنگانە بۆ ئێمە دێن".

HAKPAR کۆنگـــرەی دامەزراندنـــی لە ساڵی 2002 سازکرد و کۆنگرەی یەکەم لە ســـاڵی 2004 و کۆنگرەی دووەم لە ساڵی 2006، لەو کۆنگرانەدا عەبدولمەلیک فرات بە سکرتێری حیزبەکە هەڵبژێردرا و لە کۆنگرەی سێیەمیشدا کە مانگی ڕابردوو بەسترا بایرام بۆزیەل بە سکرتێر هەڵبژێردرا. HAKPAR کە بڕیاری بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنەکان داوە، ســـکرتێرەکەی دەڵـــێ "هیوادارین لە هەڵبژاردنی داهاتوو تابلۆی سیاســـی کورد بگۆڕێـــت و HAKPAR وەکـــو ئەکتەرێکی بەهێز بێتە مەیدان".

ئـــەوان لە کۆنگرەی دواییـــدا ناچاربوون بە تورکی قســـە بکـــەن وەک پێڕەوکردنی یاســـای حیزبەکانی تورکیا، کە ڕێگە نادات جگە لە زمانـــی تورکی هیچ زمانێکی دیکە لە هەڵمەتەکانی هەڵبـــژاردن و کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا بەکاربهێندرێ. بەڵام ئەوان و DTP زۆرجار ئەو یاســـایە دەشـــکێنن. دوای ئەوەی، ئـــەو و عەبدولمەلیک فرات و جێگرەکەی بەهۆی چاپکردنی داوەتنامەی کۆنگـــرەی یەکەم بە کـــوردی و تورکی و ناردنی بۆ سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران، لەلایەن دادگای تورکیاوە ســـزادران "بەڵام ئێمە پێمانوایە بەکارهێنان و قسەکردن بە زمانی کـــوردی ئەگەر بە گوێرەی یاســـای تورکیاش یاسایی نەبێت، مافێکی ڕەوایە و سەرەڕای ئاستەنگ و سزا دان بەکاری دێنین و، لە یەکەمین کۆبوونـــەوەی ئەنجوومەنی HAKPAR دوای کۆنگرەی سێیەم بڕیارماندا لەمەولا ئێمە هەموو بڵاوکراوەکانمان بەکوردی و تورکی بەچاپ بکەین".

HAKPAR لە پرۆگرامەکەیدا داوا دەکات کێشـــەی باکووری کوردســـتان بە شێوەی دیموکراتی چارەسەر بکرێت، بۆزیەل دەڵێ "تورکیا وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، لە جیهان دا سیستەمی فیدرالیزم شێوازی دەسەڵاتداریی هەرە گونجـــاوە بۆ وڵاتە فرە نەتەوەکان و، لە زۆر وڵاتی جیهان تاقیکراوەتەوە، لە دوو لەسەر سێی جیهان پەیڕەو دەکرێت".



**بایرام بۆزیەل**

-لەســـاڵی 1960 لـــە ناوچـــەی لجێی ســـەر بە ئامـــەد (دیاربەکر) لەدایکبووە.
-کۆلیـــژی ئابـــووری لەزانکـــۆی ئیستەنبول تەواوکردووە.
-لەســـاڵی 1982تاوەکـــو 1987 لەســـەر کاری سیاســـی لە تورکیا زیندانیکراوە.
-دووپەرتووکی هەیە، کە یەکێکیان لەسەر زیندانی ئامەدە و پێنج جار چاپکراوەتەوە.

ســـکرتێری HAKPAR، شـــێوەی ئەو فیدرالییـــە ڕووندەکاتەوە کە ئـــەوان داوای دەکەن و دەڵێ "ئێمە داوادەکەین سنووری کوردســـتان لە چوارچێوەی تورکیادا دیاری بکرێـــت، پەرلەمانێکـــی فیدراڵی هەبێت لە کوردستان بۆ کارە نێوخۆییەکانی هەرێمەکە و کارە گشـــتییەکانی تورکیاش لە ڕێگەی پەرلەمانی ئەنقەرەوە بەڕێوەبچن".

بایرام بۆزیەل، ڕابردووی پێش دروستبوونی حیزبەکەیان بەبیر دێنێتەوەو دەڵێ باکووری کوردستان لەســـاڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لـــە نێو بزووتنەوەیەکی سیاســـی بەهێزی حیزبە کوردستانییەکانی باکووری کوردســـتاندابوو، لە کۆتایـــی حەفتاکاندا لەساڵی 1978 پارتی کرێکارانی کوردستان PKK دامەزرا، دوای کودەتای ســـەربازیی 12ئەیلولی 1980 کۆتایـــی بەو بزووتنەوە مەدەنییە سیاسیەی کورد هات، لەبەرئەوەی حیزبە کوردییـــەکان پەراگەندەبوون " ئەم ڕووداوە هێڵـــی دیموکراتیانـــەی کـــوردی ڕووبەڕووی بنبەســـت کردەوەو،ســـوپاش کاردانەوەیەکـــی توندی بەرامبـــەر کورد نواند، ئەوەش کاردانەوەیەکی توندی لەلای لاوانی کورد دروســـتکرد و بەڕای من PKK زۆر بەباشی توانی ســـوود لەو کاردانەوەیە وەربگرێت و لەساڵی 1984 شەڕی چەکداری ڕاگەیاند .بەوشـــێوەیە لەو سەردەمدا PKK کاریگەری لەسەربزووتنەوەی کورد لەباکووری کوردستان کرد". دوای هاتنە سەرکاری حیزبی ڕێگای ڕاست DYP بەسەرۆکایەتی تۆرگۆت ئـــۆزال و دواتریش بەرپابوونـــی ڕاپەڕینی 1991 لە باشـــووری کوردستان گۆڕانێک لە تورکیا دروســـتبوو، کە بۆزیەل بە قۆناخی " نەرمبوون بەرامبەر کورد" وەسفیدەکات،" بەمشێوەیە خەباتی سیاسی کورد لە تورکیا و باکووری کوردستان بە دامەزراندنی یەکەم پارتی کوردی بەنـــاوی حیزبی ڕەنجی گەل HEP دەســـتیپێکرد، کە لایەنگرانی PKK و لایەنـــە سیاســـییەکانی دیکـــەی کورد بەشدارییان تێداکرد و توانی 90%ی دەنگی دەنگدەرانی کورد بەدەستبێنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی حیزبەکە لەلایەن PKK کۆنترۆڵ کرا، هێزە دیموکراتییەکانـــی دیکەی کورد لێی کشانەوە".

HEP کـــە بە هاوپەیمانیکـــردن لەگەڵ حیزبی سۆسیال دیموکرات بەسەرۆکایەتی ئەردال ئینونو، توانی 9 پەرلەمانتار لە سەر بنچینـــەی کوردبوون بگەیێنێتە پەرلەمانی تورکیا، بەڵام دواتر بەهۆی سوێندخواردنی لەیلا زانـــا و هەڤاڵەکانی بە زمانی کوردی و ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانەوە، لەساڵی 1993 ئـــەو 6 پەرلەمانتاری دیکەی HEP کەوتنـــە زیندان و بە 15 ســـاڵ حوکمدران و ئەوانیدیکـــەش لە تورکیا ڕایانکرد. دوای ئەوەی HEP داخـــرا، زنجیرەی ئەو حیزبە بەردەوامبوو کە ئێستا خۆی لە بزووتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP دا دەبینێتەوەو توانـــی لـــە هەڵبژاردنەکانی ڕابـــردوو 52 شارەوانی بەدەســـتبێنێ و 22 ئەندامیش بگەیێنێتە پەرلەمان .بـــەڵام ئەو حیزبە بە لایەنگری PKK دادەنرێ.

بایرام بۆزیەل ســـکرتێری HAKPAR، دەڵێ دوای ئەو گۆڕانەی دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵلا ئوجەلانی سەرۆکی PKKدروستبوو، کە داواکانی PKK لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردســـتانەوە هاتنە خـــوارەوە بۆ مافی کلتوری و دیموکراتی، خەڵک لە لایەنگیری کردنی ئەو هێڵە سیاسییە ساردبووەوە بەو شـــێوەیە زەمینەی دروستبوونی پارتەکەی ئـــەوان HAKPAR دروســـتبوو.بۆزەیەل دەڵێ پارتی سۆسیالیســـتی کوردســـتان PSK و بزووتنـــەوەی نەتەوەییەکانـــی کوردســـتان KUK و پارتی کاوەو ڕزگاری و پارتی دیموکراتی کوردســـتان — باکوور بەشـــدارییان لە دامەزراندنی HAKPARدا کردووە . هەرچەندە دەگوترێ لە کۆنگرەی ســـێیەمدا PDK-باکوور لێی کشاوەتەوە، بەڵام بۆزەیەل ئـــەوە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ " PDK-باکوور بە گشتی لەسەرەتاشدا بە گرانی بەشـــداری لـــە HAKPARدا نەکرد، بەڵام لە هەندێ شاردا ئەوان بەرپرسانی لقی حیزبەکەمانن و ئێستاش بەردەوامن".

لەهەمانکاتـــدا ئەوەی ڕەتکـــردەوە، کە HAKPAR باڵی سیاســـی یاســـایی PSK بێـــت و گوتی "بەگشـــتی جگـــە لە PKK لایەنگرانی هەمـــوو پارتەکانی دیکە لە خۆ دەگرێت" حیزبەکەمان وەکو حیزبێکی لیبرال و فرە ڕەنگ و فرە دەنگ دەبینین. هەروەها حیزبێکی نەتەوەیی و دیموکراتییە".

HAKPAR، بڕیاریـــداوە بـــۆ یەکەمجار بەشـــداریی هەڵبژاردنـــەکان بـــکات، سکرتێرەکەیشـــی دەڵێ " ئێمە نەک تەنیا سـوپای تورکیا دا بۆ هێرشـــی دەرەوەی ســـنوور، واتە هێرشـــکردنە نـــاو هەرێمی کوردســـتان، جگە لە پەرلەمانتارانیDTP هەموو ئەندامانی دیکەی پەرلەمان دەستی ڕەزامەندییان بۆ بەرزکردەوە. ئەم هەڵوێستە و پێشکێشـــنەکردنی هیچ چارەســـەرێکی

## ئەمجارە کورد دەنگ بە AKP نادەن

بایرام بوزیەل سەرۆکی HAKPAR

بۆ بەشداریکردن،بەڵکو بۆ بردنەوە بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا دەکەیـــن و هەوڵدەدەین کاندید لە سەرتاسەری باکووری کوردستان دابنێین"، کـــە ناوەکانیان لە مانگی یەکی ساڵی داهاتوو ئاشکرادەکەن.

ســـکرتێری HAKPAR، پێشـــبینی بردنـــەوەی چەند شـــارەوانییەک دەکات، ئەویـــش بەهۆی "کۆمەڵگـــەی کوردی لەو دوو ســـاڵەی دواییدا زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەوانەی لەمەوبەر پشـــتگیریان لە DTP دەکرد، ئێســـتا زۆر بێـــزاری خۆیان لێـــی دەردەبڕن، هەروەها کورد بە زۆری لە هەڵبژاردنی ڕابـــردوودا دەنگی بە AKP دا، بـــەڵام ئەمجارە دەنگی پێنـــادەن، ئەوەش دەرفەتێکە بۆ HAKPAR ".

لە هەڵبژاردنە پێش وەختەکانی پەرلەمانی تورکیادا لەســـاڵی 2005 دا، AKP زۆربەی دەنگەکانی کوردی برد، بۆزەیەل هۆی ئەو دەنگ بردنەی AKP لە باکووری کوردستان دەگەڕێنێتـــەوە بـــۆ بەهیوابوونی ئەوکاتی خەڵکی باکووری کوردســـتان بە AKP "کە قۆناغی دیموکراتیزەبوون دەست پێبکات، پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردستانی عێراق باش بـــکات، هەنگاو بەرەو چارەســـەری کێشەی کورد بهاوێژێت، بەڵام AKPئەوەی نەکـــرد و خـــۆی لە ســـوپا نزیکدەکاتەوە و بـــەرەو شـــوڤێنزم هەنـــگاو دەنێـــت"، لەوبارەشـــەوە لێدوانە هەڕەشـــەدارەکەی ئەردۆغان لە کاتی گەشتەکەیدا لە باکووری کوردســـتاندا، لەکاتی سەردانی جۆلەمێرگ (هەکاری) گوتی"ئـــەوەی حەز لەو وڵاتە و ئاڵاکەی ناکات، با بفەرمووێت بڕوات و بچێتە ئەو جێگەیەی پێیخۆشە".

ئەو لێدوانە کە لەلایەن هەندێ ڕۆژنامەڤانی نێوداری تورکیاشەوە بە "لێدوانێکی فاشی و نازییانە" وەســـفکرا، هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونـــەوەی ڕاپۆرتێکی یەکێتی ئەورووپا لەبـــارەی تورکیا، کەتێیـــدا هاتووە ڕێژەی لایەنگرانی AKP ڕووی لە دابەزین کردووە.

هەرچەنـــدە 75 ئەنـــدام پەرلەمانـــی AKP بـــە ڕەچەلـــەک کوردن، بـــەڵام لە مانگی تشـــرینی یەکەمـــی 2007 کاتێک پەرلەمانـــی تورکیا بڕیـــاری مۆڵەتدان بە سوپای تورکیا ... ئاشـــتیانە و سیاســـیانە بۆ کێشەی کورد و زیاتربوونی هێرشـــی توندڕەوانی تورک بۆ ســـەر مـــاڵ و دوکان و قوتابیانی کورد لەشارەکانی تورکیا، لایەنگیری AKPی لە نێو کورد دا لاوازکردووە.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو هۆکارانە، بایـــرام بۆزیەل دەڵـــێ "دڵنیاین، AKP لە کوردســـتان وەکـــو جاری پێشـــوو دەنگ ناهێنێ، بەڵام ئەمە بەو مانایەش نییە کە ئەو دەنگانە بۆ DTP دەچن، چونکە گەل گلەیی لە DTPش هەیە، لەبەر ئەوەش ناونیشانی هەرە ڕاستەقینە بەگوێرەی ویژدانی میللەت HAKPARە. بەدەستهێنانی ئەو دەنگانەش لەلایەن ئێمەوە پەیوەست دەبێ بەو کارەی HAKPAR لەو پێناوەدا دەیکات ".

هەنـــدێ لە چاودێـــران پێیانوایە، AKP بـــۆ جارێکیتر بەرزکردنـــەوەی لایەنگیریی خۆی لە نێو کوردانی باکووری کوردستان، نەرمبوونێکـــی زیاتـــر بەرامبـــەر هەرێمی کوردستان نیشاندەدات تا کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و لەو پێوەندییەش دا داوای لێدوانی پۆزەتیڤ لە سەرکردەکانی باشووری کوردســـتان دەکات لەبـــارەی خۆیـــەوە. کە ئـــەوەش بـــە زیانی حیزبـــە کوردییە بەشدارەکانی هەڵبژاردنDTP وHAKPAR دەبێ.

بایـــرام بۆزیـــەل دەڵـــێ " حیزبەکانی باشووری کوردستان باوەڕناکەم AKP وەک ئەلتەرناتیڤێکی باشتر بۆ کورد نیشانبدەن، بەڵکو وەک باشـــترین حیزبـــی تورکیا بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری نیشانیدەدەن، ئێمەش دەمانەوێ AKP لەسەر هێڵی دیموکراتی و ئەنجامدانی گۆڕانکاری بڕوات، چونکە ئەگەر AKP لـــە تورکیا لاواز ببێت ئێمە ناتوانین ئەو بۆشـــایە پڕ بکەینەوە، بەڵکو ئەوســـا CHP یان MHP ئەو بۆشایە پڕ دەکاتەوە، ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیر بکەین، ئێمەش ناخوازین AKP لاواز ببێت".

بایرام بۆزیـــەل، دەڵێ ئامادەکارییەکانی ئـــەوان بە کـــرەدەوە بەردەوامن بۆ ئەوەی HAKPAR سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن بـــکات " بـــەڵام وەک بنەمـــا لایەنگیـــری هاوپەیمانی کردن و ئیئتیلافین".



چەند هاوڵاتییەکی ئامەد لە چایخانەیەکدا دانیشتوون

(فۆتۆ: picasa)

## کوفی ئەنانی باکووری کوردستان

# تا ئێستا 500 کێشەی عەشایەری لە دیاربەکر چارەسەرکردووە

**نیکۆلاس بریک**

**دیاریەکر- تورکیا**

کێشەکەی ئیبراهیم تەکین، لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە هاوڕێیەکی سێ بازنی زێڕی هاوسەرەکەی پێدا بۆ ئەوەی کاری چێشتخانە ئیفلاسەکەی پێ بەرز بکاتەوە، دوای دوو ڕۆژ، بنەماڵـــەی هاوســـەری هاوڕێکەی هاتنە ســـەر ئیبراهیم و داوای سێ بازنەکەیان کردەوە، لەبەرئەوەی ئەو بازنانە بەشـــێکە لەشیربایی ماڵی زاوا بۆ ماڵی بـــووک. ئیبراهیمیـــش نەیدەتوانی بیانداتەوە، لەبەرئەوەی لەبری قەرزی پارە دایینابوو، ئەوەش بووە هۆی دروستکردنی دەمەقاڵێ و شەڕ و، ئیبراهیم چەقۆیەکی لەسەر دڵی یەکێک لە هاوکارەکانی دا.

شەڕووئاژاوە دەستی پێکرد وئیبراهیمیش وەک هـــەزاران کوردی دیکـــە پێش ئەو، بانگی ئەو پیاوەی کـــرد کە خەڵکی ئەو شـــارە بە "کوفی ئەنانی دیاربەکر" ناوی دەبەن. سەعید سانلی، تەمەن 65 ساڵ، کە وەختی خۆی قەســـاب بوو، لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 500 کێشـــەی عەشایەری لەو ناوچەیە چارەسەرکردووە.

لەم بارەوە سانلی کە لە ژوورێکدا لە بەشە کۆنەکەی شاری دیاربەکر دانیشتبوو، گوتی " خوێنێکی زۆر ڕژاوە لەسەر کێشەی زۆر بچووک، شـــەڕ و ئاژاوە وەکو مارە، بەبێ هیچ هۆکارێک گاز دەگرن".

دوای مانگێکـــی خوێنـــاوی لەنێـــوان چەکدارانی PKK و سوپای تورکیا، زۆربەی ئەو پیاوانەی لەو ژوورەدا دانیشـــتبوون، پێیانوابوو تورکیا کارێکـــی باش دەکات ئەگەر لاسایی "زمانە لووسەکەی" سانلی بکاتەوە.

دوای ئـــەوەی داوای لێکـــرا، ئـــەو ســـەرکەوتنانەی ڕوون بکاتەوە، ســـانلی تەنانەت منداڵیش".

ئەو نموونەی کێشەیەک دێنێتەوە کە لە ساڵی 2002 چارەسەری کرد. ئافرەتێکی دیاربەکـــری، دوای ئـــەوەی مێردەکـــەی کوژرا، لەو شارە نەما و ڕووی کردە شاری ئەنتالیا. بۆ ماوەی 15 ساڵی داهاتوو، ئەو ئافرەتە بەردەوام قاپ و کەوچکێکی زیادی لەسەر مێزی نانخواردنەکە دادەنا، ئەمەش بەپێکەنینەوە گوتی" بەدڵنیاییەوە، بەهۆی جوانییەکەمەوە نییە". سانلی ئەوەندە باڵا بەرز نییە و پشتشی هەندێک چەماوەیە و بەردەوامیش وەکو جگەرەکێشێکی کۆن، دەکۆکێـــت، هەروەها ناوبـــراو گوتی" لەم ناوچانەی خۆمان دەڵێـــن، زمانی لووس دەتوانـــێ ماریش لە کون بێنێتە دەرەوە. دەســـت ماچ دەکەم، تـــووڕە دەبم، هاوار دەکەم، هەندێ جار دەگریێم، بەڵام لەسەروو هەموویانەوە، گوێ لە هەموو کەسێکیش دەگـــرم،



سەعید سانلی

بۆ ئـــەوەی بـــەردەوام بیـــری کوڕەکانی بێنێتـــەوە کە تۆڵەی باوکیـــان بکەنەوە. ســـانلی گوتی "ئافرەتەکە پێیوابوو ماڵە خەزوورانـــی، بەهۆی ئـــەوەی کوڕەکەیان کـــوژراوە، تۆڵەی کوشـــتنی مێردەکەی لەو دەکەنەوە، ئافرەتەکەش دەیویســـت تۆڵەی کوشتنی مێردەکەی لە خانەوادەی بکوژەکە بکاتەوە. بۆ ڕێگەگرتن لەو تۆڵە ســـەندنەوەیە، ئەوان ڕازیبوون بڕێک پارە لەبری خوێنەکە بدەن".

ڕۆژێک دوای ئەوەی سانلی بە ئافرەتەکە ڕادەگەیێنێت کە بنەماڵەکـــە دەیانەوێت لەبڕی خوێنڕشتنەکە بڕی 15 هەزار دۆلار بدەن. ئافرەتەکە تەلەفۆن بۆ سانلی دەکات و پێی ڕادەگەیێنێت کە لەوەتی مێردەکەی کوژراوە، ئەوە یەکەم شەوە بەبێ دوودڵی خەوتووە.

لـــە کەیســـی ئیبراهیـــم تەکینیـــش، جادووگەریەکەی ئەو پیاوە کاری کرد، لەم ماوەیـــەدا خانەوادەی هەردوو لا بەیەکەوە لەگەڵ سانلی لەسەر یەک سفرە دانیشتن و کەشـــوهەواکە ئارام بـــوو، گەنجەکان بەردەوام سەریان با دەدا، بەڵام بڕی پارەی خوێنڕشـــتنەکە وادیار بوو لـــە داواکاری خانەوادە کوژراوەکە نێزک بوو.

لـــەم بارەوە بایـــرام گوجلو کەپیاوێکی بەتەمەنـــی گوندەکەی ســـانلییە گوتی" سەعید سانلی تاجی سەرمانە، ئەو زمانی دانوستاندنی فێر کردووین".

**لە ڕۆژنامەی (Independent)ی بەریتانییەوە**

**و: هاوار عەبدولڕەزاق**

# کاروباری سیاسی



وەفیق سامەڕایی:
## ستەم لەسەر ئەندامانی بەعس هەڵگرن

رووداو - الشرق الاوسط

◆ وەفیق سامەڕایی، بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری سەربازی سەردەمی سەدام، لە وتارێکدا لەرۆژنامەی (الشرق الاوسط) رەخنە لەحکومەتی عێراق دەگرێ کە رێگەی گەڕانەوە سەر کاری بەرپرسانی حیزبی بەعس نادات و دەڵێت "حیزبی بەعس بەهێزترین حیزب بووە بە درێژایی مێژووی عێراق"، ناوبراو کە لە نێوەڕاستی نەوەتەکاندا بەرەو کوردستان رایکرد، لەبەشێکی دیکەی وتارەکەیدا دەڵێت "بەعسییەکانیش توانایان هەیە لەگەڵ رەوشی تازەدا بژین، بۆیە پێویستە کۆت و ستەم لەسەر بنکەی جەماوەری ئەو حیزبە هەڵبگیرێ".

## لایەنێکی ئەندامی بەرەی تورکمانی داوای مۆڵەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات

# "بەرەی تورکمانی بووەتە حیزب"



کەنعان شاکر ئاغالی، سەرۆکی بزووتنەوەی تورکمانە بێلایەنەکانی عێراق (فۆتۆ:رووداو)

**رووداو-هەولێر**

سەرۆکی بزووتنەوەی تورکمانە بێلایەنەکانی عێراق رایگەیاند کە بەرەی تورکمانی ئێستا زیاتر بووەتە حیزب لەوەی بەرە بێت.

کەنعان شاکر عوزێر ئاغالی، سەرۆکی بزووتنەوەی تورکمانە بێلایەنەکانی عێراق لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) نکوڵی لەوە نەکرد کە ئەوان هێشتا بەتەواوی لە بەرەی تورکمانی نەکشاونەتەوە، بەڵام لە زۆر سیاسەتی بەرە رازی نین بەتایبەتی سیاسەتەکەی بەرامبەر دەسەڵاتی کوردستان " ئێمە وەکو بزووتنەوەی تورکمانە بێلایەنەکانی عێراق باڵانسی بەرەی تورکمانیمان راگرت و، بیروڕای توندمان نەبووە بەرامبەر کوردستان وشانازیش بەو هەڵوێستەمانەوە دەکەین ".

بەرەی تورکمانی ساڵی 1995 بەهاوکاری تورکیا دامەزراو، لە 5 حیزب ولایەنی تورکمانی پێکهاتووە و سیاسەتێکی توندی بەرامبەر هەرێمی کوردستان هەیە ودان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نانێت وبە (باکووری عێراق) ناوی هەرێمی کوردستان دەبا، تا ئێستا پێنج کۆنگرەی بەستووەو زوو زوو سەرۆکەکانی دەگۆڕێ و چەندین جاریش تووشی دابەشبوون بووە.

کەنعان شاکر ئاماژەی بەوەدا، لە دوای کۆنگرەی پێنجەم کە لە مانگی حوزەیرانی 2008 لە شاری کەرکووک بەسترا بەرەی تورکمانی بووەتە حیزب" لە دوا کۆنگرە کە ئەمساڵ بەسترا، بەرەی تورکمانی خۆی کردە حیزبێک، پێشان چەترێکبوو لە ژێر ئەو چەترە چوار پێنج حیزب هەبوون و بەیەکەوە کاریان دەکرد، بەڵام بەرەی تورکمانی خۆی کردە حیزبێک و حیزبەکانی دیکەیش سەربەخۆیی زیاتریان وەرگرت".

سەرۆکی بزووتنەوەی تورکمانە بێلایەنەکانی عێراق، کە خەڵکی شاری هەولێرە و بارەگای سەرەکی بزووتنەکەشی لە هەولێرە، روونیکردەوە کە ئەوان لە ساڵی 2003 ەوە پرۆژەیەکی چاکسازییان پێشکێشی سەرکردایەتی بەرەی تورکمانی کردووە بۆئەوەی لە هەر ناوچەیەکی عێراق سیاسەتێکی تایبەتی پەیڕەو بکەن، بەڵام هیچ وەڵامێکی ئەرێنی وپۆزەتیڤی پرۆژەکەیان وەرنەگرتووەتەوە" لە کۆنگرەی سێیەمین و چوارەمینی بەرە لە 2003 و 2005، پرۆژەیەکمان پێشکێش کرد، کەلە هەر ناوچەیەک سیاسەتێکمان هەبێت، لە کوردستان داوامان کرد بۆ پێکەوەژیان سیاسەتێک بەکار بێنین، لە موسڵ و تەلەعفەر سیاسەتێکی دیکە بەکار بێنین، لە کەرکووک کە زۆربەی تورکمان لەوێن لەوێش سیاسەتێکمان هەبێت، لە بەغدا کە پایتەختی عێراقە سیاسەتێکی دیکەمان هەبێت، بەڵام هەموو ئەو سیاسەتانەش لە چوارچێوەی دەستبەردارنەبوون لە پرەنسیبە نەتەوەییەکانمان بێت، واتە بەبێ ئەوەی خۆمان بدۆڕێنین پێکەوەژیان و مرۆڤ دۆستی و رێزلەیەکتر گرتن لەبەرچاو بگرین، بەڵام بەداخەوە ئەو پرۆژەیەمان لە کۆنگرەی دواییش بەهەمان شێوە سەرینەگرت".

هەرچەندە پەیوەندی بزووتنەوەی تورکمانە بێلایەنەکانی عێراق، لەگەڵ بەرەی تورکمانی بە تەواوی نەپچڕاوە، بەڵام وەک سەرۆکی بزووتنەوەکە ئاماژەی پێدا پەیوەندییەکەیان درزی تێکەوتووە " ئەو چوارچێوەیەی ئێمەی بەبەرەی تورکمانی دەبەستەوە نالێم پچڕا، بەڵام لایەکی کراوە، بەمەش دەرفەت هاتە پێشەوە کە ئەو سیاسەتەی قەناعەتمان پێیەتی جێبەجێی بکەین، ئەوەبوو دەرگامان لەگەڵ برادەرانی پارتی و یەکێتی کردەوە، چاوپێکەوتنمان لەگەڵیان کرد، بۆ مۆڵەت وەرگرتن وەزارەتی ناوخۆمان بەسەر کردەوە، بۆ ئەوەی مۆڵەتی کاری سیاسیمان پێبدەن، ئێستا چاوەڕوانی مۆڵەتین".

ئەو داواکردنی مۆڵەتە لەکاتێکدایە، کە بەرەی تورکمانی لەکاتی دامەزرانییەوە کە بنکەی سەرەکی تاوەکو رووخانی رژێمی سەدام لە هەولێر ئامادەنەبوو داوای مۆڵەت لە حکومەت بکات، بۆخۆی و دەزگاکانی و وەک حکومەتێکی سەربەخۆ لەرووی ئیداری و پەروەردەییەوە کاری دەکرد.

کەنعان شاکر رەخنەی لەو سیاسەتەی بەرەی تورکمانی گرت کە دان بە هەرێمی کوردستان نانێت وهەر بە" باکووری عێراق" ناوی دەهێنێ و گوتیشی سەددام حوسێن بەو هەموو دیکتاتۆریەتەی خۆی دانی بە هەرێمی کوردستان نابوو، دەستووری ئێستای عێراقیش دان بە هەرێمی کوردستان دەنێت " ئەو خاکەی ئێمە ئێستا لەسەری دەژین هەرێمی کوردستانەو ئێمە وەکو بزووتنەوەی بێلایەنی تورکمانەکان قەناعەتمان وایە لەسەرئەوجوگرافیایە ژیان بەسەردەبەین و چارەنووسمان بەیەکەوەیەو، پێویستە بەخۆشی و لێکتێگەیشتن بژین".

وەک سەرۆکی بزووتنەوەی تورکمانە بێلایەنەکانی عێراق باسیکرد تا ئێستا بەرەی تورکمانی هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر بڕیاری ئەوان لەمەڕ پەیوەندیبەستن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرنەبڕیوە، چونکە وەک سەرۆکی بزووتنەوەکە ئاماژەی پێدا، بەرەش ئێستا وەک ئەوان حیزبێکە وبزووتنەوەکەی ئەوان تەنها لە ئەنجوومەنی تورکمانی پەیوەندییان لەگەڵ بەرە ماوە.

کەنعان شاکر نکوڵی لەوەنەکرد کە ئێستا گرژی نێوان لایەنە کوردییەکان وبەرەی تورکمانی بەرەو خاوبوونەوە دەچێت، هەنگاوی نزیکبوونەوەی بزووتنەوەکەیان لە هێزە کوردییەکان بە ئاماژەیەک دانا بۆ ئەم خاوبوونەوەیە، بەڵام رەتیکردەوە ئەم هێوربوونەوەیە هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە هەبێت کە دۆسیەی بەرەی تورکمانی لە تورکیا ئێستا لەدەستی میت و سوپاوە کەوتووەتە دەست وەزارەتی دەرەوەی تورکیا.

سەرۆکی بزووتنەوەی تورکمانە بێلایەنەکانی عێراق ئاماژەی بەوەدا ئەگەر لە کوردستان تورکمان بەتەواوی وەک نەتەوەی دووەم مافی پێدرابووایە رەنگبوو ئەوە ببێتە هاندەرێک بۆ تورکمانەکانی کەرکووکیش کە بە توندی داوای گەڕانەوەی کەرکووکیان بۆسەر هەرێمی کوردستان بکردابا" ئەگەر لە ئەزموونی کوردستان بە دووەمین نەتەوە هەژمار کرابایەن و مافەکانمان دەستەبەرکرابان ئەمە بۆ تورکمانەکانی کەرکووک دەبووە هاندەرێک و دەیانگووت ئێمە لە کوردستان مافەکانمان زیاترن، بەڵام ئێستا لەکۆی 43 وەزیر،وەزیر و نیوێکمان هەیە، خوا لێیخۆشبێت وەزیر هەرێمەکەشمان کۆچی دوایی کرد وئێستا تەنها وەزیرێکمان هەیە، لە 111 پەرلەمانتار تەنها 4 پەرلەمانتارمان هەیە".

# "پەیوەندی بەستنی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو تورکیاش بەسوودە"



سەربازێکی کورد لەپردی پێشخابوو دەپەڕێتەوە

**رووداو-هەولێر**

کردنەوەی دەروازەکان و بەستنی پەیوەندی لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، مشتومڕی گەورەی لەگەڵ خۆی هێنا، هەندێکیان بە"ستراتیژی "و هەندێکی دیکەش بە "کاتی و تەکتیکی" و بێ بەرهەم لەقەڵەمی دەدەن. بەڵام ئەوەی هەموویان لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێستا لە کێشەدایە لەگەڵ بەغدا، دەبێ دەروبەرەکانی دیکە هێوربکاتەوە.

لەچەند ساڵی رابردوودا پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا لەهەڵکشان و داکشاندا بووە، ئەوەی زیاتر ئەو پەیوەندییانەش بەرەو ئاڵۆز بوون برد لە دوای رووخانی رژێمی سەدام، مەسەلەی کەرکووک و چەسپانی فیدرالیی هەرێمی کوردستان بوو لە دەستووری عێراق دا، بەڵام تورکیا ئامادەنەبوو پەیوەندییەکانی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ دوو حیزب (پارتی و یەکێتی ) بگۆڕێت بۆ پێوەندییەکی فەرمی لەگەڵ هەرێمێکی فیدرال بەناوی کوردستان، جگە لەوەش ملکەچنەبوونی پارتی و یەکێتی بۆ هێرشکردنە سەر PKK شانبەشانی سوپای تورکیا، ئەو پەیوەندییانەی گرژ کرد. جگە لەوەش کە تورکیا دژی هێرشکردنە سەر عێراقی رژێمی سەدام بوو.

پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و پارتەکانی هەرێمی کوردستان بەچەندین وێستگەدا تێپەڕیون، کە یەکەمینیان لەساڵی 1992 بوو کاتێک تورکوت ئۆزال، سەرۆکی ئەوکاتی تورکیا بەفەرمی پێشوازی لەشاندێکی بەرەی کوردستانی کردو رێککەوتنێک بەناوی رێککەوتنی شەمزینان ساز کرا، دوایین وێستگەی پەیوەندییەکانیش کۆبوونەوەی مەسعود بارزانی و موراد ئۆزچەلیک بوو لەبەغدا. هەرچەندە وا بڕیار بوو لەمانگی ئابی ئەمساڵ، لەکاتی سەردانی ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ بەغدا، کۆبوونەوەیەک لەنێوان ئەردۆغان و نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان ببەسترێ، بەڵام بەهۆی تەکنیکی بەدینەهات .

گرووپی قەیرانی نێو دەوڵەتی، کە ناوەندێکی لێکۆڵینڤانییە کە بنکەی لە ئەمریکایە و نووسینگەیەکی لە ئیستەنبوڵە، لەدوایین راپۆرتیدا ئامانجەکانی تورکیا لەم پەیوەندییانە لەسێ خاڵ پوخت دەکاتەوە: رێگرتن لەهەژموونی ئێران لەعێراق بەتایبەتی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق، رێگرتن لەبەردەم دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، بنبڕکردنی PKK .

نەوزاد چیچیک بەڕێوەبەری هەواڵ لەرۆژنامەی tarafای تورکی لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە دروستبوونی پەیوەندی نێوان تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی "دروستبوونی ئەو پەیوەندییە کاریگەرییەکی باشی دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو تورکیاش"، هەروەها نەوزاد جەخت لەسەر ئەوە دەکات" کە بەربەستێکی دەروونی لە نێوان کورد و تورکیا دروستبووە، ئەو دانیشتنە هاوبەشانەی نێوان کورد و حکومەتی تورکیا کاریگەرییەکی زۆریان دەبێت لەسەر شکاندنی ئەو بەربەستە" .

سەبارەت بەیەکێک لەمەبەستەکانی تورکیا لەو پەیوەندییانە کە رێگرتنە لە هەژموونی ئێران، ناوبراو پێیوایە ئەمە زۆر بابەتیانە نییە"چونکە ئێران، تورکیاو سووریا ئێستا لەگەڵ یەکتر دەربارەی چەندین مەسەلە لەعێراق هاوکاری یەکتر دەکەن".بەڵام سوپای تورکیا، هەمیشە بەچاوێکی گومانەوە تەماشای ئێران دەکات، لەبەر ئەوەش لەوانەیە ئامادەبێت بۆ دوورخستنەوەی دەسەڵاتداریی هەرێمی کوردستان لە ئێران هەندێک نەرمی بنوێنێ.

تورکیا لەمەوبەر بۆ ئەنجامدانی دانیشتن و چاوپێکەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان مەرجی ئەوەی هەبوو کە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان PKK وەک رێکخراوێکی "تیرۆریستی" ناوزەند بکات و ئەو حیزبە لەناو خاکی هەرێمی کوردستان دەربکات. سەرەڕای جەخت کردنەوەی هەردوولای کوردی و تورکی لەسەر بەردەوام بوونی گفتوگۆکان و دیدارەکانیان، سەرۆک کۆماری تورکیا عەبدوڵڵا گیول دەڵێت ئێمە بەرێگای "حکوومەتی ناوەندییەوە پەیوەندی لەگەڵ پێکهاتەکانی عێراق دادەنێین"، ئەمەش خۆی لەخۆی گومان دەخاتە سەر نیازەکانی تورکیا، بەتایبەتی کە نێوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەو ساتانە دەربارەی چەندین دۆسیە ناخۆش و ئاڵۆزە. دوای سەردانی وەزیری ناوخۆی تورکیا بۆ بەغدا، لەهەفتەی رابردوو باس لە کارکردن بە رێککەوتنامەی نێوان هەردوو وەزارەتی نێوخۆی تورکیا و عێراق کرا، کە کاتی خۆی سەرکردایەتی کورد رەخنەی لێگرت و،هەروەها ئەو لیژنە سێ قۆڵییەی باس لە چالاککردنەوەی دەکرێ (تورکیا- ئەمریکا – عێراق) بۆ بەرەنگاربوونەوەی PKK دیارنییە ئایا هەرێمی کوردستان بەچ شێوەیەک تێیدا بەشدارە، چونکە لە رابردوودا تورکیا رازینەبوو هەرێمی کوردستان ببێتە لایەنێکی ئەو لیژنەیە.

چیچەک پێیوایە ئەو قسانەی گیول ئەوە نیشاندەدەن کە حکوومەتی بەغدا تەواو سەقامگیر نەبووە "وەکو پەیامێکە بۆ ئەو حکوومەتە بۆ ئەوەی بتوانێت کۆنترۆلی خۆی زیاتر بەسەر تەواوی عێراق دا بسەپێنێت". هەروەها دەڵێ" پەیوەندی لەگەڵ کورد بۆ تورکیا بۆتێپەڕاندنی کۆمەڵێک کێشە لەئێستاو داهاتوو کارێکی دەست لێبەرنەدراوە".

ئاژانسی فورات نیوز کە بەدەزگایەکی نزیک لە PKK ناسراوە، هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە گوایە حکوومەتی تورکیا و هەرێمی کوردستان لەسەر مەسەلەی شەڕکردن لەگەڵ PKK گەیشتونەتە رێککەوتن.

نەوزاد چیچەک لەو بارەیەوە پێیوایە حکوومەتی تورکیا لەشەڕ زیاتر داوا لەحکوومەتی کورد دەکات "رێگای چوون و هاتن لەسەر کامپەکانی PKK دابخرێت و دەرفەت نەدرێت هاوکاری لۆجستیکیان پێبگات و هەروەها بۆ گەیشتن بەئەوروپا نەهێڵدرێت فرۆکەخانەکانی ئەو هەرێمە بەکار بێنن".

بەڵام هەندێک لەتوێژەرە ستراتیژیەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئەو پەیوەندییانە لەسەر بنەمایەکی تەسک بونیاد نانرێن و مەودای ئابووری و ستراتیژیان هەیە. هەروەها سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەپرێس کۆنفراسێک لەو بارەیەوە رایگەیاند کە ئەو پەیوەندییانە زۆر لەوە گەورەترن کە لە مەسەلەی PKK دا قەتیس بکرێن. هەروەها رۆژی 2008/11/22 لەکاتی کردنەوەی زانکۆی ئیشقی سەر بەدەزگای فەزالەری فەتحوڵڵا گولەن گوتی، دەکرێ پەیوەندی هەرێمی کوردستان و تورکیا لەسەر چوار خاڵ بنیاتبنرێن:لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی هەردوولا لە رێگەی بازرگانی و کاری ئابووری،بنیاتنانی متمانە بە دیالۆگی بەردەوام، رێزگرتن و دەستوەرنەدان لەکاروباری نێوخۆیی یەکتر، رێزگرتن لەئاسایشی سنوور و هەلومەرجی سیاسی هەردوولا.

بەڕێوەبەری هەواڵ لەرۆژنامەی taraf پێیوایە ئەو پەیوەندییانە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە "چەندین کۆمپانیا و کارسازی تورکیا لەو هەرێمە هەن، لەدوای سەقامگیربوونی ئەو پەیوەندییانە ژمارەی ئەو کۆمپانیا و کارسازانە زیاد دەبێت و لایەنی وەبەرهێنانی نەوتیش لەخۆ دەگرێت".

ناکۆکی تورکیا لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا پەیوەست نەبووە بە مەسەلەی PKK، بەڵکو بەرای چاودێرانی رۆژئاوایی زیاتر پەیوەستە بە مەسەلەی کەرکووکەوە،کە ئێستا بە دڵخوازی تورکیا چارەسەرییەکەی کە خۆی لە جێبەجێکردنی مادەی 140 دا دەبینێتەوە وەستاوە.هەندێک چاودێریش پێیانوایە لەوانەیە دروستبوونی پەیوەندی لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هاوسەنگییەکان لەکەرکووک بگۆڕن و ببنە مایەی لێک نزیکردنەوەی کورد و تورکمان.

ئەو رۆژنامەنووسە تورکە لەو بارەیەوە دەڵێت "هەرچەندە لەتورکیا بەئاشکرا باس لەشتێکی بەم جۆرە ناکرێت، بەڵام ئەمە شیمانەیەکی نزیکە، بە تایبەتی دوای ئەوەی دۆسیەی بەرەی تورکمانی رادەستی وەزارەتی دەرەوە کرا". هەروەها گوتیشی " تورکیا لەسیاسەتی ئێستای دا هەوڵدەدات مافی تورکمانەکان لەکەرکووک گەرەنتی بکات و بۆ ئەمەش تەنیا لەگەڵ بەرەی تورکمانی نا بەڵکو لەگەڵ هەموو قەوارەو پێکهاتە تورکمانییەکان لەپەیوەندی دایە".

بەرامبەر بە داواکانی تورکیا وا دیارە سەرکردایەتی باشووری کوردستانیش کۆمەڵێک داواکاری لەتورکیا هەیە، داواکاری ئابووری و بازرگانیش لەسەرووی هەموو داواکاریەکانەوە دێت، کردنەوەی دەروازەکانی تورکیا بۆ کورد لەپێناو پەیوەندیکردن بە دەرەوە و بەتایبەتی بە ئەوروپا یەکێکە لەداواکارییەکانی کورد.

نەوزاد چیچەک پێیوایە ئەگەر ئەو پەیوەندییانە سەقامگیر بن، تورکیا هەموو دەروازەکانی بۆ گەیشتنی کورد بەئەوروپا دەکاتەوە "تەنیا ئەوەش نا بەڵکو قەبارەی بازرگانی لەدەروازەی خابوور زۆر زیاتر دەبێت و هەموو لایەنەکانی بازرگانی بەخۆوە دەگرێت، لەوەش زیاتر لەوانەیە دوای چەند ساڵێک هەردوولا بەیەکەوە خاڵی هاوبەشی بازرگانی ئازاد بەیەکەوە بکەنەوە".

## کوشتنی ژنان کەمبووەتەوە و سکاڵاتۆمارکردنی ژنانیش لە دژی پیاوان زیاتربووە

# 15 پیاو بەتاوانی کوشتنی ژنان سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێندرێت

**ئازیز مەحمود و عەلی حەمە ساڵح**
**رووداو-سلێمانی، هەولێر**

15 پیاو کە 14یان لە سلێمانین و یەکێکیشیان لە دهۆکە بەتاوانی کوشتنی ژنان سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە، هەروەها 5 پیاو بەزیندانی هەتاهەتایی و 9 پیاویش بەزیندانی هەمیشەیی بەهەمان تاوان حوکمدراون.

بەپێی ئەو ئامارانەی دەست (رووداو) کەوتوون، بەبەراورد بەساڵانی رابردوو کوشتن و سووتانی ئافرەت لەشارەکانی کوردستان روو لەکەمبوونە و ژمارەی ئەو ژنانەی بە هۆی توندوتیژییەوە سکاڵا لەسەر کەسوکاریان تۆمار دەکەن روو لە زیاد بوونە.

ئامارەکانی9 مانگی رابردووی ئەمساڵ دەریدەخەن کە هێشتا توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بەردەوامە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو، رووی لەدابەزینە.

ماوەی هەفتەیەکە بەسەرپەرشتی سەرۆکی حکومەتی کوردستان نێچیرڤان بارزانی، چەند وەزارەتێک و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەچالاکی جۆراو جۆر دەستیان کردووە بەهەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و، وا بڕیارە لە کۆتایی هەڵمەتەکە خەڵاتی ژنپارێزی بدرێتە ئەو کەسەی کە دژی توندوتیژی ژنان کارێکی بەرچاوی کردبێ. کە ساڵی رابردوو ئەو خەڵاتە درایە خەندان حەمە جەزا، خاوەنی کتێبی (ئۆقیانووسێک لەتاوان).

بەپێی ئەو ئامارانەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان کۆکراونەتەوەو دانەیەکی دەست (رووداو) کەوتووە لەماوەی 9 مانگی رابردوودا لە هەرسێ پارێزگای هەولێر، دهۆک و سلێمانی 99 حاڵەتی کوشتن و 243 حاڵەتی سووتانی ژنان هەبووە کە بەو شێوەیە بووە (هەولێر: 47 کوشتن و 115 سووتان، سلێمانی: 34 کوشتن و 86 سووتان، دهۆک: 18 کوشتن و 33 سووتان).

هەرچەندە تائێستا ئامارێکی باوەڕپێکراو سەبارەت بەتەواوی ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەر بەئافرەتان لەساڵانی رابردوودا کراون نییە، بەڵام ئاری رەفیق، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ دەڵێت "پێش ساڵی 2008 مانگانە 35 تاوەکو 40 ئافرەت لەکوردستاندا دەکوژران، بەڵام ئێستا ژمارەکە دابەزیوە بۆ 7 تا 13 ئافرەت"، سەبارەت بە حاڵەتەکانی سووتانی ژنانیش گوتی " پێشتر لەهەولێر مانگانە 15 تا 25 حاڵەتی سووتان هەبوو، بەڵام ئێستا مانگانە لەهەولێر 9 تا 13 حاڵەتی سوتانی ئافرەتان هەیە".

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەوبەدواداچوونەی (رووداو) ئەنجامیداوە دەرکەوتووە ژمارەی ئەو ژنانەی بەهۆی توندوتیژییەوە سکاڵا تۆمار دەکەن، روو لەزیادبوونە. هەروەها کێشەی زۆربەی ئەو ژنانەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی چارەسەر کراوە.

بەگوێرەی ئامارەکانی ساڵی 2007 لەسنووری هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک، 205 ئافرەت سکاڵای کردووە کە توندوتیژی بەرامبەر بەکارهێنراوە، بەڵام لە چوار مانگی رابردووی ئەمساڵدا 511 ئافرەت لەسنووری پارێزگای هەولێرو 143 ئافرەتیش لەپارێزگای دهۆک و 43 ئافرەتیش لەقەزای سۆران سکاڵا یان تۆمار کردووە کە توندوتیژیان بەرامبەر کراوە.

هەروەها بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی لە 2007/7/4 تاوەکو 2008/10، بەدواداچوون بۆ کێشەی 660 ژن کراوەو 108 ژن لەڕوداوی خۆ کوشتن و خۆ سووتاندن رزگار کراون و 71 کێشەی توندوتیژیش بەهاوکاری ئەو سەنتەرانەی داڵدەی ژنان دەدەن چارەسەر کراوە.

ئاری رەفیق، هۆکاری زیادبوونی ئەم سکاڵایانە بۆ هۆشیاری هاووڵاتییان دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت " پێش 2008 رێژەی سووتان و کوشتن لەلووتکەدابوو، ژمارەی سکاڵای ئافرەتانیش زۆر کەمبوو، ئێستا رێژەی کوشتن و سووتان دابەزیوەو سکاڵاکانی ژنانیش زۆربوون، ئەمەش پەیوەندی بەهۆشیاری هاووڵاتییانەوە هەیە".

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لەسلێمانی، کە تایبەت دراوەتە (رووداو)، لەماوەی 9 مانگی رابردوودا، 381 تۆمەتبار بەئەنجامدانی توندوتیژی دژی ژنان دەستگیر کراون، کە 40 لەو دەسگیر کراوانە تۆمەتەکەیان بەسەردا ساخ بووەتەوەو حوکمدراون، لە کۆی ئەو 40 حوکمدراوەش 14 یان بە لە سێدارەدان حوکمدراون، هەروەها 5 پیاو بەزیندانی هەتاهەتایی ( مدى الحياه) و 9 پیاویش بەزیندانی هەمیشەیی (موئبد) حوکمدراون .کە ئەم نۆ کەسەی دوایی دەکرێ لێبووردنە گشتییەکان بیانگرێتەوە.

هەروەها بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی ژنان لە هەولێر لەماوەی هەشت مانگی رابردوودا 758 ئافرەت سکاڵای ئەوەیان تۆمارکردووە کە توندوتیژیان بەرامبەر کراوە، لەو ژمارەیەش 355 سکاڵا دۆسییەکانیان چارەسەرکراوەو بەیەکجاری داخراوە، 403 سکاڵاش تائێستا لەدادگەن و یەکلایی نەکراونەتەوە.

بەهۆی تۆمارکردنی ئەو سکاڵایانەشەوە ژمارەیەکی زۆر لەو پیاوانەی تۆمەتبار کراون دەستگیرکراون. هەروەک ئاری رەفیق گوتی " لەماوەی 8 مانگی رابردوودا 172کەس بەهۆی ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان دەستگیرکراون، 19 حوکمەکانیانقورسە، کەیەکێکیان لەدهۆکەو بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچووەو، ئەوانی دیکەش حوکمەکانیان لەنێوان زیندانی هەتاهەتایی تاوەکو 6مانگ زیندانیکردن دایە".

تاوەکو ئێستا هەردوو وەزارەتی ناوخۆ یەکیان نەگرتووەتەوە، کە دۆسیەی تاوانەکانی دژی ئافرەتان لەدەست ئەو وەزارەتەدایە.

بەڵام ئاری رەفیق، ئاماژە بەوە دەدات کە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچونی توندوتیژی دژی ژنان لەسلێمانی هەیە و دەڵێت "لەماوەی ئەمساڵدا، 5 ئافرەت لەسنووری پارێزگای سلێمانی لەژێر هەڕەشەی کوشتندابوون، هەمووومان گواستنەوە بۆ هەولێر و هەندێکجار هەستمان کردووە کە پێویستە، بۆ شوێنی دوورترمان گواستوونەتەوە".

ئەو حاڵەتانەی کە دەچنە چوارچێوەی توندوتیژییەوە، بریتین لە : کوشتن، خۆکوشتن، سوتاندن، خۆسوتاندن، ئەشکەنجەدان و کێشەی خێزانییەکان.

بەشێکی زۆری ئەوتوندووتیژیانەش لە دەرەوەی مەڵبەندی پارێزگاکان ئەنجامدەدرێن. هەروەک ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی ژنان لەهەولێر روونیدەکاتەوە، 62%ی ئەو ئافرەتانەی سکاڵایان تۆمارکردووە، سکاڵاکانیان لە دژی مێردەکانیان بووە، 34%دژی تاکەکانی دیکەی ناوخێزان بووە، 4%ی سکاڵاکانیشیان لە دژی تاکەکانی دەرەوەی خێزان تۆمارکردوون. لەهەمان ئاماردا ئەوەش خراوەتە روو کە 70%ی ئەو ئافرەتانەی سکاڵایان تۆمارکردووە باری ئابووریان لەئاستێکی مام ناوەند دایەو 30%یشیان باری ئابووریان خراپە.

تا ئێستا چەندین کەس تۆمەتبارن بەئەنجامدانی توندوتیژی دژی ژنان، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراون، بەشێک لەو تۆمەتبارانەش لەپەنای بەرپرسان خۆیان شاردووەتەوە. لە چوارچێوەی چالاکییەکانی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، رۆژنامەنووس هیوا فریاد رەس، پێشەنگایەکی دیکۆمێنتاری لەسەر ئەو ژنانە کردەوە کە لەساڵی 2004- 2006 بوونەتە قوربانی توندوتیژی، لەپێشەنگاکەدا وێنەی چەند بکوژێکی ژنان نیشاندرابوو، کە بەپێی قسەی هیوا فریاد رەس ئەو بکوژانە لەکوردستانن و تا ئێستاش دەستگیر نەکراون.

تەها بەرواری، وەزیری وەرزش و لاوان، کە پێشانگاکەی کردەوە، لەبارەی دەستگیر نەکردنی ئەو تۆمەتبارانە بۆ (رووداو) گوتی "من وەکو بەرپرسێکی حکومی لەلای خۆمەوە هەوڵدەدەم بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسانە بکەم".



بەدواداچوون بۆ کەیسی تۆمەتبارە دەسگیرنەکراوەکان دەکەین

تەها بەرواری



رێژەی سکاڵاکردنی ژنان دژی ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەریان روو لەزیادبوونە

ئاری رەفیق

### ژنکوژیی لە کوردستان لە هەڵوێست و ئامارەکاندا

- لەماوەی 9 مانگی رابردوودا لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان 99 حاڵەتی کوشتن و 243 حاڵەتی سووتانی ژنان تۆمارکراوە.
- دهۆک کەمترین حاڵەتی کوشتن و سووتانی لێ روودەدات بەبەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکە.
- ژنانی هەولێر زۆرترین سکاڵایان دژی ئەو کەسانە تۆمار کردووە کە توندوتیژیان بەرامبەر ئەنجامداون.
- زۆرترین ئەو سکاڵایانەی ژنان تۆماریان کردووون، لەسەر مێردەکانیانە.
- زۆرترین حکومدراو لەسەر توندوتیژی دژی ژنان لەشاری سلێمانییە، کەژمارەیان 40 کەسە.
- زۆربەی ئەوانەی توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ، دانیشتووی گوندەکانن.
- 15 کەس بەهۆی کوشتنی ژنان سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، کە 14یان لەسلێمانین و یەکێکیشیان لەدهۆکە.
- لەسلێمانی 5 کەس بەزیندانی هەتاهەتایی و 9 کەسیش بەزیندانی هەمیشەیی لەسەر توندوتیژی ژنان حوکمدراون، لەهەولێریش 19 کەس بەزیندانی 6 مانگ تاوەکو زیندانی هەتا هەتایی حوکمدراون.
- ئێستاش مانگانە لەکوردستان 7-13 ئافرەت دەکوژرێن و لەهەولێریش 9-13 ژن دەسووتێن.



چەند رووداوێکی کوشتنی ژنان کە (رووداو) بەدواداچوونی بۆ کردوون

---

## پرۆژە یاسای رێگرتن لەخەتەنەکردنی ئافرەت لەبەرنامەی کاری پەرلەمان دەردەهێنرێت

# "70 %ی ئافرەتانی پارێزگەی هەولێر خەتەنە کراون"

**رووداو-هەولێر**

سەرۆکی لیژنەی کاروباری ژنان و ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند بەپێی ئاماری پزیشکێکی پسپۆر 70%ی ئافرەتانی هەولێر خەتەنەکراون و راشیگەیاند "کە پرۆژە یاسای رێگرتن لەخەتەنەکردنی ئافرەتان لەبەرنامەی کاری پەرلەمان دەرهێندراوە و تا ئێستاش هیچ یاسایەک نییە رێگە لەخەتەنەکردنی مێینە بگرێت".

لەدیسەمبەری 2007 پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژە یاسای رێگرتن لەخەتەنەکردنی مێینە کرد، بەڵام پرۆژە یاساکە نەبووە یاسا و لەبەرنامەی کاری پەرلەمان کێشرایەوە.

خەمان زرار، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو) راگەیاند" پرۆژە یاساکە بەهۆی فشاری زۆر لەبەرنامەی کار دەرهێنرا و دانیشتنی بۆ ئامادە نەکرا".

بەپێی ئامارێکی رێکخراوی وادی ئەڵمانی، کە لە 201 گوندو شارۆچکە لەناوچەکانی دهۆک، سلێمانی، هەولێر، رانیە، سۆران و بەشێک لەکەرکووک لەماوەی 2005-2007 ئەنجامدراوە، لە کۆی 5628 ئافرەت 3502 ئافرەت خەتەنەکراون، واتە رێژەی 62%ی کچانی لادێکانی کوردستان خەتەنە کراون.

لەکاتی کێشانەوەی پرۆژە یاساکە دوو بۆچوون هەبوو، بۆچوونێک دەیگووت، خەتەنە نەبووەتە دیاردەیەکی باو تاوەکو یاسای بۆ دابنرێت، هەرچی بۆچوونەکەی دیکە بوو پێیوابوو هەندێک لەئەندام پەرلەمانان شەرم دەکەن قسە لەسەر خەتەنەکردن بکەن.

خەمان زرار، دەستنیشانی ئەو لایەنە دەکات کە ئەو فشارەیان دروستکرد، کە پرۆژە یاساکە لەکارنامەی پەرلەمان دەربهێندرێت و، ئەوانەی بە"موحافزکار" ناو برد و گوتی "عەقڵییەتێک هەیە دەیەوێت گۆڕان دروستببێ و عەقڵیەتێکیش دەیەوێت هەموو شتەکان وەک خۆی بمێنێتەوە، دەرهێنانی ئەم پرۆژە یاسایەش لەبەرنامەی کار، کاری موحافزکارەکانە".

جولە حاجی، ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیش پێیوایە ئەو کەسانەی حەز لە گۆڕان ناکەن، هەوڵنادەن بەپێی یاسا ئەو دیاردەیە قەدەخەبکرێت "نابێت ئەم دیاردە تەسلیم بەواقعێک بکەین تاوەکو ئەو خەڵکە خۆی هۆشیار دەبێتەوەو نەیکات، ئەوانەی حەز بە گۆڕان ناکەن ئەو قسانە دەکەن".

پەخشان زەنگەنە، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان، بوونی یاسایەکی تایبەت بۆ رێگەگرتن لەخەتەنەکردنی ئافرەتان بەپێویست دەزانێ.

پەخشان زەنگە، لە کشاندنەوەی پرۆژە یاساکە رازی نییە و گوتی "پرۆژە یاساکە خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کرا، بەڵام بەبیانووی ئەوەی کێشەکە کێشەیەکی ئەوتۆ نییە، یاسای بۆ دابندرێت لەبەرنامەی کاردا لابرا".

زەنگەنە، ئاماژە بەزۆری ژمارەی ئەو ئافرەتانە دەدات کە خەتەنە کراون و دەڵێت"چووینە نەخۆشخانەی منداڵبوونی هەولێر، یەکێک لە دکتۆرە پسپۆڕەکان گوتی ئامارم لەلایە، لەناو هەولێردا زیاتر 70% ئافرەتان خەتەنە کراون، تەنانەت هەشیانە دەڵێت منداڵەکانیشم خەتەنە کردووە یان دەیکەم، ئەو دکتۆرەش بۆ ئەو ئامارە پرسیاری لەو ژنانە کردووە کە سەردانی نەخۆشخانەی منداڵ بوونیان کردووە".

بەپێی وتەی پەخشان زەنگەنە ئەو ئافرەتانەی کە خەتەنەکراون تەمەنیان لە سەرووی 15 ساڵیدایە.ئەو ژنە دکتۆرە بەڵێنی بە لیژنەکەی پەرلەمان داوە ئامارەکەیان پێبدات " کە ئامارەکەی هێنا ئێمەش لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکەین".

پاش ئەوەی هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە قەدەخەکردنی خەتەنەکردنی ئافرەتان هەڵوەشایەوە، لیژنەی کاروباری ژنان و ئافرەتان لەپەرلەمانی کوردستان هەوڵدەدەن لەچوار چێوەی یاسایەکی دیکەدا، ئەو دیاردەیە قەدەخە بکەن. کە زیاتر لە وڵاتە گەرمەکانی ئەفریقیا و وڵاتە عەرەبییەکاندا هەیە بەمەبەستی مراندن و کەمکردنەوەی حەزی سێکسکردنی لای ئافرەتان و لە هەندێ ناوچەی کوردستانیش بە ئەرکێکی ئاینی دادەنرێ و ئەو ئافرەتەی خەتەنە نەکرابێ، خواردنی خۆراکی بەر دەستی بەحەلال نازانرێ. لەکاتێکدا پزیشکەکان خەتەنەکردن بەکارێکی نا تەندروستانە دادەنێن، بەتایبەتی لە رووی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی بۆ سەر تەندروستی و حالەتی ناوجێی ئافرەتان.

ئێستا پرۆژە یاسایەکی دیکە ئامادەکراوە بۆ رێگەگرتن لە توندوتیژی بەرامبەرئافرەت لە کوردستاندا، لەوێدا خەتەنەکردنیش قەدەخەکراوە. پەخشان زەنگەنە، دەڵێت" ئەگەر فریا بکەوین مانگی 12ی ئەمساڵ گفتوگۆ لەبارەی ئەو یاسایەوە دەکەین ئەگەر نا لە مانگی 3ی ساڵی داهاتوو".

جولە حاجی، ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، رەخنە لەو کارەی پەرلەمانی کوردستان دەگرێت و قەدەخەکردنی خەتەنەکردنی ئافرەتان بەداخوازییەکی ئەو کەسانە ناو دەبات کەپشتگیری لەمافی مرۆڤ دەکەن" ئەمە دیاردەیەکە دژی مرۆڤایەتییە و یەکێک لەو دیاردە قیزەونانەی لەناو کۆمەڵگادا پەنجەمان خستووەتە سەری".

جولە حاجی، کە خەڵکی دەڤەری بادینانە، ئەو راستییە دەخاتە روو کە خەتەنەکردن لەناوچەی سلێمانی و هەولێر زۆرەو لەناوچەی بادیناندا کەمە.

ئەو چالاکڤانەی بواری بەریگردن لە مافەکانی ئافرەتان، رەخنەی ئەوە دەگرێت کە بەپێی یاسا لەکوردستاندا کەسێک پەنجەی کەسێک ببڕێت یان سەری بشکێنێت دەتوانێ لەدادگا سکاڵای لەدژ تۆماربکات"بەڵامخەتەنەکردنلێسەندنەوەی ژیانی ئافرەتێکەو کەس نییە رێگری لێبکات".

ساڵی رابردوو رێکخراوەکانی ئافرەتان و لەگەڵ لیژنەی داکۆکیکردن لەئافرەتان لەپەرلەمانی کوردستان، هەوڵی دەرکردنی یاسای قەدەخەکردنی یاسای قەدەخەکردنی خەتەنەکردنی ئافرەتانیان دا، بەڵام هەوڵەکە بەوشێوەیە هەڵوەشایەوە لە پەرلەمان "بەداخەوە ئەوە داوای هەزاران تاکی ئەم کۆمەڵگایەو دەیان رێکخراو بوو، کە پەرلەمان دانیشتنی لەبارەوە ناکات و نایکات بەیاسا ئێمەش لەپەرلەمان دەپرسین، بۆ؟" .جولە حاجی دەڵێ "ئێمە وەک یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، رێگای خۆمان دەگرینە بەرو ئەگەر ئەمڕۆش وەک یاسایەک پەسەند نەکرێت بۆ ئایندە هەر بەردەوامدەبین".



ڕووداو

| | |
|---|---|
| دینار | |
| 100 $ | 119000 |
| 100 € | 155000 |

| | |
|---|---|
| 1 تەن | |
|  | 670 $ |
|  | 200 $ |

## %22ی دانیشتووانی عێراق پشت به پسوولەی خۆراک دەبەستن



ڕووداو-ئاژانسەکان

بەپێی ڕووپێوێکی وەزارەتی پلاندانانی عێراق، 4.7 %ی منداڵانی تەمەن خوارووی پێنج ساڵانی عێراق بە دەست گرفتی بەدخۆراکییەوە دەناڵێنن، ئەمەش نیشانەی ئاستی خراپی بەدخۆراکییە لە عێراق. هەروەها بەپێی ئامارەکە 3 %ی دانیشتوانی عێراق ئاسایشی خۆراکیان دابین نییە و 6.4 ملیۆن کەسی دیکەش، کە 22 %ی دانیشتووان پێکدەهێنن، بە تەواوی پشت بە پسوولەی خۆراک دەبەستن.

### ئەو زەویانە ناگرێتەوە کە دەکەونە سنووری ماستەرپلانی شارەکان

# لە ماوەی دوو ساڵدا هەموو زەویە کشتوکاڵییەکان لەسەر جووتیاران تاپۆ دەکرێن

**ڕووداو- هەولێر**

هەمووئەوزەویە کشتوکاڵییانەی کەموڵکی حکومەتن و جووتیاران بەشێوەی گرێبەست کاری تێدا دەکەن، لەماوەی دوو ساڵی داهاتوودا لەسەر جوتیاران تاپۆدەکرێن، بەڵام تاپۆکردنەکە ئەو زەویە کشتوکاڵییانە ناگرێتەوە کە دەکەونە سنووری ماستەرپلانی شارەکان.

ئەنوەر عومەر قادر، بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "حکومەت بڕیاریداوە تەواوی ئەو زەوییانە لەسەر جووتیاران تاپۆ بکات کە تاوەکو ئێستا بەشێوەی گرێبەست کاریان تێدا کرد".

جووتیاران ساڵانە لەبری بەکارهێنانی ئەو زەویانە بڕە پارەیەکیان دەدایە حکومەت، بەڵام دوای دەرچوونی یاسای ڕێکخستنی مافی دەستکاری زەوی کشتوکاڵی لەهەرێمی کوردستاندا لە 2008/4/15، حکومەت بڕیاریداوە ئەو زەوییانە لەسەر جووتیاران تاپۆبکات.

بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانانی وەزارەتی کشتوکاڵ ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان ئێستا لەقۆناخی جێبەجێکردنی یاساکەدان "ڕێنماییەکان دەرچوون و ماوەی یەک مانگە لێژنە پێکهاتووە، لەهەر پارێزگایەکیش چەند لێژنەیەک پێکدێن، کاری لێژنەکانیش تاپۆکردنی زەوییەکانە لەسەر جوتیاران".

لەهەر پارێزگایەک 3 لێژنە پێکهاتووە بۆ تاپۆکردنی زەوییەکان و بڕیارە پاش کۆتایی ساڵ ژمارەی لێژنەکان بکرێنە 10 لێژنە، لەکاتی تاپۆکردنەکەشدا جووتیاران سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی کشتوکاڵ ناکەن، بەڵکو لیژنەکان خۆیان دەگەڕێن.

بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان، دەڵێت "ئەو لێژنانەی دروستکراون خۆیان گوند بەگوند دەگەڕێن، کەچوونە گوندەکان لەگەڵ ئەوکەسانەی کە گرێبەستیان بۆ کراوە کۆدەبنەوە و پاشان ڕووپێوی زەوییەکان دەکەن و کۆنووسێک ئامادەکەن و بڕیار دەدەن کام جووتیار ئەم یاسایە دەیگرێتەوە".

بەپێی چەند مەرجێک ئەو زەویانە لەسەر جوتیاران تاپۆدەکرێن کە بریتین لە: جووتیار خاوەنی گرێبەست بێت لەگەڵ حکومەتدا، مەرجی جوتیاری لەدەست نەدابێت، تەمەنی 18 ساڵ کەمتر نەبێت، لەهیچ دامەزراوەیەکی حکومی دانەمەزرابێت و تەنها جوتیار بێت، خەڵکی ئەو ناوچەیە بێت، پارەی تەواوی گرێبەستی بەکرێدانی زەوییە کشتوکاڵییەکەی دابێت، واتە قەرزاری حکومەت نەبێت.

ئەو لێژنەیەی سەردانی گوندەکان دەکات، پاش ڕووپێوکردن زەوییەکە دەخرێتە کۆنووسەوەو، لێژنەکە نووسراوەکان دەهێنێتە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پارێزگاو لەوێ لێژنەی لێکۆڵینەوە پەسەندی دەکات و پاشان دەنێردرێتە لێژنەی وەزارەت، ئەگەر لێژنەی وەزارەت ڕەزامەندی لەسەردا دەچێتە بەڕێوەبەرایەتی تاپۆ و لەوێش زەوییەکان تاپۆ دەکرێن.

بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ لەپاش تاپۆکردن، زەوییەکە دەبێتە موڵکی جوتیار و بۆی هەیە کڕین و فرۆشتنی پێوە بکات، بەمەرجێک هەر بۆ کشتوکاڵ بەکاربهێندرێتەوە، ئەگەرنا وەزیری کشتوکاڵ دەتوانێ تاپۆیەکەی هەڵبوەشێنێتەوە.

6ملیۆن و 143 هەزار دۆنم زەوی شیاو بۆچاندن لەکوردستاندا هەیە،بەڵام تەنیا 35% ئەو زەویانە موڵکی هاووڵاتیانن و ئەوی دیکەی موڵکی حکومەتە. بەپێی گوتەی بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان بڕیارە لەماوەی دوو ساڵدا هەمووی بکرێنە موڵکی هاووڵاتیان.

عەبدولڕەحمان ئەحمەد، سەرۆکی لێژنەی کشتوکاڵ لەپەرلەمانی کوردستان ئەوەی خستەڕوو کە ئەو بڕە پارەی لەبەرامبەر تاپۆکردنەکە لەجوتیاران وەردەگیرێت شتێکی ڕەمزییە "تەنها بۆ ئەوەیە چوارچێوەیەکی یاسایی وەربگرێت، چونکە زەوییەکە دەبێتە موڵکی جوتیار".

هەرچەندە وەزارەتی کشتوکاڵ ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی تاپۆکردنی ئەو زەوییانەیە، بەڵام بەشێک لەجوتیاران بێ ئاگان لەو کارەی وەزارەتی کشتوکاڵ. حەسەن حاجی مستەفا، کە جوتیارێکی ناحیەی پێبازە، بێ ئاگایی خۆی لەو بڕیارە نیشانداو لەهەمانکاتیشدا گوتی "ئەگەر شتی وا هەبێت خزمەتێکی تەواو بەجوتیاران دەکات، ئەو باجەی ساڵانە دەدرێت بڕێکی کەمە، بەڵام پێتوایە هێشتا زەویەکە هی خۆت نییە، ئەگەر بکرێتە موڵکی خۆت ئەوە شتێکی زۆر باشە".

وەزارەتی کشتوکاڵ،بەپێی یاسای ڕێکخستنی زەوی کشتوکاڵی کە لەلایەن پەرلەمان پەسەندکراوە، بڕیاریداوە ئەو زەویانە تاپۆ نەکات کە دەکەونە چوارچێوەی ماستەر پلانی شارەکانی کوردستانەوە و زەوییەکان لەلایەن شارەوانییەوە دیاری دەکرێن و لەبەرامبەردا 3%ی ڕووبەری زەوییەکەی لەهەمان جێگەدا یان لەچوارچێوەی سنووری شارەوانیدا دەدرێتە جوتیارەکە.

عەبدولڕەحمان ئەحمەد، ئەوە ڕووندەکاتەوە کەبڕگەیەکی ئەو یاسایە تایبەتە بەو زەویانەی کەوتوونەتە سنووری شارەوانییەکانەوە"وەزارەتی شارەوانی ڕووپێوێکی گشتی دەکات و ئەو زەوییە کشتوکاڵیانە وەردەگرێتەوەو بەشێوەیەکی تایبەت قەرەبوو دەکرێنەوە".

سەرۆکی لێژنەی کشتوکاڵ لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە، ئەم بڕیارە هاوکارییەکی حکومەتە بۆ جوتیاران"بەپێی ئەو یاسایە جوتیار هەموو هاوکارییەکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەیگرێتەوە، لەخەرجکردنی پارەی بانکی و پێدانی پێداویستییە کشتوکاڵییەکان و ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی".

بەپێی یاسای ژمارە 90ی ساڵی 1975ی حکومەتی عێراق و یاسایی ژمارە 117ی ساڵی 1970، حکومەت زەوی لەو کەسانە وەردەگرتەوە کە پارچە زەوی گەورەیان بەدەستەوە بوو دەیدا بەجووتیار بۆ ئەوەی کاری تێدا بکات و زەوییەکانیش موڵکی حکومەت بوون ساڵانە جوتیار باجی دەدا حکومەت.

### مەرجەکانی تاپۆکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەسەر جووتیاران

- زەویەکە لەسنووری ماستەر پلانی شاردا نەبێت.
- جووتیارەکە گرێبەستی هەبێت لەگەڵ حکومەتدا
- مەرجی جووتیاری لەدەست نەدابێت
- تەمەنی 18 ساڵ کەمتر نەبێت
- لەهیچ دامەزراوەیەکی حکومی دانەمەزرابێت و تەنها جوتیار بێت
- خەڵکی ئەو ناوچەیە بێت
- پارەی تەواوی گرێبەستی زەوییە کشتوکاڵییەکەی دابێت، واتە قەرزاری حکومەت نەبێت.




### %25ی خانووەکانی ناو شاری هەولێر خانووی کرێن

# 50 هەزار پارچە زەوی دابەشکراو لە هەولێر هێشتا نەکراونەتە خانوو

**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی ئامارێک کە ڕێکخراوی هاپیتات بەهاوکاری پارێزگاری هەولێر ئەنجامیداوە و وێنەیەکی بەتایبەت لێدراوەتە ڕووداو 24.95%ی خانوو لەنێو شاری هەولێر خانووی کرێن کە 31568 خێزان تێیدا دەژین، زۆرترین ڕێژەی خانووەکانی کرێش دەکەونە سەنتەری شار بە ڕێژەی 42.42%. بەڕێوەبەری ئاوەدانکردنەوەی هەولێریش دەڵێت لە بودجەی ئەمساڵدا هیچ پرۆژەیەکمان نییە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوون، بەڵام کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان پرۆژەی نیشتەجێبوونیان هەن.

ژمارەی دانیشتووانی هەولێر 795733 کەسە، بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ئامارییە : 138577 خێزان لە شاری هەولێردا هەن و بەشێوەیەکی گشتیی ئەندامانی هەر خێزانێک 5.72 کەسە، هەروەها 31568 خانووی کرێ لە شاری هەولێر هەن، 24.95%ی خانووەکانی هەولێر بۆ کرێن.

ماجد عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتیی ئاوەدانکردنەوەونیشتەجێبوونی هەولێر،دەڵێت "لەبودجەی ئەمساڵ پارە بۆ هیچ پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون تەرخان نەکراوە، سیاسەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەیە لەڕێگای کەرتی تایبەتەوە کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکرێت".

بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوون چەندین شوقە ئامادەیە بۆ دابەشکردن و تائێستا دابەشنەکراون، لەوانە 444 شوقەی سەر ڕێگای عەنکاوەو 1008 شوقەی ڕێگای کەسنەزان کە لەلایەن کۆمپانیای میت ئەتلەنتیکی ئەمریکییەوە بە گوژمەی 58 ملیۆن دۆلار دروستکراون.

ماجد عەبدولرەحمان دەڵێ ئەو پرۆژانە هی ساڵانی ڕابردوون و 100% تەواوبوون و گوتیشی هەموویان " لەماوەیەکی کەمدا ئەنجوومەنی وەزیران، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و پارێزگای هەولێر سیستەمێک بۆ دابەشکردنیان دادەنێت".

هاوکات لەگەڵ ئەشوقانەی لەلایەن کۆمپانیای میت ئەتلەنتیکی ئەمریکی دروستکراون، لە هەمان شوێن پرۆژەی 1500 شوقەش درابووە کۆمپانیای چەڤیکلەری تورکی، بەڵام کۆمپانیاکە سەرەڕای بایی ئەو پارەیەی لەحکومەتیشی وەرگرت کاری نەکردووە هەروەک بەڕێوەبەری ئاوەدانکردنەوە دەڵێ " چەڤیکلەر ئیفلاسی کردو تەنها 10%ی پرۆژەکە تەواوبووە".

لەبەر ئەوەش بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی هەولێر دەیەوێ ساڵی داهاتوو ئەو 1500 شوقەیە تەواو بکات.

لەچەند ساڵی ڕابردوودا حکومەت هەزاران پارچە زەوی بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشکرد، بەڵام بەپێی ئەم ڕووپێوەی ڕێکخراوی هاپیتات کە بە هاوکاری پارێزگای هەولێر ئەنجامیداوە، دەردەکەوێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرنامەی دابەشکردنی زەویدا سەرکەوتوو نەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون.

بەپێی ئەوڕووپێوە ئامارییە 150256 پارچە زەوی لە هەولێر ئیفرازکراون، بەڵام 50407 پارچە زەوی لەو ژمارەیە واتە 33.54%ی زەوییەکان تائێستا نەکراونەتە خانوو واتە 33.54%ی زەویە دابەشکراوەکان.

ماجد عەبدولڕەحمان، هۆکاری نەکردنە خانووی ئەو زەویانە بە کەمی داهاتی هاووڵاتیان دەبەستێتەوەو دەڵێ " زۆرجار فەرمانبەر زەوی وەرگرتووە، بەڵام دروستکردنەکەی پارەی پێویست بووە، یاخود حکومەت بودجەی نەبووە خزمەتگوزاری بگەیەنێتە ئەوجێگایانە، بۆیە هاووڵاتیانیش نەیانکردووەتە خانوو".

لەپاش پرۆسەی ئازادی عێراقەوە ژمارەی ئەو خانووانەی کە چەند خێزانێکی تێدا دەژیا بەهۆی باشبوونی ڕەوشی ژیانی هاووڵاتییانەوە کەمبووەوە، بەپێی ئەو ڕووپێوە ئامارییە ژمارەی ئەو خێزانانەی ئێستا پێکەوە لەیەک خانوودان لە هەولێر بەتێکڕایی 1.1 خێزانە، هەروەها ڕێژەی ئەو یەکانەی نیشتەجێبوونیش کە لەشاری هەولێر بەتاڵن 1.5%یە، هەروەها 42%ی خێزانەکانی هەولێر لەخانووی پێکەوەنووساو (ڕۆژئاوایی) و 17.4% لەخانووی کراوە (شەرقی) دان.

ژمارەی دانیشتووانی هەولێر ساڵانە بەڕێژەی 3.21% زیاد دەکات . د. جەمال ڕەسوڵ، پسپۆر لەبواری ئابووری، ئەم زیادبوونە لەڕێژەی دانیشتوان بەشتێکی ئاسایی ناو دەبات و هۆکارەکەشی بۆ نەریتی کۆمەڵایەتی و لایەنی ئایینی دەگێڕێتەوە "زۆر لەوڵاتانی دەرەوە کە ئاین زاڵ نییە بەسەر کۆمەڵگادا کۆنترۆڵی لەدایکبوونیان هەیە لەوانەیە ڕێژەی زیادبوون 1% زیاتر نەبێت، بەڵام 3% بۆکوردستان گونجاوە چونکە وەک چین گرفتی زۆری ژمارەی دانیشتوانمان نییە".

ئەو پسپۆرە پێیوایە بەتێپەڕبوونی کات ئەم زیادبوونە لەڕێژەی دانیشتوانی کوردستاندا کەمتر دەبێتەوە "ئەگەر بەراوردێک لەنێوان کەربەلاو سلێمانیدا بکەی جیاوازییەکی زۆر هەیە، منداڵ لەسلێمانی زۆر کەمە".

بەپێی ئەو ئامارە 16461 خانووی کۆنی داتەپیو لەنێو شاری هەولێردا هەن، کە مەترسی ڕووخانیان لێدەکرێت و بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوونی هەولێریش دەڵێت"هێندەی من ئاگاداربم هیچ بەرنامەو پلانێک بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو خانووانە نییە".

ئەو زەوییانەی لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا دابەشکراون بۆ ئەوەی خانوویان لەسەر دروستبکرێت ڕووبەرەکەیان لە 200 مەترەوە بۆ 450 مەتر دووجا بووە، واتە بەبەراورد بە وڵاتانی دەرەوە لەڕووبەرێکی زۆردا کەمترین هاووڵاتی سوودمەند بوون.

بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوونی هەولێر، پێیوانییە ئەم شێوازە لەدابەشکردنی زەوی شتێکی مەترسیدار بێت "لە کوردستاندا گرفتی زەوی نییە دروستکردنی خانوو لەسەر ڕووبەری 400 مەتر زەویش نابێتە گرفت".

بەپێی ئەو ئامارە، تێکڕای ئەو پارچە زەویانەی لەهەولێردا سوودیان لێوەرگیراوە ڕووبەرەکەیان 191مەتردووجایە، بەڵام تێکڕای ڕووبەری ئەو زەویانە لەبنەڕەتدا 240 مەتر دووجایە، ئەمەش زۆر لە زەویەکان دابەشکراون بۆ زیاتر لەیەک پارچە.

بەپێی هەمان ڕاپۆرت، ڕووبەری بینای خانووەکان لەهەولێردا لە نێوان 63 بۆ 208 مەتر دووجادایەو بۆ هەر خانوویەکیش تێکڕایی ڕووبەری بینا 157.78 مەتر دووجایەو بۆ هەر تاکێکیش 27 مەتر دووجایە.

ئەگەرچی ئەم ئامارە ماوەی زیاتر لە 6 مانگ کاری تێدا کراوە، بەڵام د. جەمال ڕەسوڵ، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ئەو ڕووپێوە بەنایاسایی ناو دەبات و دەڵێت "ئەم وردەکارییانە چۆن کراون؟ لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتووان لەکوردستاندا بەوردی نەزانراوە، دەبووایە ئەو لایەنانە پەیوەندییان بە ئێمەوە بکردایە بۆ ئەوەی لایەنە ئامارییەکەیمان بۆ ڕێکبخستنایە".

### ئاماری زەوی و نیشتەجێبوون لە شاری هەولێر

| | |
|---|---|
| ژمارەی خەملێندراوی دانیشتووان لە شاری هەولێر 2007 | 795733 |
| ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی دانیشتووان لەشاری هەولێر | %3.21 |
| ژمارەی خێزانەکان | 138577 |
| قەبارەی خێزان | 5.72 کەس / یەک خێزان |
| قەبارەی خێزان لە یەک یەکەی نیشتەجێبووندا | 6.29 کەس |
| ژمارەی پارچە زەویە فەرزکراوەکان | 150256 |
| ژمارەی زەویە نشتەنییە بەتاڵەکان (خانوو لەسەر روستنەکراوەکان) | 50407 پارچە |
| ڕێژەی سەدی پارچە زەوییە نشتەنییە بەتاڵەکان | %33.54 |
| ڕێژەی یەکە بەتاڵەکانی نیشتەجێبوون زیاتر نییە لە | %1.5 |
| ژمارەی خێزانەکان لە یەک یەکەی نیشتەنیدا | 1.1 خێزان |
| ژمارەی خێزان لەیەک یەکەی نیشتەجێبووندا کە لەلایەن دەسەڵاتی خۆجێیی دابەشکراون | 1.397 خێزان |
| ڕێژەی خێزانە نیشتەجێبووەکانی لە خانووە پێکەوە نووساوەکاندا | %42.7 |
| ڕێژەی سەدی خێزانە نیشتەجێیەکانی خانووە کراوەکان (شەرقی) | %17.40 |





## تامین کاکەسوور، هاوسەری یەکەمی محەممەدی حاجی مەحمود:

# هێرۆخانم لە شاخ نەدیوە پێشمەرگە بووبێت

**تامین کاکەسور ئەحمەد، هاوسەری یەکەمی محەممەدی حاجی مەحمودی سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، کە لەلایەن هاوڕێ پێشمەرگە دێرینەکانی خۆیەوە بە"کاک تامین "ناو دەبرێ، ماوەی 15ساڵ پێشمەرگە بووە لەشاخ و لەساڵی 1992وە لەئەڵمانیا نیشتەجێبووە. تامین لە یەکەمین هەڤپەیڤینی لەگەڵ رۆژنامەڤانیدا، کە ئەویش(رووداو) بووە دەستپێشخەری، باس لە سەردەمی شاخ و هاوسەرێتی و ژن بەسەرهاتنی و چەند بابەتێکی دەکات:**

**هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود**

**رووداو : لەسەرەتای حەفتاکاندا، بۆکچێکی تەمەن 15ساڵ ئاسان نەبوو بچێتە شاخ و ببێتە پێشمەرگە، تۆچۆن ئەو بڕیارەتدا؟**

**تامین:** هەر لەسەرەتای دروستبوونی شۆڕشی نوێوە،حەزمدەکرد ببمە پێشمەرگە. لەساڵی 1979 پێش ئەوەی ببمە پێشمەرگە، لەگوندەکەی خۆمان لەگەڵ سێ برادەریتر، کەبەداخەوە ئێستا نەماون، پەیوەندی تەنزیمم هەبوو.

**رووداو: ئەی چۆن محەممەدی حاجی مەحموودت ناسی و بوویە هاوسەری؟**

**تامین:**وەک وتم زۆر حەزم دەکرد ببمە

## ژنی مەلابەختیار و سالار و عەلی بچکۆل لە مقەڕ بوون بەڵام چالاکی و دەرچوونیان نەبوو

پێشمەرگە، عادەت و کلتورەکەش رێگەی نەدەدا ببمە پێشمەرگە، خۆ ئەگەر شووشم بکردایە حەتمەن پیاوەکەم رێگەی نەدەدا ببمە پێشمەرگە، براکانیشم ناڕازیبوون بە پێشمەرگایەتیەکەم و جارێک برایەکم هەڕەشەی لێکردم، بەڵام دایکم پشتگیری لێدەکردم . دوای ماوەیەک براکەم دەیویست بەشووم بدات. کە چوومە شاخ لەوێ ئەو وتبوی دەمەوێت ژن بێنم، کاک عوسمانی حەمەنەجیم کەخەڵکی ئەو بنارەبوو، پێی وتبوو ئەگەر ژن دێنیت تامین بێنە. ئیتر ئەوەبوو منی مارەکردو گواستمیەوە.

**رووداو : لەژیانتدا بەچ شتێکی ئەو کاریگەر بووی؟**

**تامین:** زۆرینەی ئیشەکانی ئەو زۆر کاریگەربووە لەلام، هەڵسوکەوتی، جەولەکانی، چاونەترسی و ئازایەتی، هەرگیز نەیهێشتووە پێشمەرگە لەشەڕو مەفرەزەکاندا پێشی بکەوێت، هەندێک مەفرەزەشمان هەبووە، کەهەردووکمان لەو مەفرەزەیەدا بووین.

**رووداو: دوای بەسەربردنی 17ساڵی پێشمەرگایەتی، کەچی پاش راپەڕین چوویە دەرەوە، بۆچی؟**

**تامین :** هۆکار زۆرن و ناتوانم هەموویان بڵێم، هۆکاری عایلیش هەبوون. دوای راپەڕین خەڵکی تازە دەهاتنە پێشەوەو منیش کەسەیرم دەکرد ژنی شەهید بەمنداڵێکەوە، هەر لە بەیانییەوە تانیوەڕۆ لەبەردەرگا دەوەستێت و کەس لێناگەڕێت بچێتە ژوورەوە، دەمبینی ئەوانەی لەگەڵمان ماندووبوون، حسابیان بۆناکرێت و خەڵکیش قاچاخچێتی دەکردو شۆفلی دەبردە ئێران، من ئەوانەم پێ قبوڵ نەدەکرا.

**رووداو: کەواتە یەکێک لە هۆیەکانی رۆیشتنت وەرگێڕانی رووی شۆڕش بوو بۆ کاری بازرگانی؟**

**تامین :** بەڵێ، برادەرەکان ئاگاداربوون، وتیان بڕۆیت باشترە لەوەی ئەم جۆرە شەڕە بکەیت . منیش وتم دەڕۆم .

**رووداو : واتە لەگەڵ کاک محەممەدی حاجی مەحمودیش کێشەت بۆ دروست بوو لەوبارەیەوە؟**

**تامین:** نا نا، هیچ کێشەم لەگەڵ ئەو نەبوو، ئەو لەهیچ شتێک رێگرم نەبوو، بگرە هاندەریشم بوو.

**رووداو: رات چییە بەرامبەرئەوبەرپرسانەی لەگەڵ تۆ پێشمەرگە بوون و ئێستا بازرگان و خاوەن سەرمایەی گەورەن؟**

**تامین :** ئەوانەی من دەمناسین و لەگەڵیان پێشمەرگەبووم هیچیان سەروەت و سامانیان نەبوو تا بازرگانی پێبکەن، هیوادارم ئاوڕێک لەخۆیان بدەنەوەو بزانن بۆچی خەباتمان کرد؟ ئایا بۆ ئەوە بووینە پێشمەرگە تا خۆمان تێربکەین و ڤیللا دروست بکەین و میللەت برسی بێت؟

**رووداو :بەپێی قسەکانی تۆ ئەوانەی لەسیاسەتسەرمایەیان کۆکردەوە،خیانەتیان لەمێژوی پێشمەرگایەتی خۆیان کردووە؟**

**تامین:** بێگومان، من ئەگەر وەک ئەوانەبم، خیانەتم لەخەباتی خۆم کردووە.

**رووداو : ئەوکاتەی تۆ پێشمەرگە بووی، سۆشیالیست بە سێیەمین حیزب دەژمێردرا، هەندێک کەس دەڵێن محەممەدی حاجی مەحمود کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر بچووککردنەوەی سۆشیالیست، لەو بارەیەوە رات چییە؟**

**تامین:** هەموو سەرکردایەتی بەشداربوون لە لاوازکردنی سۆشیالیست،بە تەنها ئەو نەبوو، بەدڵنیاییەوە هەموویان بەشداربوون لە لاوازکردنی. ئێستاش کە لای خۆی دانیشتووم، پێیدەڵێم و پێشم وتوە خەتای هەمووتان بوو.

**رووداو: عەتا سەراوی کۆنە ئەندامی سەرکردایەتی سۆسیالیست دەڵێ، دکتۆر مەحمود لەوەتەی هەیە وەک سەرەتان وابووە بۆ بزووتنەوەی کورد، تۆ کە لەنزیکەوە پێشمەرگە بوویت لەگەڵ دکتۆر مەحمود ئەمە تا چەند بەڕاست دەزانی؟**

**تامین:**وەڵڵا شتێکی تێدایە، زیاتر خەتای دکتۆر مەحمودی تێدایە، ئەگەر دکتۆر مەحمود خۆڕاگر بوایە و لەگەڵمان بمایەوە، وەزعەکە وای لێنەدەهات. کە کاک رەسول مامەند چووە لای یەکێتی، ئەو بمایەتەوە سۆسیالیست وای لێنەدەهات.

**رووداو:هەندێک لەژنە بەرپرسەکان ئێستا زۆرشانازی بەوە دەکەن کە لە شاخ رۆڵیان هەبووە، تۆ کە خۆت بەشێوەی مەیدانی پێشمەرگە بووی، ئایا ئەوانە راست دەکەن کە باس لەو رۆڵەی خۆیان دەکەن؟**

تەواوی ئەم هەڤپەیڤینە
لە (رووداونێت)دا بخوێنەوە
WWW.RUDAW.NET

**تامین:** ژنێک کە لەدەرەوە پێشمەرگەی چەکدار بووبێت و چالاکی مەفرەزەو دەرچوونی هەبوبێت، تەنها مریەم خانی ژنی دکتۆر عەلیم دیوە، کەخوشکی عەزیزبەگی رانیەیە . بەڵام جەماعەتی حیزبی شیوعی ژنی زۆریان لەگەڵ بوو. ساڵی 1980 لەمەریوانەوە جەولەیەکمان کرد بۆ خڕی ناوزەنگ، رووناک خانی ژنی مەلا بەختیار و ژنی کاک سالار و کاک عەلی بچکۆل و پاکیزەخان لەوێبوون، بەڵام لەمقەڕ بوون و چالاکی و دەرچوونیان نەبوو. بەداخەوە رووناک خانیش ژنی بەسەر هات.

**رووداو: کەلەشاخ بووی،هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێکی پیاوانەت دەکرد و تەنانەت لەگەڵ مەفرەزەکانیش بۆ شوێنی دوور دەردەچووی، ئەمانە تاچەند بەلاتەوە ئاسایی بوون؟**

**تامین:** وەڵڵا سەت لەسەت ئاسایی بوون، من زۆر شانازیشی پێوەدەکەم، چونکە بەخۆم ئەو ژیانەم هەڵبژاردبوو و زۆر حەزم لێبوو، نەک بەسەرمدا فەرز کرابێت. من هەر لە سەرەتاوە لەو جۆرە کچانەبووم کە حەزم لە چالاکی و تێکۆشان بووە. ئێستاش ئامادەم هەتا مردن نان بکەم بۆ مقەڕی پێشمەرگە.

**رووداو : دەڵێن زۆر جار کە لەگەڵ مەفرەزەی پێشمەرگە دەردەچووی، لێیان تێکدەچوو و ماچیان دەکردی و وایان دەزانی پیاوی؟**

**تامین :** سەدان جار وابووە. زۆرجار لێیان دەپرسیم تۆ کوڕە گەورەکەی کاکە حەمەیت؟ منیش دەمگوت بەڵێ، ئیتر ئەملاوئەولایان ماچ دەکردم و منیش خۆم تێکنەدەدا.

**رووداو:زۆریەی بەرپرسەکان کە ژنەکانیشیان لەگەڵ خۆیان بوون لە شاخ، کە هاتنەوە ژنی دووەمیان بەسەر هێنان، یەک لەوان تۆ، رات چییە؟**

**تامین :** وەڵڵا جا چی بکەین ؟ پیاوسالارییە . پیاو سالارییەکە دەوری هەیە . کاکە چی بکەین ؟ بەداخەوە نەماندەزانی وادەبێ.

**رووداو : ئێستا محەممەدی حاجی مەحمود زۆر راشکاوانە قسەدەکات، ئایا لەشاخیش هەروابوو بەرامبەر حیزبەکان و تۆ؟**

**تامین:** ئەوەتەی من بیناسم هەروا بووە، پیاوێکی ئازابووەو نەترساوە. لەبەرامبەرەکەی خۆی سڵی نەکردووەتەوە و ئەوەی ویستویەتی بیڵێت، وتویەتی. لەگەڵ منیش کاتی خۆی زۆر راشکاوانە بوو، بەڵام ئێستا، نا. من هەمیشە وتومە ئەو ئازابووە و لەشەڕی پێشمەرگایەتیشدائازابووە.

**رووداو: ئێستا کەباس لەپاڵەوانەکانی خەبات و پێشمەرگایەتی دەکرێت، ناوی تۆ ونە لەناو ناواندا بۆچی؟**

**تامین :** نازانم بڵێم چی، خۆمن ناچم بڵێم ئاگاداربن من ئەوەم کردووەو ئەمەم کردووەو شان و باڵم ئاوایە. گرنگ ئەوەیە ئێستا ویژدانم مورتاحەو ئاسوودەم کەبەشی خۆم کوردایەتیم کردووە.

**رووداو: کە تۆ رۆیشتی بۆ ئەڵمانیا محەممەدی حاجی مەحموود پێویستی بەمانەوەی تۆ بوو، تاوەکو لە کاروباری سۆسیالیست هاوکاری بکەی، بۆ لەگەڵی نەمایەوە؟**



## کاکە حەمە کاتی خۆی لەگەڵ من زۆر راشکاوانە بوو بەڵام ئێستا نا

**تامین:** راستە خۆم بڕیارمدا بچمە دەرەوە، بەڵام بە رەزامەندی ئەو چووم . ئەویش وتی باشە بڕۆ ماوەیەک لەوێبە تائیقامە وەردەگریت و دوایی رەنگە منیش بۆخۆم سەرت لێبدەم و دوایی بەیەکەوە بێینەوە. بەڵام بەداخەوە من کە چووم، چوارساڵ چاوەڕوانی ئیقامەم کردو خۆم و دوو منداڵم لەکەمپێکداو لەژوورێکی سێ بەچواردا بووین . ئەو چوار ساڵە پەیوەندی تەلەفۆنیشمان نەبوو . جارێ دووساڵیان هەر یەک کوردیشم نەبینی. دوای دووساڵ لەو کەمپە ژنێکی کوردم بینی، کە بەردەوام سکاڵای دەکردو ئەیوت ژنە مەسئولەکان قەپاتن و هەموو شتێکیان مسۆگەرە. قەت پێم نەوت جاخۆ من ژنە مەسئولم و وەک تۆش چاوەڕێم .

**رووداو: تائێستاش بیرت لەوەنەکردووەتەوە بێیتەوەو بەشداری لەکاری سیاسیدا بکەی؟**

**تامین خان :** نەوەڵڵا بیرم لەوە نەکردووەتەوە، ئێستا تەنها خەریکی ئەوەم وێنەی پێشمەرگە دێرینەکان و شەهیدەکان و ژنە پێشمەرگەکان کۆبکەمەوەو پێشانگایەکیان بۆ بکەمەوە.

**رووداو :چۆن نەبوویە سکرتێری ئافرەتانی سۆشیالیست؟**

**تامین:** من ئەوشتانەم ناوێ و حەزم لەو شتانە نییە. هیچ حەزم لە مەسئولیەت نییە، من تەنها حەزم لەپێشمەرگایەتییە، ئەگەر جارێکیتر پێشمەرگایەتی شاخ دروست ببێتەوە، ئامادەم بچمەوە شاخ و ببمەوە پێشمەرگە و واز لەئەڵمانیا بێنم .

**رووداو :تاچەند ئاگاداری کاروچالاکی ئەو ژنە کوردانەی کە لەنێو حکومەت و پەرلەمان پۆستیان هەیە، چۆن دەیانبینی؟**

**تامین خان :** من زۆر ئاگاداریان نیم، من لەدەرەوە بەبچووکترین شێوەش موتابەعەی هەواڵی کوردستانم نەکردووە، هەڵبەت شتێک هەیە کە ئازارم دەدات و نەمویستووە ئاگام لەدەنگوباسی کوردستانیش بێت. من کێشەم بۆدروست بوو، نایشارمەوە کێشەی عائیلیشم بۆ دروست بوو، لەلایەکی دیکەشەوە بەتەواوی بێتاقەت بووم.

**رووداو :هێرۆخانی ژنی مام جەلال کە ئێستا دەستێکی باڵای هەیە لەناو یەکێتیدا،ئەویش لەشاخ وەک تۆ پێشمەرگە بوو؟**

**تامین خان :** من نەمدیوە، تائێستا یەک جاریش لە شاخ نەمدیوە پێشمەرگە بووبێت . دەیان وت هاتووەتەوە بۆ شاخ و وێنەو شتی وا دەگرێت، بەڵام وەک فەعالیەت هیچ کام لە ژنەکان پێشمەرگە نەبوون. تەنها یەک جار لە ساڵی 2001 لەیادی حیزبی سۆسیالیست دیومە، ئیتر نەمدیوە .

**رووداو :بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ئێستا سەرقاڵی بەدواداچوونی ئیشوکاری پێشمەرگە دێرینەکانی سۆسیالیستی لە هەولێرو سلێمانی، دەتەوێ چییان بۆ بکەی؟**

**تامین:** تائێستا داوایان لە من نەکردووە بگەڕێمەوە، بەڵام پێشمەرگە دێرینەکان پێیانخۆشە هەمیشە لێیانەوە نزیک بم، کەس بەشەخسی داوای لێنەکردووم بگەڕێمەوە ئیش بکەم، دیارە پێشیان خۆشە من بگەڕێمەوە، تائێستا لەوبارەوە وەک خۆم شتەکانم کردووە. من عیلاقەی شەخسیم لەگەڵ هەموویان خۆشە، چ ئەوانەی لای پارتین، یان ئەوانەی لای یەکێتین و بەردەوام پەیوەندی تەلەفۆنیمان هەبووە .

**رووداو : لەئەوروپا تەنها خەریکی چاودێریکردنی منداڵەکانتی، یان چالاکیت هەیە؟**

**تامین :** تەنیا خەریکی منداڵەکانی خۆمم. بەخێوکردنی منداڵەکانم هەمووی لەئەستۆی خۆمە .

**رووداو :زۆر هەواڵی ژنکوژی کوردانی ئەوروپا دەبیستین، رای تۆ لەوبارەوە چییە؟**

**تامین:** نازانم، من لەنزیکەوە تێکەڵی ئەو کوردانە نیم کە ژن دەکوژن، بەڵام دەزانم خەتای پیاوە . تۆ کە دەزانی ژنەکەت خیانەتت لێدەکات بۆ دەیکوژی، پێی بڵێ خواحافیزت بێ و هیچیتر. من خۆم هەندێک توندوتیژم لەوشتانە،واتە کە من ژنی پیاوێک بم و یەکمان خۆشبوێت، بۆ خیانەتی لێبکەم.

**رووداو :محەممەدی حاجی مەحموود هیچ جار بە تۆی وتوە خۆشم دەوێی؟**

**تامین :**سەد جار، لەشاخ و ئێستاش . ئێستاش دەڵێ، باوەڕناکەم کاتی خۆی خۆشەویستی وەک ئەو خۆشەویستییەی نێوان و من و ئەو لەناو هەموو کورد هەبووبێ، ئەوە کاتی خۆی.

**رووداو : بۆ ئێستا وا نەماون؟**

**تامین خان :** وەڵڵا بڵێم چی، شتەکان لەم دواییە گۆڕان.

**رووداو : محەممەدی حاجی مەحمود ژنی دووەمی بەسەر تۆ هێنا، ئایا پێشتر رەزامەندی تۆی وەرگرت، یان سەربەخۆ بڕیاریدا؟**

**تامین :** وەڵڵا من ئاگام لەهیچیان نەبوو. ژنی دووەمی چی، هیتریشی هێنا. موشکیلەی من نییە ژنیتر دەهێنێ یان نا،موشکیلەی خۆیەتی خۆ من زەرەر ناکەم . ژنەکانیشیم تا ئێستا هەر نە دیون. بەڵام ژنی هێناوە ئاساییە، خۆ ئێستا من لەئەوروپا دادەنیشم.

**رووداو : دەگوترێت تائێستاش نێوانتان خراپە؟**

**تامین خان :** نا خراپ نییە، پەیوەندییمان ئاساییە، ئەوەتا من بەسەردان هاتوومەتەوە .

**رووداو : خۆشترین بیرەوەری ژیانی پێشمەرگایەتیت چییە؟**

**تامین:** ژیانی پێشمەرگایەتی بەوشاخەوەو دوور لەئاوەدانی، خۆشی و ناخۆشی زۆربوو، بەڵام خۆشترین کاتی ژیانی من ئەوکاتە بوو بەتاقم و تفەنگەوە بۆ یەکەمین جار چووینە کەرکووک و ئازادکرا.

**رووداو : یاداشتەکانی محەممەدی حاجی مەحمودت خوێندوونەتەوە؟**

**تامین:** تەنها بەرگی یەکەمم خوێندووەتەوە .

**رووداو: تاچەند رووداوەکانی وەک خۆی گێڕاونەتەوە؟**

**تامین:** هەندێک شتی زۆر بەزیادەوە نووسیون و هەندێک شتیش کەموکوڕی تێدایە، من بەخۆشیم وتوە کەموکوڕی زۆر لە کتێبەکەتدا هەیە.

**رووداو : تۆش بیرت لەوە نەکردووەتەوە یاداشتەکانت بنووسیەوە؟**

**تامین :** نەخێر، کاکە من هیچم لەبیر نەماوەو مێشکم زۆر خراپ بووە.

**رووداو : ئێستا لە کوردستان زۆر باس لەگەندەڵی دەکرێ، تۆش موتابەعەی ئەوە دەکەی؟**

**تامین :** جا ئەوە موتابەعەی هەواڵی بۆ چییە، من بۆخۆم وڵاتەکەم دەبینم کە وێران بووە، ئێستا کوردستان ئەفغانستانی دووەمە . خۆ ئەمە بەچاو دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت . ئیتر بۆئەوەی ئاگات لەگەندەڵی و فەوزا بێت چ پێویست بەهەواڵ و دەنگوباس دەکات ؟ وەزعەکە روون و لەپێش چاوە.

**رووداو :ئێستا کە دوای 16ساڵ شاری سلێمانی دەبینیەوە، زۆرکەس نیگەرانن لەوەی کە زۆربەی ڤێللا و کۆشکەکان هی بەرپرسانن، تۆش بەوە دڵتەنگی؟**

**تامین :** چۆن دڵتەنگ نیم، هەر حەزناکەم سلێمانی ببینم . حەزدەکەم هەردوو چاوم بگرم کاتێک بەناوشارەکەیا دەڕۆم . کە دەبینم منداڵێکی پێنج ساڵە لەسەرجادە کلینس دەفرۆشێت و پێڵاو بۆیاخ دەکات و منداڵەکەی من ژیانی خۆشە، چۆن غیرەت دەکەی بیبینی؟ نە بەخوا، ئەو جۆرە شارانە نەبینی باشترە.

**رووداو :بڕیارت نەداوە سەرێک لەژنە رەشپۆشەکانی گەرمیان بدەی؟**

**تامین:** بەدەستی بەتاڵ بچم چییان لێبکەم، ئاخر کە من شتێکم بەدەستەوە نەبێت، ژنی گەرمیان منی بۆ چییە ؟ من ناتوانم هاوکاریان بکەم و ئەوانیش تەنیا هاوکارییان دەوێ و پێویستیانە . من بەپێی توانای خۆم سەر لەعائیلەی شەهیدەکانی ئەم ناوچەیە دەدەم و سەر لەخەڵکی فەقیر دەدەم . زۆر جار لەرێگەی پاڵتاکەوە گوێم لێیە باسی ئەوە دەکەن، کەئێستا ژنی شەهید هەیە لەبەر نەبوونی لەشفرۆشی دەکات، زۆر بەوشتانە موتەئسیرم. نازانم مرۆڤ خەبات بۆچی دەکات ؟ ئەی کە خەباتەکەت بگاتە شوێنی خۆی و ئەوەش ببیستی؟!

**رووداو : لەشاخ، هەرگیز لەگفتوگۆ رەسمییەکانی نێوان سۆشیالیست و حیزبەکانی دیکەدا بەشداریت کردووە؟**

**تامین :** بەرەسمی نا، بەڵام ئاسایی بووە من لەگەڵیان دابنیشم و هیچیشیان لێنەشاردوومەتەوە .

**رووداو : تۆ نەچوویتییە قوتابخانە،**

## حەزناکەم سلێمانی ببینم

**ئەی چۆن دەتوانی بخوێنیەوەو کۆمپیوتەر بەکاربێنی؟**

**تامین :** ماوەی ساڵێکە خۆم فێری کۆمپیوتەر کردووە و منداڵەکانم زۆر هاوکارییان کردووم، زۆربەی شتەکان بە هەوڵی خۆم بووە، ئینجا من کاری دیکەم هەبووەو ژیان لەئەوروپا زۆر سەختە. من بە دوو منداڵەوە ئیشم کردووە، لەهوتێل ئیشم کردووە، لەبازاڕ ئیشم کردووە و منداڵی خۆم بەخێوکردووە، دەبێ ئیش بکەی.

**رووداو : تۆ کە ژنە بەرپرسی بۆچی بەرەنجی شانی خۆت دەژی لە ئەوروپا؟**

**تامین:** من بۆخۆم گوێم لەهیچ نییەو سوپاسی حکومەتی ئەڵمانیا دەکەم کە ماوەی 16 ساڵە لەو وڵاتە دەژیم، من بۆخۆم تا لە شاخ بووم و پێشمەرگەبووم، ئێستاش بە خۆم، خۆم و منداڵەکانم بەخێو دەکەم . یەک دیناری مووچەم لەکوردستان نییە لە حکومەت و نە لە حیزبەکەی خۆشم. یەک بست زەویم لەم کوردستانە نییە، زۆرجار برادەرە کۆنەکانم وتویانە وێنەو شتی خۆت بنێرەوە با شتێکت بۆبکەین، بەڵام وتبویان بۆی ناکرێت لەبەر ئەوەی لە ئەوروپایە . تا ئێستا لە ئەڵمانیا کرێکاریم کردووەو خۆم و کوڕەکەم ئیشمان کردووە، باوەڕیش ناکەن بڕۆن لەکوردەکانی ئەڵمانیا بپرسن . من تارادەیەک گلەیم لەحکومەت نییە، گلەییم لەحیزبەکەی خۆم هەیە.



**تامین کاکەسوور**

– ساڵی 1961 لەگوندی (ریشێن)ی بناری سورێن لەدایکبووە.
–لەتەمەنی 15 ساڵیدا پەیوەندی بەرێکخستنەکانی یەکێتییەوە کردووە.
–ساڵی1979چووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگە .
–هەرلەساڵی 1979 بووەتە هاوسەری محەممەدی حاجی مەحمود لەشاخ .
–نەچووەتە قوتابخانە.
–لەساڵی 1992 چووەتە ئەڵمانیا.



## بەرەو قوتابخانە لە هۆڵەندا




**رووداو-هۆڵەندا**

◆ (بەرەو قوتابخانە) فیلمێکی بەڵگەنامەییە بە زمانی کوردی و تورکی بەرهەمهێندراوە و هەفتەی ئایندە لە سینەماکانی ئەمستەردام و شارەکانی دیکەی هۆڵەندا نیشاندەدرێ. فیلمەکە باس لە مامۆستایەکی تورک دەکات کەدەنێردرێتە قوتابخانەی گوندێکی باکووری کوردستان، بەڵام چونکە منداڵانی گوندەکە یەک وشە تورکی نازانن و مامۆستاکەش یەک وشەی کوردی تێناگات لە پیشەکەی سەرکەوتوو نابێت. بەرەو قوتابخانە لە دەرهێنانی ئۆزگور دۆغان و ئۆرهان ئەسکیکۆ-ە.



دەشنێ موراد:

# نامەوێ ببمە هەیفا وەهبی

**تایبەت بە رووداو**

کچێکــی زیتەڵەو بزۆز لەبــێ کۆنترۆڵەوە دەستپێکرد و کۆنترۆڵیش ناکرێت، لەهۆڵەندا گەورە بووە، لەمنداڵییەوە دانس دەکات، حەزی لەجووڵەو وەرزش و مۆدە و گۆرانی مۆدێرنە، داکۆکی لەگەنجــەکان دەکات کە دەبێ جوان بژین، دەڵێت با گەنجەکان بۆڵە بۆڵ نەکەن و هەوڵبدەن شتێک بکەن وسەبارەت بە یەکەم ئەلبوومیشی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند"بۆ گەنج و گەنجەو بەس".

ئــەو کچە نــاوی (دەشــنێ مــوراد)ە، هەرچەندە دەڵێت نامەوێت کولتور بشکێنم و من بە کولتورەوە کوردم، بەڵام هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە دەڕۆن، ئەو ئەلبوومەشی هەوڵێکی شــکاندنی نەریتــە باوەکانــە و دەڵێت"بۆ ســەرکەتنی ئەلبوومەکەم چاوم لە پشتیوانی راگەیاندنی کوردییە".

دەشنێ ناوی ئەوکچەیە کە لەتەمەنی جوانی خۆیدایە و لەهۆڵەندا دەژیت، لەبەرنامەی (بێ کۆنتــرۆڵ)ەوە زۆر رەخنەی لێگیرا کە زمانی کوردی تێکــداوە و کوردییەکەی باش نییە، بەڵام ئەو بەردەوام بوو گەیشتە ئەو رادەیەی ئەلبوومێکی گۆرانی دەربکات بەناوی (هێلا هۆپ) کە یەکەم ئەزموونی گۆرانیبێژیە و لەم رۆژانەدا بڵاودەکرێتەوە.

دەشنێ موراد، 22 ساڵ، تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لەسلێمانی خوێنــدووە، دواتــر چووەتــە ئەورووپا، ژیانێکی ئەورووپی ژیــاوە و لەجووڵــە و قســەکانی ئــازادە، لــە 11 ســاڵییەوە دانسی کردووە، 2 ساڵ لەگرووپی دانس بووە لەهۆڵەندا و لەقوتابخانە بەشداری زۆر شانۆی کردووە کەدانسی تێدا کردووە.

هەموو کارەکانی دەشــنێ بــە رێککەوت دروســتبوونە، بەرنامەکەیشی (بێ کۆنترۆڵ) لە کوردستان تیڤی بە رێککەوت بوو، ئەو لە کەناڵێکی ئەورووپی گەورە وەردەگیرێت، بەڵام دایــک و باوکی رێگەی پێنــادەن بچێتە ئەو کەناڵە، پاشان بەرپرسی نووسینگەی ئەورووپای کوردستان تیڤی دەبینێت، رێکدەکەون لەسەر بەرنامەیەک، دەشــنێ هەر یەکسەر بەمایک و کامیراوە دەچێتە ســەر شــەقام و کوردە پەناهەنــدەکان دەدوێنێــت، ئەمەش دەبێتە بەرنامەی (بێ کۆنترۆڵ).

بەرپرســی KTV لەهۆڵەنــدا دەڵێت من (دەشــنێ)م لەدوکانێکی مۆروو فرۆش هێنا ئێستادەشنێ خیانەتی لەئێمەکرد، ئەم قسەیە دەشنێ دڵگران دەکات، دەڵێت "نەخێر وا نییە، خۆم پەیوەندیم بەکوردستان تیڤیەوە کردو لەگەڵ خەلیــل شــنگاری رێککەوتین، رێزیشــم هەیە بۆی"، دەشــنێ گوتیشی" KTV نوری چاوەمــە و بەهۆی ئــەوەوە ناسرام".

ئێســتا دەشــنێ خەریکــی ئامادەکردنی بەرنامەیەکە لەسەر کێشەی کورد لەئەورووپا و توندوتیژی دژی ژنان کە لەســتۆدیۆیەکدا نزیکــەی 500 کــورد دادەنیشــێت و گوێ دەگرێت، دەڵێت "لەبەرنامەکە خۆشی و جدیات تێکەڵە".

ئەو کچە هۆڵەندی – کوردییە هیچ رۆژێک بەخەیاڵیدا نەهاتــووە گۆرانی بڵێت، ئاماژە بەناوەکانی لەیلا فەریقــی و چۆپی و باخان دەکات کــە کاریگەریــان هەبووە لەســەری "زۆر شانازی بەو ســتایلە دەکەم کە ئێستا گۆرانیــم پێگوتووە، دڵنیام کەســێکی زۆر حەزیان لێدەبێت بەتایبەتی گەنجەکان چونکە ئەوان پێویستیان بەتازەگەری هەیە، حەزیان لەگۆڕانکاری خێرا و شۆک هەیە"، دەپرسێت "بۆچی من نەتوانــم بەکورێک بڵێم لێو بێنە سەر لێوم، تامی بکەم ناودەمت، شتێکی زۆر ئاساییە".

## (رووداو)ی هۆڵەندی زۆر ئازیزە لەلام



(فۆتۆ: حوسێن هیمەتی)

دەشنێ بەردەوام لەجووڵە ناکەوێت دەڵێت "بە پەلە قسە دەکەم، ئیتر چوومە لای دکتۆر گوتی دەبێ پراکتیک وەربگریت کە چۆن قسە بکەی".

(هێــلا هــۆپ) کــە یەکــەم ئەزموونی گۆرانیبێژی دەشنێ یە لە 8 تراک پێکهاتووە و 3 گۆرانــی کلیپ کــردووە، ئەلبوومەکەی بەسپۆنسەری کۆرەک موزیک و ستیل گرووپ بڵاو دەکرێتەوە، دەڵێت "زۆر حەز دەکــەم لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەلبوومەکە لەکوردستان کۆنسێرت بکەم". بۆ سەرکەوتنیشی لە بواری گۆرانــی وتندا لــە دەزگاکانی میدیا دەخوازێت کە پاڵپشــتی بکــەن و لە یەکەم کاری هونەریدا هاوکاری بکەن.

دەشــنێ،کە لە کلیپەکانی ئەو ئەلبوومەدا بەشــێوەیەک دەردەکەوێ کەکەس پێش ئەو لە گۆرانیبێژانی کورد وا دەرنەکەوتووە، بەوهۆیــەوە ئیدی هەســتیاربوون لە پیاوی کوردیش لەســەر جەســتەی ئافرەت کەمدەبێتــەوەو دەبێتە هــۆی کەمبوونەوەی توونتیــژی دژی ئافرەت"لەو کلیپانەمدا من دانس دەکەم بەشــێوەیەک کــە هونەرە، کە جەستە دەتوانێت بەشێوەی هونەری بەکاری بهێنێت".

لەکلیپەکــەدا دەشــنێ بەجلوبەرگێکــی ســەرنجراکێش دەردەکەوێــت، لەکاتێکــدا کولتــوری کوردی ئەمەی قبــوڵ نییە، بەڵام ئەو شانازی دادەنێ کە بتوانێت بەو شێوەیە دەرکەوێــت. ئەو رەخنەیــە رەتدەکاتەوە کە ئەمە لاســاییکردنەوەی گۆرانیبێژانی عەرەب بێــت بەتایبەتی (هەیفا وەهبی)، دەشــنێ خۆشەویســتی خۆی بۆ هەیفا دەردەبڕێت و لەبەر ئەوەی وەک ئەو دەڵێت "بەهۆی هەیفاوە هونەری عەرەبی زۆر پێشــکەوت"، بەڵام ئەو نایەوێت کۆپی ئەو بێت"لەبەر ئەوەی ئێســتا هــەزار و یەک هونەرمەنــدی عەرەب هاتوون لاسایی هەیفا دەکەنەوە، هەموویانم لا ئیزعاجە لەبــەر ئەوەی بەس هەیفــا دەتوانێت هەیفا بێت"، دەشنێ دەڵێت "هەیفا هەر دەڵێ ئاهو ئوو، منیش بێ کۆنترۆڵم، زۆر جیاوازین".

ئــەو کچە گەنجە بــەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە کە کارەکەی بۆ گەنجانە و دەیەوێت دڵیان خۆش بکات بە دانس و گۆرانی، ئەو بیر لەشــەوانی گەنجانی هۆڵەندا دەکاتەوەو دڵی بەگەنجانی کوردســتان دەسووتێت، دەشنێ دەڵێت "بەدڵنیاییەوە دڵم پێیان دەســووتا بۆ ئەوەی شتێکی خۆشیان پێشکەش بکەم، من زۆرم حەز لەخۆشییەو پێدەکەنم و دانس دەکەم و شێتی دەکەم، لەپاڵ ئەوەشدا زۆرم پێناخۆشە هەموو رۆژێک کە دەچمە دەرەوە خەفــەت بۆ گەنجەکان دەخــۆم، من لێرەوە دەڵێم بەســە گەنجەکان دانیشن و ببۆڵێنن، ئەگەر بتەوێت شــتێک بکەیت دەبێت خۆت بێیتە پێشەوە، لەبەر ئەوەی کەس بۆت ناکات، ئینگلیز گوتەنی (دەبێ خۆت خۆشــی خۆت دروســت بکەیت)." دەشــنێ رەخنە لەژیانی خەڵکی کوردســتان دەگرێت و دەڵێت "ژیان لێرە دوای کاژێر 5ی ئێوارە دەمرێت".

لەکولتوری کوردی دەرکەوتنی جەســتەی ژن قبوڵنەکراوە، زۆرجار ئەم حاڵەتە هەڕەشە و کارەســاتی لێدەکەوێتــەوە، بەپێچەوانەوە دەشــنێ لەجلوبەرگ و هەڵسوکەوت ئازادە و شانازی بەجەستەی خۆیەوە دەکات، پێیوایە ئەو تێگەیشــتنە هەڵەیە کە پیاوێک قسەی لەگەڵ بکات نابێ سینگ و قاچی رووت بێت بۆ ئەوەی تەماحی تێنەکات، دەشنێ دەڵێت نەخێر، چونکە منیش لەوانەیە تەماح لە پیاو و لاشــەی پڕ مووی بکەم "دەبێ من سەیری هەلومەرجەکە بکەم، ئایا من چی بکەم، بیرم کردەوە، خوایە چی بکەم، گوتم من هەر خۆم دەبم سەیری چاوی دەکەم کە قسەی لەگەڵ دەکەم کە شتێکی هەڵەی کرد یەکسەر پێی بڵێم، بۆ ئەوەی بترسێت".

دەشنێ یەکێکە لەوانەی کە دووچاری ئەو حاڵەتە بووەتەوە، ئەو بەراشکاوی باسی ئەوە دەکات کە لەکوردســتان کەسانێک هەبوونە بەچاوی سێکسی ســەیریان کردووە، دەڵێت "هەندێک کەس ویســتوویەتی شتێک بکەن، هەتا لەهۆڵەنداش و لەهەموو دونیا ئەو شتانە هەیە کە لەگەڵ کەسێک ئیش دەکەی تەماحت تێدەکات، بەڵام دەبێ ســەیری چاوی بکەیت و پێی بڵێت با بچینەوە سەر ئیشەکەمان، نابێت لێی بترسیت یان خۆت بشاریتەوە، دەبێ ئازا بیت".

"رووداو بەزمانی هۆڵەنــدی زۆر ئازیزە لەلام"، ئەمە هەستی (دەشنێ)یە بەرامبەر بــە وێبســایتی (رووداو) بەزمانی هۆڵەندی و، بــاس لەگرنگی ئەو ماڵپــەڕە دەکات کە گەنجانی هۆڵەندی دەیخوێننەوە و بە هۆیەوە ئاگاداری هەواڵەکانی کوردستانن، دەڵێت "برا بچووکەکەم 18 ســاڵە و بــەردەوام رووداوی هۆڵەندی دەخوێنێتەوە".

دەشــنێ ئێســتا تەنیایــە و پەیوەندی خۆشەویســتی نییــە "لەخــوا بەزیــاد بێ پەیوەندیم نییە، تا ئێســتا کەسیشم خۆش ناوێت". گوتیشی"بۆ من ئاساییە هەتا ئەگەر لەگەڵ ئەفریقییەکانیش پەیوەندی ببەســتم ئاســاییە، هەر ئەوەندە منی خۆش بووێت و رێزم بگرێت".

ئێســتا پێیەکی لەکوردســتان و پێیەکی لەهۆڵەندایە، دەیەوێت بەیەکجاری بگەڕێتەوە کوردســتان، بەڵام لەبەر ئەوەی خوێندنەکەی لەهۆڵەندایــە ناتوانێــت، دەگەڕێتــەوە بــۆ یادەوەرییە خۆشــەکانی منداڵی و یاریکردن لە کــۆڵان و قوتابخانــە، وەرگرتنی دینارێک بۆ نوقل کڕین، گەشتە خێزانییەکانی بۆ هەورامان چونکە دایکی هەوارامییە "کە دەچمــەوە هۆڵەنــدا زۆر بیری کوردســتان دەکەم". هەروەها دەڵێت "خەڵکــی هۆڵەندیم زۆر خۆشدەوێت، خەڵکێکی هاوکارن، بەڵام من جنســیەم هەیە، قاچێکم لێرە و قاچێکم لەوێ دەبێت".

ئەو پێدەکەنێت و زۆر گەشــبینە بەژیان لەکوردستان دەڵێت "هۆڵەندا وڵاتێکــی جوانە، بــەڵام من هەر دێمەوە کوردستان".



# کوردستان فەرشی سوور بۆ هۆڵیوود رادەخات

## هۆڵیوود دەبێتە هاوپەیمانێکی بەهێزی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کورد

**چارڵس لیڤینسن**
**سلێمانی – عێراق**

هەفتەی رابردوو، سینەماکارانی هۆڵیوود، گردەکانــی "بێڤرلــی" یان بــە گردەکانی باکووری عێراق گۆڕیەوە، ئەمەش بەمەبەستی هەڵســەنگاندنی ناوچەکە بۆ پیشەســازی فیلمسازی.

شــاندەکەی هۆڵیــوود کە پاســەوانانی تایبەتیشیان لەگەڵدا بوو، بەنێو کوردستاندا بەئوتومبێلی دژەفیشەک گەڕان. لە پێچێکی لێژدا، سێرجی بۆدرۆف، دەرهێنەری فیلمی (مەنگــۆڵ)ی ســاڵی 2007 کە باس لە ژیانــی جەنگیز خــان دەکات، کاروانی ئوتۆمبێلەکانی راگرت، بۆئەوەی وێنەی دۆڵ و دەشــتە پان و بەرینەکەی ئەو ناوچەیە بگرێت.

لــەم بارەیــەوە بــۆدرۆف کە بەنیــازە ئــەو ناوچەیــە بــۆ ئەنجامدانــی کاری داهاتــووی بەکاربێنێت،گوتی"دەمەوێت بۆنی عێراق بکەم،خەڵکەکــەی ببینم، ئەگەرەکان لێکبدەمەوە .مــن نامەوێــت لــە ماڵیبــوو (ناوچەیەکی نێزیک هۆڵیوودە) فیلم دەربێنم، ژیان لێرە سەرنجراکێشترە: ناکۆکی لەئارادایە، شەڕ هەیە، خەڵکی لەنێو شەڕدایە و بەدوای چارەسەریدا دەگەڕێن".

بــۆدرۆف، پێداچوونەوەی دوو ســیناریۆ دەکات کــە بە نیــازە لێــرە ئەنجامیبدات، یەکێکیان باس لە پیاوێکی ئەفریکای باشوور دەکات کە لە دوای شەڕی عێراق دێتە بەغدا و دەیەوێت پارێزگاری لــە باخچەی ئاژەڵان بکات. سیناریۆکەی دیکەش بریتییە لە ژیانی وێنەگرانی نێو جەنگ.

بۆ کورد کــە لــەم ناوچەیــە دەژین و بۆ ماوەیەکــی زۆر لەژێر دەســەڵاتی ســەدام حوســێندا چەوســێنراونەتەوە،هۆڵیوود هاوپەیمانێکی بەهێزە بۆبەدەستهێنانی ئامانجە مێژوویەکەییان کە ئەویش سەربەخۆییە.

کورد بەشــێکن لە عێراق، بــەڵام لەچاو خەڵکــی پارچەکانــی دیکەی عێــراق، لە خۆشــگوزەرانیدا دەژین و هێزی ئاسایش و گرووپی دیپلۆماتیکی تایبەتی خۆیان هەیە.

لەکاتێکدا، ئەمەریکا لە خۆئامادەکردندایە بۆ کێشــانەوەی هێزەکانی لەعێراق، هەندێ لە بەرپرسانی ئەو هەرێمەی نیگەرانن لەوەی رەنگە بەو کارەی ئەمەریکا، ئۆتۆنۆمییەکەیان بکەوێتە مەترســیەوە. لەمبارەیەوە نەجات عەبدوڵڵا بەرپرســی بەشــی کولتووری لە نوێنەرایەتــی حکومەتی هەرێمی کوردســتا لەواشــنتن گوتــی" ئــا لێــرەدا هۆڵیوود یارمەتیــدەرە، هۆڵیــوود دەتوانــێ جیهان بگۆڕێت. ئێمە پێویستمان بە هاوڕێی باشە لە سەرانسەری جیهاندا، لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئێمە لەو ناوچەیەدا سەت لەسەت سەقامگیر نییە. ئێمە پێویستە خەڵک ئاگادار بکەینەوە لە چەوســانەوەمان، لەبەرئەوەی نامانەوێت جارێکی دیکە مێژوو دووبارە ببێتەوە".



### بۆ فیلم دروستکردن ژیان لە کوردستان سەرنجڕاکێشترە نەک لە هۆڵیوود

دەرهێنەری سینەمایی سێرجی بۆدرۆڤ

کوردســتان، هاوسنووری تورکیا، ئێران، ســووریا و عێراقەو، لەژێر دەست هەموو ئەو وڵاتانــەش ئازار و مەینەتی چێشــتووە. لە ساڵانی هەشتاکاندا، سەدام چەکی کیمیایی دژی کورد بەکارهێنا و بــە هەزاران کوردی کوشت.

ئەو کەسایەتیانەی لە هۆڵیوودەوە هاتبوون بریتیبوون لە، ئەلیزابیت دالی راگری قوتابخانەی فیلمی زانکۆی باشــووری کالیفۆرنیا، ناوبراو پێشــنیازی بانگهێشــتکردنی20 فلیمسازی گەنجــی کوردی کــرد بــۆ قوتابخانەکەی، بەمەبەســتی ئەنجامدانــی وۆرکشــۆپێکی بەسوودی سێ مانگی.

تێــد مانــدۆرۆف، بەڕێوەبەری گشــتیی ســینەماکانی لاندمارک، کە بۆ دروستکردنی یەکەم هۆڵی سینەما هاتووەتە کوردستان.

لە ســاڵی 2003وە، باکــووری عێراق کە کورد کۆنترۆڵی دەکات، بە ئارامی ماوەتەوە، ســەرەڕای ئــەوەی پارچەکانــی دیکە ئەو وڵاتە ببــووە گۆڕەپانی خوێــن. پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنــەوەو کڕین دیمەنی شــارەکانی کوردی داپۆشیوە.

ئەمە ئەو پەیامەیــە کە نەجات عەبدوڵڵا هیواداره میوانەکانیان بۆهۆڵیوودی بەرنەوە"بۆ ئەوەی خەڵگی دیکە ئاگادار بکەنەوە کە ئێمە کێین و چیمان دەوێت، هەروەها کە کوردستان شوێنێکی خۆشە بۆ کار کردن".

هەروەکو هێرۆ تاڵەبانی، خانمی یەکەمی عێراق گوتی" فیلم، ئــەو رێگایەیە کە ئێمە دەتوانین بەهۆیەوە چیرۆکی خۆمان بە جیهان رابگەیێنیــن". هێرۆتاڵەبانی هیــوادارە کە فیلمەکانی دەربارەی کورد هەمان کاریگەری هەبێــت هەروەکــو چۆن فیلمی (لیســتی شــیندرەڵ Schindler's List) هەیبــوو دەربارەی هۆڵۆکۆست.

ئەم گەشــتەی هۆلیوود، بەهاری رابردوو هاتە ئاراوە، کاتێک لەسەر مێزی نان خواردن لــە بیڤەرلی هیڵز، ســتیڤن لۆکاســکیۆی ریکلامکاری هۆڵیوود، پێشــنیازێکی خرایە بــەردەم کــە هەرگیز لە ماوەی 20 ســاڵی کارکردنیــدا بەر گوێــی نەکەوتبوو. نەجات عەبدوڵڵا ویســتی کۆمپانیاکەی لۆکاسکیۆ، کورد وەکو موشتەری قبوڵ بکات.

کۆمپانیای لۆکاسکیۆ لەوەوپێش هەڵمەتی رێکلامــی بــۆ چەندیــن ئەکتــەر و فیلمی بەناوبانگ ئەنجامداوە، بــەڵام وەکو زۆربەی خەڵکی نێو هۆڵیــوود، ئەو هیچی دەربارەی کورد نەدەزانی.

لــەم بارەیەوە لۆکاســکیۆ گوتی" کە لە لۆسئەنجلسەوە تەماشای عێراق دەکەی هەروا دەزانی بیابانێکی وشکە و تەنیا خۆڵ و گەرمی تێدایە و بەردەوام گوێمان لە هەواڵی کوشتن و بڕینە و واماندەزانی باکووریش هەر بیابانە، کەچی ببینە چەند ئارامە؟".

لۆکاسکیۆ لەدرێژەی قســەکانیدا دەڵێ" ئەمە خوێنی چەند ســاڵ خەباتە، بەڵام لە کۆتاییدا هەر بەرهەمێکی رێکلامییە".

ناوبــراو، بەڕێوەبەرانــی ســتۆدیۆ، بەرهەمهێنەران و ئەکتەرانی لەو کارە ئاگادار کردەوە و پرسیاری لێکردن کە ئایا حەزدەکەن بچنە عێراق. هەر کە دەنگۆ بڵاوبووەوە، ئەو پرســیارانە دەکرا کە ئایا "دەتوانین بچین، چۆن دەگەینە ئەوێ؟".

ئەو گرووپــە بچووکە،ماوەی پێنچ رۆژ لە کوردســتان مانەوە و چاویان بە بەرپرسان و فیلمســازانی کــورد کــەوت و ئامــادەی ئێوارەخوانێکی هێرۆ تاڵەبانی بوون و پاشان ســەردانی قوتابخانەیەکــی هونەریان کرد و لــەوێ قوتابیانی شــانۆکار دیمەنێکیان لە چیرۆکی (هاملێت) بە کوردی پێشکێشــی میوانەکان کرد.

لەم بارەیەوە قوتابییەکی شانۆکار بەناوی شەوکەت عەبدوڵڵا گوتی" هیوادارم ئەوە دوا هەلم نەبێت، لەبەرئەوەی لە گرنگترین دێردا هەڵەم کرد".

هەندێجــار، پیشەســازکارانی هۆڵیوود و دیزانەرەکانیان دوورن لە کوردی میواندارەوە. گفتوگۆی ســەر مێزی نانخواردن لە چەکی کیمیاوی و جینۆسایدەوە دەچێتە سەر دەنگۆ و هەواڵەکانی نێو هۆڵیوود.

بــەڵام ئەوان بۆشــاییەکی هاوبەشــیان دۆزییــەوە، وەزیری دەرەوەی کورد باســی لەوە کرد کە ژیانی کورد زۆر دوورە لە ژیانی عەرەبی ناوچەکانــی دیکەی عێراق، ئەمەش رەنگە هۆڵیوودیش بگرێتەوە.

بۆررۆڤی دەرهێنەر لــەو بارەیەوە گوتی" کوردســتان وەکــو کالیفۆرنیایــە، ئێمەش هەروەکو ئەوان لە پارچەکانی دیکەی وڵاتەکە (ئەمەریکا) ناچین".

لە رۆژنامەی (USA Today) وە




دیمەنێک لە شاری هۆڵیوود

## تاراوگە



**70ستۆری کوردی لە ناشڤیل**

**ڕووداو- ڤاندەربیلت**

◆ بەڕێوەبەری ئەرکایڤی کوردی لە ناشڤیل لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە کورد لەسەرەتای هەفتاکان چوونەتە ئەمەریکا وبەتایبەتیش لە شاری ناشڤیل جێگیربوون کە ئێستا نزیکەی 10 هەزار لەو شارەدا دەژین. بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی (ڤاندەربیلت) لە ناشڤیل پتر لە 70دوکان وشوێنی بازرگانی وەک سەموونخانەو پێشانگەی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل هەن کە خاوەنەکانیاز کوردن.

# بەرنامەی کوردی ڕادیۆی ئەڵمانیا سەری بۆ گورگە بۆرەکان دانەنواند





**تایبەت بە ڕووداو**

لەساڵی 1985 ڕۆژنامەنووسێکی ئەڵمان، بەرێکەوت چەند کوردێکی ناسی، ئەو ناسینە بووە هەوێنی دامەزراندنی بەرنامەی کوردی لە ڕادیۆی ئەڵمانیا WDR، ئەو ڕۆژنامەنووسە و کارمەندانی بەرنامەکە لە هەڕەشەی تورکان نەترسان و بەرنامەی کوردی شانبەشانی حەوت زمانی دیکە بەردەوامە و، تاوەکو ئێستا هەموو ڕۆژانی یەکشەممە بۆ ماوەی یەک کاژێر ڕاپۆرت و هەڤپەیڤین بە هەردوو شێوازاری کرمانجیی سەروو و خواروو پێشکێش دەکات.

یۆرگەن هۆپێ، ئەو ڕۆژنامەنووسەیە کە بە هاوکاری چەند کەسێکی دیکە بەرنامەی کوردی لە ڕادیۆی ئەڵمانیا دامەزراند، لە ڕادیۆی ئەڵمانیا WDR لە نۆرد ڕاین، کە یەکێکە لە 11 دەزگا ڕاگەیاندنیەکەی 16 هەرێمە فیدرالییەکەی ئەڵمانیا. ئەو سوودی لەو دەرفەتە وەرگرت کە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەڵمانیا هەوڵیاندەدا گرووپە کۆچبەرەکان لەئەڵمانیا بە زمانی خۆیان بەرنامە بڵاوبکەنەوە "دەرفەت هەبوو بە هەشت زمان بەرنامە بڵاوبکەینەوە، کە عەرەب لە ریزی یەکەمدابوون، بەڵام لەبەر ئەوەی دژی یەکتری بوون و عەرەبەکانی هەر وڵاتێک دەیانویست نوێنەری وڵاتی خۆیان بن و ئێمەش دەمانویست ڕۆژنامەنووس بن نەک سیاسی کاری ئەوان سەرینەگرت".

هووپە، کە وەک خۆی دەڵێ " من زۆر شەیدای موزیکی کوردیم و هەر لە ڕێگەی موزیکی کوردیشەوە کەمە ئاشناییەکم لەگەڵ کورد پەیداکردبوو ". لەساڵی 1985، کە ئەوکات لە WDR کاری دەکرد، دەچێتە ئاهەنگێک، کە وایدەزانی تورکن"بەڵام کە چوومە ئەوێ بۆم دەرکەوت ئەوان تورکی تێناگەن و کوردن، چەند ڕۆشنبیرێکی کوردم لەوێ ناسین، بەو شێوەیە کە دواتر بۆ کردنەوەی بەرنامەی کوردی بانگەوازمان بڵاوکردەوە بەدەنگمانەوە هاتن". بەرنامەکە سەرەتا بە کرمانجی سەروو بوو، بەڵام ئێستا بە هەردوو شێوەزارە سەرەکییەکەی کوردە.

یۆرگەن دەڵێ "ئەوکات یەک ڕستەی کوردیت لە تورکیا بگوتبا دەکەوتییە زیندان، کە ئەو بەرنامەیان دامەزراند تورکەکانی دانیشتووی ئەڵمانیا زۆر نامەی هەڕەشەیان بۆ ناردین، بەڵام گوێمان پێنەدان". هەروەها دەڵێ لەسەرتاسەری جیهان ئەوکات هەوڵدان هەبوون بۆ کردنەوەی بەرنامە و بەشی کوردی لە ڕادیۆیەکانی جیهان "بەڵام هەموو هەوڵەکانی بەهۆی هەوڵەکانی تورکیا تێکدەچوون، بۆیەش کە بەرنامەی کوردی ڕادیۆی ئەڵمانیا لە 1987/2/22 کرایەوە، کورد زۆر پێی دڵخۆشبوون و دواتر زانیمان کوردە دانیشتووەکانی ستۆکهۆلم بەرنامەکەیان بە تەسجیل بڵاوکردەوە".

هووپە ڕۆژی کردنەوەی بەرنامەی کوردی بە "ڕۆژێکی مێژوویی" ناودەبات و دەڵێ " تورکە شۆڤێنییەکان و گورگە بۆرەکان لە ئەڵمانیا هەربەردەوامبوون، ئەوان زۆر شێت و نەزان بوون و پلاکارتیان لە دیواران دەدا کە لەسەری نووسرابوو: ستۆپ بەرنامەی کوردی شەپۆلی 87.7"، ئەو پلاکارتە بەوشێوەیە لەجیاتی دژایەتی بووە پشتیوانی بەرنامەی کوردی، چونکە شەپۆلی ڕادیۆیی بەرنامەکەی بە خەڵک دەدایە ناسین. هەروەها هەوڵی حکومەتی تورکیاش بۆ وەستاندنی بەرنامەکە سەری نەگرت " چونکە لە ئەڵمانیا دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی سەربەخۆن، حکومەت دەتوانێ فشاریان لەسەر دروستبکات، بەڵام ناتوانێ بەرنامەکانیان دابخات".

هووپە دەڵێ، دوای ئەوەی پرۆفیسۆر ئۆریش پیتسۆلدی ناسی " ئەویشمان خستە تەپکەی کوردییەوە و هاوکاری کردین بۆ دامەزراندن و ئامادەکردنی کادری ئەو بەشە، کە ئێستاش بەردەوامە و شەش کەس بە سەرپەرشتی ئەڵمانێک کاری تێدا دەکەن ". بەڵام سەبارەت بە نزیکبوونەوەی لە کورد دەڵێ " کوردەکان منیان خستە تەپکەی کوردییەوە".

پرۆفیسۆر ئۆریش پیتسۆلد، کە مامۆستای زانکۆی دۆرتمۆندە و یەکێکە لە ئەندامانی گرووپێکی ڕاوێژکاریی، ئەنگێلا مێرکلی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵ کۆچبەرەکان لەئەڵمانیا، ئەوە دوو ساڵە لەگەڵ یوگەن هووپە، کار لەسەر دامەزراندی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان AKnews دەکەن، کەلەلایەن دەزگای ئاراس بەڕێوەدەبرێ و ڕۆژی 2008/11/20 لە هەولێر کرایەوە.

هووپە کاتێک پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام بۆ یەکگرتنەوەی پەرلەمانی کوردستان، سەردانی کوردستان دەکات، لە هەولێر لە عەبدولسەلام بەراوری، کە ئەوکات بەرپرسی دەزگای برایەتی و خەبات بوو،دەپرسێ ئێوە بۆچی لە کوردستان بە ئۆرگانی حیزبی کاردەکەن و ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ دروستناکەن " عەبدولسەلام پێیگوتم پێویستیمان بە هاوکاری ئێوەیە، وەک چۆن ئەمریکییەکان لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم بۆ دروستکردنی ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ یارمەتی ئێوەی دا، کە چوومەوە لەگەڵ پرۆفیسۆر پیتسۆلد کارمان لەسەر ئەو بیرۆکەیە کرد، بەڵام هەوڵەکەمان ئەوکات سەرکەوتوو نەبوو، چونکە پێویستی بەهاوکاری هەبوو،نەشیاندەزانی بۆچی گرنگە".

هووپە دەڵێ لەسەردانی ئەمجارەی بۆ کوردستان کاتێک باسەکەی لەگەڵ عەبدولسەلام بەروای کردەوە، ئەو پێشنیازەکەی خۆی لەبیر نەمابوو. هەروەها ڕەخنەی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش گرت چوونکە وەک ئەو دەڵێ " چووم لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پێشنیازی دروستکردنی ئاژانسێک بۆ کوردستان بکەین، بەڵام وەڵامیان نەدایەوەو وەک مەسەلەیەکی ڕەمزی مایەوە".هەروەها گوتیشی ئەو سەندیکایە ڕێگری بۆ ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان دروستدەکات" چونکە هەندێکیان هێشتا بەشێوازی کۆنی بەعس کاردەکەن و کێشەی خۆکردنەوەیان بۆ بیرکردنەوەی نوێ هەیە، چونکە هەموویان وەک جەنگاوەری حیزبی گەورەبوون و زۆر زەحمەتە خۆیان بگۆڕن و دەست لەو خەتە حیزبییە بەربدەن، هەر لەبەر ئەوەش دژی پرۆژەکەی ئێمە بوون".

هووپە کە لەکاتی شەڕی براکوژی لەساڵی 1996یش سەردانی باشووری کوردستانی کردووە، لەم دووساڵەی دواییشدا سێ جار سەردانی کوردستانی کردووە، ئەو ئەوکات و ئێستای باشووری کوردستان بەراورد دەکات و دەڵێ " ئەوکات کورد لەنێوخۆدا یەکتریان تێکدەبرد و زۆرجار لەلایەن وڵاتانی دراوسێ بەکاردەهێنران، بەڵام ئەمڕۆ کوردستان بە سیاسەتێکی عاقڵانە کەوتووەتە سەر ڕێگەیەکی تەواو".

هووپە ئێستا زۆر دڵخۆشە کە بەدامەزراندنی بەرنامەی کوردی کاری بۆ کورد کردووە، هیوادارە ئەو ئاژانسە تازەیەش کە ئەوان زۆر خۆیان پێوە ماندوو کردووە سەرکەوتووبێ، هەروەک چۆن لە کۆتایی وتارەکەیدا لەکاتی کردنەوەی ئاژانسەکەدا گوتی " خێری پێوەبێ".

کارمەندێکی بەرنامەی کوردی ڕادیۆی ئەڵمانیا لە کاتی مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکەی لەلایەن دەرهێنەرێکی ئەڵمانەوە

(فۆتۆ: ڕووداو)



**Yurgen Hoppe**

–لەساڵی 1938 لەدایکبووە.
–سیاسەت و ئەدەبی ئەڵمانی خوێندووە.
–لە ڕۆژنامەی (دیتسایتۆنگ)ی ئەڵمانیا دەستی بەکاری ڕۆژنامەڤانی کردووە.
–لەساڵی 1984 چووەتە WDR.
–لە ساڵی 2003 خانەنشین بووە.

**کوردەکان منیان خستە تەپکەی کوردییەوە منیش پرۆفیسۆر پیتسۆلدم خستە ناویەوە**

یوورگەن هۆپێ

# کوردستان دێ دەستی ژ ئیستەنبول ستینیت



**سلێمانێ ئالیخان**

silemani__alixani@yahoo.com

**ڕووداو- ئەڵمانیا**

ئەو خودانێ شیعرێت سترانێن دەنگڤەداییێن هەردوو سترانبێژا، حەسەن شەریف و زەکەریا عەبدوللایە. هەرکەسێ حەسەن شەریف بناسیت بێگومان گوهدارییا سترانێن ( لالەش، کانیا ئەڤینێ) کرییە و ئەوێ زەکەریا بناسیت بێگومان گوهدایە ( سروودا کوردستان، سترانا تیلینان)، کو تێکستێن وان ژ لایێ ئەدیب چەلکی ڤە هاتینە دروستکردن.

هەلبەستڤانێ ناڤدارێ کورد ئەدیب چەلکی، دهەڤپیڤینەکێدا دگەل (ڕووداو)، ل ئەلمانیا، ل دۆر ڕەوشا سترانا کوردی و پێشخستنا کارێ هونەری ل باشوورێ کوردستانێ پەیڤی . هەروەسا ئەدیب چەلکی،داخواز کر کو (ڕووداو) بێتر پووتەی ب کوردێن ئەوروپا بدەت و پتر خوە ل زاراڤێ کرمانجی بکەتە خودان.

هەلبەستڤانی دیارکر کو ئەو نها مژوولی نڤیسینا تێکستان و هاریکاریکردنا سترانبێژێن نوی پێگەهشتی یە و ئاماژە ب گەنجەکی کر کو ل تەنشت وی ڕونشتبوو و گۆت "ڕێکێش سەیرانی، خودان بەهرەیەکا نە نۆرمالە، ژ بلی دەنگێ وی یێ گەلەک خۆش، ئەو گەلەک جوان سترانێ دبێژیت و کۆنترۆلا دەنگێ وی ژی د دەستێ وی دایە و ل گۆر تەمەنێ خوە یێ بچووک، مرۆڤەکێ ڕەوشەنبیرە و باش ل کارێ خوە دزانیت". ب گۆرەی ئەدیب چەلکی ڤی گەنجێ کورد پاشەڕۆژەکا گەش دسترانا کوردیدا دێ هەبیت . هەر ژ بەر ڤان تایبەتمەندییان، هەلبەستڤان ئەدیب چەلکی تێکستەکا خوە دایێ کو بکەتە ستران و مامۆستایێ موزیکڤانێ کورد دلشاد محەممەد سەعید ژی ئاوازێ ژێ ڕە دروست دکەت "تێکستەک ب ناڤێ (پەیڤێن شەرمزار) من دایە ڕێکیش سەیرانی، ئەو ژ وان تێکستانە کو ئەز د وێ باوەرێ دا مە ئەز جارەکا دی تشتەکی وەسا نانڤیسم، یەکا دی ژی (گەر تۆ هاتی) و چەندێن دی ژی، ئاوازدانەرێ هێژا ئەنەس ئێمینکی ئاوازێن وان دادنێت".

ئەدیب چەلکی بەریا نۆکە هەلبەستێن خوە داینە هونەرمەندێن مەزن یێن وەکە حەسەن شەریف و زەکەریا و شاکارێن سترانێن کوردی ژێ چێبوون و دەنگڤەدانەکا مەزن پەیداکر. چەلکی وەها بەحسا وان ستران و هونەرمەندان دکەت "بەری ئەز هەلبەستێن خوە بدەم وان، ئەو هەردوو هونەرمەند ناڤودەنگییا خوە هەبوو، لێ بێگومان هەلبەستا من خزمەتا سترانا وان کر، چونکی هەموو پێکهاتەیێن سترانا سەرکەفتی د وان هەلبەستێن من دا کۆمبببوون".

هەلبەستڤانی دیارکر کو نۆکە ژی پەیوەندیا وی دگەل حەسەن شەریف هەیە "من سێ سترانێن دایە حەسەن شەریف، لێ وی تنێ دوو یێن ئاوازکرین". ئەو سترانێن حەسەن شەریف ژ ئالیێ سیار بامەرنی ڤە ئاواز ژێ ڕا هاتیە دانان "ئەڤ ژی تشتەکێ نوی یە، چونکی هەتا نها پتریا جاران حەسەن ب خوە ئاواز دادنان". ب گۆرەی چەلکی سیار بامەرنی ئاوازدانەرەکێ زیرەک و هێژایە لێ ژ بەر کاودانێن ژیانێ ناگەهیت و یێ ژبیرکرییە "ئەز سیار بامەرنی وەکە یەک ژ ئاوازدانەرێن هەرە باش یێن کورد دبینم". ئەدیب چەلکی د سەر ڤێ قەرەباڵەغا ئاوازدانەرێن کورد ڕا دبێژیت "پرسگرێکا سەرەکی یا سترانا کوردی یا نوی، نەبوونا ئاوازدانەرانە کو مخابن مە نینن".

**ئەڤە دوو سالن من ئاگەهـ ژ زەکەریا نەمایە**

هەلبەستڤانی هەروەسا بەحسا هونەرمەند زەکەریا ژی کر وگۆت "بێی کو سەدەمەک هەبیت، ئەڤە دوو سالن من ئاگەهـ ژ زەکەریا نەمایە".کو بەرێ تێکستێن وی ئەوێن کو ژ لایێ زەکەریای ڤە بووینە ستران دەنگڤەدانەک مەزن هەبوون و زەکەریا پتر پێ هاتە ناسین و ناڤدار بوون.

لێ دیسان ژی، سەرەرای نەمانا پەیوەندییا وی دگەل زەکەریا، ئەدیب چەلکی یێ بەردەوامە دگەل هونەرمەندێن سۆرانی ئاخێڤ و نها سێ ستران داینە هونەرمەند ئەژدەر وەهبی و سترانبێژی ب خوە ئاوازێن وان دانانە "هەرچەندە ئەژدەر خەلکێ سلێمانییێ یە، لێ فۆنەتیک گەلەک باش زەفتکرییە و ئەز ژێ ڕازیمە".

**کوردستان دێ دەستی ژ ئیستەنبول ستینیت**

ژ بلی نڤیسینا تێکست و هاریکارییا سترانبێژان، ئەدیب چەلکی هەروەسا هاریکارییا مامۆستا دلشاد محەممەد سەعید ژی کرییە دپرۆژەیێ ئەکادەمیا موزیکێ دا کو ئەڤە دوو سالن بریارا ڤەکرنا وێ ل دهۆکێ هاتیە دان . ئەدیب چەلکی دیارکر کو ل شوباتا 2006 مۆلەتا ڤی پرۆژەی ژ لایێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ هاتییە دان و پارچە زەڤییەکا هەشت هزار متری ژی بۆ ئەکادیمیێ هاتیە تەرخانکرن و ل سەر ناڤێ مامۆستا دلشاد محەممەد سەعید هاتیە تاپۆکرن.پشتی کو وی و دلشاد محەممەد سەعیدی ل داوییا سالا 2005 سەرەدانا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتا کوردستانێ کر.

ئەدیب چەلکی، دبێژی "مامۆستا دلشاد محەممەد سەعید گەلەک یێ هشیارە ل سەر ڤی پرۆژەی، هەتا دیکۆرێ چێکرنا ئاڤاهیێ ئەکادیمیێ خلاس بوویە و پرۆژە ب هەمی ڤە ژ پارێزگەها دهوکێ ژی دەرباز بوویە جڤاتا وەزیران، کەنگی بریار دا پارە بهێتە تەرخانکرن دێ دەست ب ئاڤاکرنێ هێتە کرن". چەلکی نزانیت پارەیێ کو بۆ ڤی پرۆژەی هاتینە تەرخانکرن چەندە " لێ مسۆگەر پارەیەکێ زۆرە".

هەروەک چەلکی داخویاکرن بیرۆکەیا پرۆژەیێ ئەکادیمێ یا موزیکڤانێ ناڤدار دلشاد محەممەد سەعید بوو، "ئەم گەلەک تشتان دسترانا کوردی دا دبینین و گازندا ژێ دکەین و دبێژین ل دهۆکێ، هەولێر، سلێمانیی و کوردستانێ ب گشتی گەلەک کێنجا ئاوازێن جیرانان یا ل سەر هەی (کو کێنجەکا نە نۆرمالە)، ئەڤجا ئەگەر مە بڤێت گوهەرینەکێ دروست بکەین، دڤێت ئەو ئەکادیمی ڤەببیت و موزیکڤان ل سەر بنگەهەکێ زانستی بهێن پەروەردە و فێرکرن کو بشێن سامان و فۆلکلۆرێ مە پتر ناسبکەن و ب پارێزن و ب شێوەیەکێ جوانتر نیشانی جیهانێ بدەن". ئەدیب چەلکی د وێ باوەرێ دایە کو ئەکادمییا مۆزیکێ ل دهۆکێ دێ بیتە وەرچەرخانەک و "ب دیتنا من ئەو پێنگاڤا یەکەمینە کو کوردستان ببیتە سەنتەرێ مۆزیکا ڕۆژهەلاتێ و جهێ ئیستەنبولێ بگریت".



ئەدیب چەلکی

# ژنێک نەیهێشت مێردەکەی مانگی هەنگوینی دووەمی تەواو بکات

## 6 ژن بەتاوانی کوشتنی مێرد و کەسوکاریان لە هەولێر زیندانیکراون

**سۆران بەهائەدین**
**رووداو-هەولێر**

دوو منداڵەکـــەی شـــەهێن ئـــەو رۆژە لە باخچەی ســـاوایان نەبوون، بەڵکو بەجلێکی کـــۆن و چڵکنەوە لەگەڵ دایکیـــان لەزیندان بوون، ئەوان هیچ تاوانێکیان نەکردبوو، بەڵکو بـــە ئاگری تاوانی دایکیان ســـووتابوون، دوو منداڵەکە سەیری ریکۆردەرەکەی (رووداو)یان دەکرد،ئەوکاتەی بەسەرهاتی کوشتنی باوکیانی تۆمار دەکرد . هەرچەندە ویستمان منداڵەکان دووربخەینەوە تا گوێبیستی کوشتنی باوکیان نەبن، بەڵام شـــەهێن دەیگـــوت لێیان گەڕێن "تازە ئەو منداڵانە لەگەڵ بیســـتنی کوشـــتن

**خۆم چوومە دادگا و رازیبووم ژنی دووەم بێنێت، بەخورشیدم گوت بەس بۆمان باشبە حەز دەکەی 10ژنی دیکە بێنە**
**ژنە زیندانییەکەی خورشید**

راهاتوون".

ئەو ژنە دەڵێ ئەو وەک بەرگری لەخۆکردن، رووی ئەو دەمانچەیەی کردە مێردەکەی، دوای ئەوەی زۆری لـــێ پاڕابووەوە کە نەیکوژێت و بیباتـــەوە ماڵی باوکی، بەڵام برای مێردەکەی دەڵێ ئەو قســـانە راســـت نین، ئەو بەخۆی چووە دەمانچەکـــەی هێناوەو برایەکەی ئەوی کوشتووە.

هـــاوکات لەگـــەڵ تەواوبوونـــی گفتوگۆی پەرلەمان لەپـــرۆژەی هەموارکردنی یاســـای باری کەسیی لە کوردستان، کە تێیدا فرەژنی مەرجدارکـــرا، بەڵام قەدەغەنەکرا، کێشـــەی شەهێن و خورشـــید کە بە مەرگی خورشید کۆتایی هات، وەک دیارە هۆکاری ســـەرەکی دەگەڕێتـــەوە بۆ نەریتی فرەژنی، لە ئەنجامی ئەو کێشەیەش دا سێ منداڵ بێ باوک بوون و دایکیشیان کەوتە زیندانەوە.

شـــەهێن ناوی خوازراوی ئـــەو ژنە تەمەن 32 ساڵییەیە، کە ئێســـتا لەبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی نێوجەوانان و ئافرەتان زیندانیکراوە. دوای ئەوەی شەوی 16لەسەر 2008/11/17 لەگەڕەکی کورانی عەنکاوەی شـــاری هەولێر، مێردەکـــەی خۆی بە دوو گوللـــەی دەمانچە کوشـــت. ئەو کە دایکی ســـێ منداڵە، تەنیا دووکوڕی لە زیندان لەگەڵە، کوڕەکەی دیکەی لەلای کەســـوکارییەتی، لەکاتـــی گێڕانەوەی رووداوی کوشتنی مێردەکەی ناو بەناو دەستی بەسەر سەری دوو منداڵەکەدا دەهێنا.

بەپێـــی ئەو ئامـــارەی دەســـت (رووداو) کەوتووە، ئێستا 6 ژن بەتاوانی کوشتنی مێردو کەسوکاریان، یان دەستهەبوون لەکوشتنیان لەبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان زیندانیکراون.

بەپێـــی گێڕانەوەی ئەو ژنە، خورشـــیدی مێردی، پێنج ساڵ بوو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێک هەبوو، دوای ئەوەی ویستویەتی مـــارەی بکات، ئەو لـــەدادگا رەزامەندی داوە بـــۆ ئەوەی ژنی بەســـەربێت "خـــۆم چوومە دادگا رازیبووم و، پێم شـــتێکی ئاسایی بوو، بەخورشـــیدم گوت بەس بۆمان باشـــبە حەز دەکەی 10ژنی دیکە بێنە".

خورشید رەســـول،تەمەن 34ساڵ، هەشت ساڵە شـــەهێنی هێناوە، 28 رۆژیش بوو ژنی دووەمی هێنابوو، بەڵام شـــەهێن نەیهێشـــت مانگی هەنگوینی تەواو بکات و بەدەمانچەکەی خۆی کوشتی.

وەک لەقســـەکانی، ئـــەو ژنـــە بکـــوژەدا دەردەکەوێت، ریشەی کێشـــەی نێوان ئەو و مێردەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند ســـاڵێک بەر لە ئێستا "سێ ساڵ پێش ئێستا بە دەمانچە لێیدام، منیش سکاڵام لەسەر تۆمار کرد، بەڵام لەبەرمنداڵەکانم ولەسەرداوای خزموکەسەکانی لە سکاڵاکەم پەشیمان بوومەوە".

ئەو ژنە دەڵێ هەشـــت ساڵی ژیانی لەگەڵ مێردەکەی پڕ لە کێشـــە بوو، بەڵام هیچ کات وەک ئەو دوا شـــەوەیان نەبوو کە بەدەستی خۆی مێردەکەی خۆی کوشـــت "مانگ نەبوو سێ چوار جار لێم نەدات، بەڵام ئەو ئێوارەیەی هاتەوە ماڵ، لەژێر سەریان خوێندبوو، یەخەی منی گرت، ئەو شـــەوە شێت و هار ببوو، لێی دەپاڕامەوە وازم لێ بێنێ، سەری خۆی توووند گرتبوو، ئەو رۆژە زۆری خواردبووەوە".

وەلی رەســـول، بـــرا گەورەی خورشـــید، لەسێیەم رۆژی پرسەی برایەکەی، لەمزگەوت خەریکی بەرێکردنی ئەو کەســـانە بوو، کە بۆ سەرەخۆشی لێکردنی دەهاتن، وەلی بەردەوام ئەوەی دووبارە دەکردەوە، کە هەرگیز براکەی کێشـــەی لەگەڵ شـــەهێن نەبووە "ژنەکانی هەرکەسەو خانووی خۆی هەبوو، باری ئابووری خورشـــید باش بوو، شـــەهێن لەدادگا جگە لەرەزامەندی چەندین جار پیرۆزبایی لێکردن".

شەهێن ئەو قسانەی رەتکردەوە کە دەڵێن خورشید لەگەڵی زۆرباش بووە "ئەگەر وابوایە سکاڵام لەدژی تۆمار نەدەکرد، دراوسێیەکانم لەگەڵ زریکەی من لەخەو هەڵدەستان، لەماڵی دایکی خۆی چەند جار بەدەســـکە بەدەمانچە لە منی داوە".

وەک شەهێن باســـیکرد ئەو شەوە زۆر لە مێردەکـــەی پاڕاوەتەوە تاوەکو وازی لێبنێت، بەڵام ئەو بەردەوام بووە لەســـەر هەڕەشـــەو لێدانی، شـــەهێن کە ترس بە رووخسارییەوە دیاربـــوو، گوتی، مێردەکەی ئەو شـــەوە بە مەبەستی کوشـــتن لێیداوە "لێی پاڕامەوە کە بمباتەوە ماڵی باوکم، زێڕەکانی لەبەردابچڕاندم، ئینجا گوتی هەتا نەتکوژم ناتبەمەوە".

شەهێن بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەی دوا ساتەکانی خۆی لەگەڵ مێردەکەی بۆ (رووداو) و گوتی "خورشـــید دەمانچەکەی سوار کردو منیشـــی ســـواری ئۆتۆمبێل کرد بەو نیازەی بمباتـــەوە ماڵی باوکم، بـــەڵام لەنیوەی رێگە راوەســـتاو بە بۆکس کەوتە لێدانم، خوێن لە لووتم هاتـــە خوارەوە، بە دەســـکە دەمانچە لەسەری دام، نەمدەوێرا بزیڕێنم، دەیگوت هەر بەو دەمانچەیە دەتکوژم".

بەپێی قسەی ئەوژنە کە ئێستا لە زینداندایە، خورشـــید دوای ئەوە یەکسەر گەڕاوەتەوە بەر دەرگای خۆیان"چەند دەســـتکە دەمانچەیەکی دیکەی لەسەری مندا، ئێستا پشتم هەموو شین و مۆر بووەتەوە، زۆر بێ ویژدانانە لێی دەدام". شەهێن ژێرچاوەکانی شین و مۆر هەڵگەڕابوون، بەدەست ئاماژەی بۆ لوت و چاوەکانی دەکردو گوتـــی "بەهۆی زەبری لێدانەکـــە، کاریگەری لەسەر مێشـــکم هەبووە، ئێســـتا شتم لەبیر دەچێتەوە".

بەڵام وەلی برِوای بەوە نەبوو، کە شـــەهێن لێی درابێت و بریندار بووبێت، بەڵکو دەیگوت ئەو ژنە بەئەنقەســـت دوای کوشتنی خورشید خۆی لەئاسن داوە "شاهێد حاڵ هەیە، گوتیان بینیومانە، سەری خۆی لەعامود داوەو پاشان لاشەی خۆی لەئاسن داوە".

ئەو کاتـــەی دەگەڕێنەوە ماڵ، خورشـــید لەبەر دەرگا، دەمانچەکەی ســـوار دەکات، کە هێشتا لەناو ئۆتۆمبێلەکە دەبن "دەمانچەکەی بەرزکردەوە سەر سەرم، منیش دەستم بۆ برد و گرتـــم، گوتم توخوا مەمکـــوژە، گوتی هەر دەتکوژم دەمانچەکە لەنێو دەستی هەردووکمان دابـــوو رووی لوولـــەی دەمانچەکە بۆ لای ئەو ســـوڕا، لەدەســـتی هەردووکماندا تەقی، دوو گوللـــەی بەرکـــەوت، دەرگای ئۆتۆمبێلەکەش کرابووەوە، کەوتە خوارەوە".

هەروەک ئەو دەڵـــێ، لەوکاتەدا کە تەرمی مێردەکەی دەکەوێتە ســـەر زەوی، دەســـتی منداڵەکانی دەگرێت و خۆی رادەستی پۆلیس دەکات.

ئەو ئێســـتا لەزیندان دەڵێت "پەشـــیمانم لـــەو کارەی کردم، بەڵام ئەگەر نەمکوشـــتایە دەیکوشتم".

وەلی کوشتنی براکەی بۆ ئەوکاتە گێڕایەوە کە خورشـــید بەدوای ملوانکـــەی منداڵەکەیدا گەڕاوەو ئەو ژنە لەوکاتەدا دەرفەتی وەرگرتووە وکوشتوویەتی "دەمانچەکەی خورشیدی لەناو ئۆتۆمبێل دەرهێناوەو کوشتویەتی". بەڵام تا ئێســـتا بۆ وەلی روون نەبووەتەوە ئەو ژنە بۆ خورشیدی کوشـــت "کەس لەو بڕوایەدا نەبوو شتێکی لەو جۆر روو بدات".

محەممـــەد مونیـــر کـــە دراوســـێی ماڵی خورشید بوو، لەگەڵ دایکی لەشوێنی کوشتنی خورشـــید راوەســـتابوون، وەک دایکی گوتی محەممـــەد لەگەڵ ئەو رووداوە "وەک شـــێتی لێهاتووە"، محەمەد لەگەڵ دەنگی تەقە لەخەو هەڵدەستێت، دەبینێت دراوسێیەکانیان لەدەوری ئۆتۆمبێلەکەی خورشـــید وەستاون "خورشید ســـەری کەوتبووە ناو جۆگەکـــە، هەرچەندە هـــاوارم کرد کەس لەگەڵم بـــاری نەکردە ناو ئۆتۆمبێل، دەترسان، شڵەژابوون، چوومە دوای خوشکەکەی، بەڵام هەر لەوێ مردبوو".


خورشید رەسول ئەو پیاوەی لەلایەن ژنی یەکەمییەوە کوژرا

ئەوکاتەی محەممەد هەواڵی مەرگی خورشید بەماڵی خوشکی رادەگەیێنێت، وریا دارەمانی کوڕە خوشـــکی خورشید بەو شەوە بەڕاکردن خۆی دەگەیێنێتە سەر تەرمی خاڵی "هێشتا مابوو، بەڵام هیچ قسەی نەدەکرد، گوللەیەک بەر دڵی کەوتبوو، گەیاندمانە نەخۆشخانە تەواو بوو" وریا بەگومانـــەوە لەرووداوەکە دەڕوانێت "کەس باوەڕ ناکات ژنێک پیاوێک بکوژێت".

شەهێن ئاماژەی بەوەدا کە نە کەس هانیداوە تا خورشید بکوژێت نە کەسیش ئاگاداری بووە "تەنیا خوداو دوومنداڵەکەم ئاگادارن، کە لەبەر دەنگی خورشـــید منداڵەکان لەخەو هەستان، ماڵی باوکم هیچ ئاگاداری ئەو کێشـــەیە نین، منیش کێشەی خۆم بۆیان نەدەگێڕایەوە".

ئەو ژنـــە، چەند جارێک ئـــەوەی دووبارە کردەوە ئەو کوشـــتنە پەیوەندی بەژنهێنانی مێردەکەیـــەوە نەبـــووە، بـــەڵام ئەوەشـــی بەهۆکارێک دانا، بەپێی قسەی ئەو، پێنج ساڵ بوو ئەو ژنە وازی لەخورشید نەدەهێنا "هەتا بەیانی بەتەلەفۆن قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، دەمەوێت ژنەکەی بێتە دادگا، بۆ چەند ســـاڵ بوو وازی لـــە مێردەکەم نەدەهێنا؟، 100جار لەسەر قسەی ئەو لە منی داوە".

# "بە پێنج دەنکە حەب مێردەکەی خۆم کوشت و خستمە چاڵێکەوە"



**ئازیز مەحمود**
azizshane@yahoo.com

**رووداو- سلێمانی**

لەو کاتەی باوکی بەزۆر بەشـــووی دەدات ژیانـــی رۆژ بەڕۆژ بەرەو ناخۆشـــی دەڕوات تا دەگاتە ئەوەی بڕیاری کوشـــتنی مێردەکەی دەدات و حوکمی زیندانی تا مردنی دەدرێت.

(پ.م) 34 ساڵ، خەڵکی شاری سلێمانییە و، ماوەی11 ساڵە بەتاوانی کوشتنی مێردەکەی لە چاکسازی کۆمەڵایەتی ژناندایە.

ئەو لەلایـــەن باوکییەوە بـــەزۆر دەدرێتە پیاوێک کە بـــە وتەی خۆی تەمەنی لە خۆی گەورەتـــر بـــووە، بەهۆی خراپـــی مامەڵەی مێردەکەیەوە بڕیاری کوشتنی دەدات.

(پ.م) بەدەم کولیچە دروستکردنەوە باسی لە بەســـەرهاتی ژیانی خۆی کرد لەگەڵ ئەو پیاوەی کە بە ناچاری شووی پێکردووە. ئەو لە خێزانێکدا پەروەردە بووە کە باوکی خاوەنی 9 ژن بووە، هەر وەک خۆی باســـی لێوە کرد کەس لەخێزانەکەیان بۆی نەبووە لە بڕیارەکانی باوکیان دەربچێ، بۆیە ئەویش دەبوو شوو بەو کەسە بکات کە باوکی بۆی دیاریکردبوو.

دوای ئەوەی دایکی، بەســـەر منداڵبوونەوە گیـــان لە دەســـتدەدات، ئەو لـــە تەمەنێکی منداڵیدا دەکەوێتە لای باوەژن، بەگوتەی خۆی مامەڵەی زۆر خراپ دەبێت لەگەڵیدا .

ئەو ژنە، باسی نادادپەروەرییەکانی باوکی بەرامبەر خوشکەکانیشـــی دەکات و دەڵێ " دوو خوشـــکم خۆیان هاوسەری ژیانی خۆیان هەڵبژاردبوو، باوکم حاشـــای لێکـــردن و لە نفوسیش ناوەکانی سڕینەوە".

ئەو، لەلایەن باوکیەوە درایە، پیاوێکی تەمەن 71 ساڵ، کە پێش ئەو ژنێکی دیکەی هێنابوو و سێ منداڵی لێ هەبوو. ئەو کە وەک نەوەی مێردەکەی وابوو لە رووی تەمەنەوە، بەڵام ژنی یەکەمی مێردەکەی گەورەتربوو لە مێردەکەی و تەمەنی 93 ســـاڵ بوو . کە ئەو چووە ماڵی مێردەکەی ژنی یەکەمی پەککەوتەی سەر جێگا دەبێت و ئەو سێ ساڵ خزمەتی کرد .

لەپـــاش تێپەڕبونـــی 11 ســـاڵ بەســـەر شـــووکردنەکەیدا، کاتێک گەورە دەبێت بیر لـــەوە دەکاتەوە کە"ئەوە کێ یە ئەم شـــووی پێکردووە و چەند لەخۆی گەورەترە". ئێستا ئەو بەتاوانی کوشـــتن لە زیندان دایە، بەڵام ژیانی خۆیشی لەگەڵ ئەو پیرەمێردە پێخۆشتر نەبوو لە ژیانی نێو زیندان "ئەو 11 ســـاڵە بۆ من هیچ جیاوازی نەبوو لەگەڵ ئەو 11 ساڵەی ناو زیندان".

ئەو ژنە دێتە سەر باسی مێردەکەی و بەو جۆرە وەسفیدەکات "مێردەکەم دەوڵەمەند بوو، بەڵام زۆر رەزیل بوو، دڵی پیس بوو، پیر بوو، لەگەڵ ئەوانەشـــدا هیچ کات قســـەی لەگەڵدا نەدەکـــردم، ئەوەندە پیر بوو تاقەتی قســـە کردنیشـــی نەمابوو، من بەو منداڵیەو ئەویش بەو پیریە هێشتا منەتی بەسەرمدا دەکرد".

وەک لەقسەکانیدا دەردەکەوێ، ئەو بەردەوام کێشەی لەگەڵ مێردەکەی هەبووە، چەندین جار تـــۆراوەو چووەتەوە ماڵی باوکی "بەڵام ئەوان بەبیانووی ئـــەوەی حەیایان دەچێت، دووبارە دەیانبردمەوە لای مێردەکەم".

لەنێو ئەو کێشـــە بەردەوامانەیـــدا، وەک خۆی دەڵێ چیتـــر بەرگەی نامێنێ و بڕیاری خۆی دەدات. بەبێ ئەوەی هیچ ســـۆزێکی بۆ مێردەکەی بجووڵێت بەپێکەنینەوە گوتی "پێنج دەنک حەبم کردە ناو شەربەتەوەو رزگارم بوو لەدەســـتی، هەر لەماڵەکەی خۆشمدا خستمە ناو چاڵێکەوە".

تا ئێســـتا یانزە ساڵ بەســـەر ئەو تاوانی کوشـــتنەدا تێپەڕیوە،یەکەمجـــار حوکمـــی لەســـێدارەدانی درا، بەڵام دواتر حوکمەکەی کرایە زیندانی هەتاهەتایی .

ئەو ژنە باس لەکاتی شووکردنەکەی دەکات کە تا نەچووەتە ماڵی زاوا نەیزانیوە شووی بە کێ کردووە، کاتێک دەیبەن سەیر دەکات پیرە پیاوێک لەماڵێکدایە، ســـڵاوی لێدەکات ئینجا دەزانێ ئەو پیرە پیاوە ئەو کەسەیە کە شووی پێکردووە.

ئەشـــکەنجەو ئازارەکانی ئـــەو، ئەو کاتە دەســـتیان پێکرد کە براکانی لەژیان نامێنن. ئەو کە خاوەنی 3 خوشـــک و 6 برایە دەڵێت "تا براکانم مابوون مێردەکەم نەیدەوێرا ئازارم بدات، بەڵام براکانم پێشمەرگە بوون و شەهید بـــوون، کە ئـــەوان وایان بەســـەر هات ئیدی مامەڵە خراپەکانی مێردەکەشـــم دەســـتیان پێکرد، چونکە دەیزانی هیچ جێگەیەکم نییە رووی تێبکەم".

لەدوای کوشتنی مێردەکەی و شاردنەوەی لەژوورێکـــی ماڵەکـــەی خۆیانـــدا،دوای دوو کاژێـــر تێپەڕبـــوون بەســـەر رووداوەکـــەدا، دەســـتگیر دەکرێت، ســـەبارەت بەچۆنیەتی دەسگیرکردنەکەشـــی ئامـــاژەی بـــەوەدا کە برازایەکی ئاگاداری کوشـــتنەکە بووە ئەویش زاوایەکـــی مێردەکـــەی ئـــاگادار دەکاتەوەو بەوشـــێوەیە دەســـتگیر دەکرێ و تەسلیمی ئاسایش دەکرێ .

ئەو گلەیی لەئاســـایش هەبوو کە لەکاتی دەستگیر کردنیدا ئەشکەنجەیانداوە "لێدان بۆ کەسێکە کە دان بەتاوانەکەیدا نەنێت، بەڵام من دانیشم بەتاوانەکەمدا نابوو کەچی ئاسایشەکان لێیاندەدام و ئیهانەیان دەکردم".

وەک ئـــەوەی زیندان تاکە مەنزڵگەی ئەو بێت گوتی "من لەسکی دایکمەوە زیندانی بووم، لای باوەژن هەر زیندانی بووم، لای مێرد هەر زیندان، مامەڵە خراپەکانی مێردەکەشم بوونە هۆی ئەوەی بۆ هەتاهەتایە زیندانی بم".



# دایک و کچێک بەخۆبەخش کاری پۆلیس دەکەن

**ئامانج کەرکووکی**
**رووداو-کەرکووک**

زینە و نەوال، کۆڵە پشـــتەکانیان بەپشت داداو چەکەکانیان لەشان کرد، هاوشانی پیاوە پۆلیســـەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزاو ناحیـــەکان خۆیان بۆ هەڵمەتێکی پشـــکنین ئامـــادە دەکرد، ئەو هەڵمەتـــەی زینەو نەوال بەشداریان تێدا دەکرد پشکنینی گوندێک بوو لەدامێنی زنجیرە چیای حەمرین، بەدووری 70 کیلۆمەتر لە قەزای داقووقی ســـەر بەشـــاری کەرکووک.

زینەو نەوال لـــەو هەڵمەتەدا چەند پارچە چەکێکیان لەنێو بۆفیـــە و کانتۆری ماڵەکان دۆزیەوە، زینە ســـەری بەســـەر هەر ماڵێکدا دەگـــرت، دڵنەوایـــی ئافرەتەکانی ئەو ماڵەی دەدایەوەو دەیگووت، هیچ مەترســـن ئێمە بۆ پارێزگاریکردن لەئێوە هاتووین، دوای ئەوەی ماڵەکەتان دەپشـــکنین دەڕۆین، زۆرجاریش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرد کە لەکاتی هەڵمەتەکەدا دەسگیر دەکران.

زینە عەلی، 18 ســـاڵ، لەدایکبووی شاری بەغدا، تا پۆلی ســـێی ناوەنـــدی خوێندووە، ماوەیەک لەگەڵ هێـــزە فرەڕەگەزەکان کاری کردووە، لەگەڵ نەوالی دایکیشی ماوەی مانگ و نیوێکە خولێکی سێ مانگیان لەئەکایمیای پۆلیس تەواو کردووە. زینە کە بە (جولی) یش بانگدەکرێ، زۆر بەگورجی لەنێو پۆلیسەکان دەهات و دەچوو. کاژێر 2ی نیوەشـــەو لەگەڵ مەفرەزەیەکی پۆلیس بۆ زنجیرە چیای حەمرین وەڕێکـــەوت، ئەو زۆر دڵخۆش بوو بەکارەکەی چونکـــە وەک خۆی لە لێدونێکدا بۆ (رووداو) گوتی "ئەو کارەی ئێستا ئەنجامیدەدەم خەونی منداڵیمە".

ئـــەو کچ و دایکە هەرچەندە ئێســـتا وەکو خۆبەخش لەریزەکانی پۆلیس خزمەتدەکەن، چونکـــە وەک خۆیـــان گوتیان "تا ئێســـتا دانەمەزراویـــن"، بـــەڵام حەزێکـــی زۆریان بۆ کارەکەیـــان هەیە. نەوال کەریم، 38 ســـاڵ، ســـەرچاوەی ئەو حـــەزەی بـــۆ مێردەکەی گەڕاندەوە کە لەســـەردەمی شـــەڕی ئێران و عێراق جێگر ئەفســـەر بووە"مێردەکەم هەموو جارێک کە لەشـــەڕ دەگەڕایەوە باســـی ئەو شـــەڕانەی دەکرد کە بەشـــداری تێدا دەکرد، ئەمەش وایکرد هـــەر بەخێرانی ئەو حەزەمان لەلا دروست ببێ".

لەمـــاوەی رابـــردوودا 100 ژنـــە پۆلیس لەئەکادیمیای پۆلیسی کەرکووک دەرچوون، کە 55 یان لەناو هێزەکانی پۆلیس دامەزراون، 45 یشیان چاوەڕێی دامەزراندن دەکەن، کە نەوال و زینە دوو لەو پۆلیسە دانەمەزراوانەن. کاری ئەو کچ و دایکە لەنێو پۆلیسدا زیاتر پشکنینی ئەو ئافرەتانەیە کە لەکاتی رووبەڕووبوونەوەکان و پشکنینەکان دەستگیر دەکرێن.

عەقید دانیال محەممەد، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیســـی ناحیەی سەرگەڕان، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو کچ و دایکە ئاسانکارییەکی زۆریان بۆ کردوون "لەبەر ئەوەی لەزۆربەی هەڵمەتەکاندا ناتوانین بچینـــە هەموو ماڵێک بەهۆی ئەوەی هەندێک لەو ماڵانەی پێویســـتە بپشـــکێنرێن ئافرەتی دووگیان یان نەخۆشیان هەیە، بۆیە بۆمان نییە راســـتەوخۆ بچینە ژوورەوە، بەڵام زینەو نەوالی دایکی کارئاسانییەکی تەواویان بۆ کردووین".

زینە، ئەوەندە ئۆگری پیشەکەی بووە، وەک خۆی گوتی بڕوا نـــاکات رۆژێک لەرۆژان وازی لێ بێنێت "هەرچەندە کارەکەمان زۆر قورســـە بەتایبەتـــی بۆ من و دایکم کە تەنیا ئافرەتین بەشـــەوان دەردەچین، بەڵام خۆشەویستیم بۆ پیشەکەم وام لێدەکات قەت وازی لێنەهێنم".

زینە لەو رەوشەی ئێستای ژنان ناڕازییە و مەســـەلەی ژنکوژی تەواو بێتاقەتی کردووە و لەو رووەوەش گلەیی لەرێکخراوەکانی ئافرەتان دەکات و دەڵێـــت "جێگەی داخە لەســـەدەی بیســـت و یەکدا ژن بەبەرچاوی رێکخراوەکانی ئافرەتانەوە بکوژرێن". گوتیشی "بەو ئومێدەم رۆژێک بتوانم داکۆکی لـــەو ژنانەش بکەم کە توندوتیژیان بەرامبەر ئەنجامدەدرێت".

زینە بەشداریکردنی لەچەندین وئۆپەراسیۆنی هێزەکانی پۆلیس، ئەو رایە پووچەڵ دەکاتەوە کـــە ژن ناتوانن هاوشـــانی پیـــاوان بن، زینە گوتـــی "تا ئێســـتا بەشـــداری 42 هەڵمەتی پشکنینم کردووەو چەندین جار بۆمبی چێنراو بەکاروانەکەماندا تەقیوەتەوەو، چوومەتە سەر تەرمی چەندین کەس کە لەلایەن تیرۆرستانەوە کـــوژراون، ئەمەش وایکـــردووە ترس لەدڵمدا نەمێنێت".

ئەوەی کە زینە نەیتوانیوە تێیدا سەرکەوتوو بێت ژیانی هاوســـەرییە، چونکـــە نەیتوانیوە پیشەکەی بەهاوسەرەکەی بگۆڕێتەوەو زۆریش پەشـــیمانە کە شووی کردووە" لەهیچ شتێکی ژیانم پەشیمان نیم، تەنیا لەشووکردن نەبێ، چونکە شـــووکردن بووە کۆســـپێکی گەورە لەبـــەردەم کارەکەم، بۆ راســـتکردنەوەی ئەو کارەش، بڕیاری جیابوونەوەمدا".

دایکی نەوال، کە دەرچووی ناوەندییە، زیاتر لەزینەی کچی حەزی لەکاری پۆلیسییەو دەڵێت "کاری پۆلیسی تەواوی ژیانی داگیرکردووم".

لەکۆمەڵگـــەی کوردیدا رەنگـــە زەحمەت بـــێ رێگە بەکچێک و دایکێک بـــدرێ زۆربەی نیوەشـــەوەکان هاوشانی دەیان پۆلیسی پیاو بۆ هەڵمەتی پشـــکنین یان هەڵکوتانە ســـەر مۆڵگەیەکی چەکـــدارە توندڕەوەکان لەماڵەوە دەربچن، بـــەڵام دایکی زینە دەڵێت "ئێمە لەو رووەوە هیچ گرفتمان نییە، چونکە باوکی زینە سەربەستییەکی تەواوی پێداوین".

تاکـــە گلەیی ئـــەو کیژو دایکـــە عەرەبە، دانەمەزراندنیانـــە، وەک دایکی زینە گوتی "تا ئێستا چەندین جار نووسراومان بەرزکردووەتەوە تاوەکو دابمەزرێیـــن، کەچی دامانناەمەزرێنن". بەڵام ئـــەو دایک و کچـــە بڕیاریانداوە تاوەکو دادەمەزرێن بەخۆبەخش کار بکەن.


نەوال کەریم و زینەی کچی لەکاتی دەستگیرکردنی چەند تۆمەتبارێکدا
فۆتۆ: (رووداو)

رووداو

# کۆمەڵایەتی

## لەپێنجوێن کچێک بە ئەشکەنجە دەکوژرێت



**رووداو-پێنجوین**

**◆ سەرچاوەیەک بە (رووداو)ی راگەیاند، کە کچێکی 18 ساڵ، لەناحیەی گەرمکی سەر بە پێنجوین لەلایەن باوک و براکانییەوە بەدارو خاکەناز ئەشکەنجە دراوەو دواتریش بە 4 گوللە کوژراوە، تەنیا لەبەر ئەوەی گوتویەتی شوو بەو کوڕە دەکەم کە خۆشمدەوێت. 4 کەس بەتۆمەتی کوشتنی شادان دەسگیر کراون. د.خالید عەبدوڵلا فەرەج، سەرپەرشتیاری نەخۆشخانەی شەهیدانی پێنجوین بە(رووداو)ی راگەیاند سیناریۆیەکی وایان بۆ کوشتنی کچەکە کردووە، کە پزیشکی دادوەریش سەری لێدەرناچێت، جەستەی لەگەڵ لێدان شین هەڵگەڕا بوو، شوێنەواری فیشەکیشی پێوە دیاربوو".**

### ئەو ژنانەی بێهوودە چاوەڕێی دەسگیرانە هەندەرانییەکانیان دەکەن

# چاوەڕوانی بێ هیوایان دەکات



هەژان خالید
hazhanxalid@yahoo.com

**رووداو- هەولێر**

13 ساڵ بەر لەئێستا مێردی (ش.ع) بەهۆی خراپی باری ئابووری لەکوردستان، سەری خۆی هەڵگرت و لەئەوروپا گیرسایەوە، ئەو کە دانیشتووی یەکێک لەگەڕەکەکانی شاری هەولێرە، لەو ماوەیەدا سێ جار هاتووەتەوە کوردستان و گەڕاوەتەوە ئەوروپا. ژنەکەی کە خاوەنی 4 منداڵە، لەچاوەڕوانییەکی کوشندەدا دەژی و کۆچی مێردەکەی ژیانی رووخاندووە و هیچ ئومێدێکی پێکەوە ژیانی لەگەڵ مێردەکەی نەماوە"پاش ئەو ماوە زۆرە کە منداڵەکانم گەورەکردووە، گرنگ نییە بگەڕێتەوە یان نا".

دوای راپەڕینی 1991، بەهۆی ئاسانتربوونی رێگەکانی چوونە دەرەوە و بەهۆی ئابلوقەی ئابووری و روودانی شەڕی براکوژی، ژمارەیەکی زۆر لەهاووڵاتییانی کورد کۆچیانکردە وڵاتانی ئەوروپا و تا ئێستاش ئەو کۆچە بەردەوامە. بەهۆی زەحمەتی گەیشتن بەئەوروپا، زۆربەی پەنابەرەکان خێزانەکانیان لەکوردستان بەجێهێشتووە. (ش) یەکێکە لەوانەی مێردەکەی 13 ساڵە جێیهێشتووەو هێندە چاوەڕێی گەڕانەوەی یەکجارەکی مێردەکەی کردووە، تا گەیشتووەتە رادەی بێئومێد بوون.

هێژا، 23 ساڵ لەسەر کورسیەکی سوور لەسووچێکی ژوورەکەی بەدیار کتێبەکانی سەر مێزەکەی بەردەمی، خەیاڵ بردبوویەوە، بە دڵێکی پڕەوە باسی لەبێ نازی ژیانی منداڵی خۆی کرد. لەبەر ئەوەی ئەو هێشتا تەمەنی 10ساڵ بوو باوکی جێیهێشت و لەو کاتەوە لەسایەی سۆزی دایکیدا ژیان بەسەردەبات "هەموو ژیانمان خەم خواردن بووە، هەست بەهیچ سۆزێک ناکەم بەرامبەر باوکم". هێژا دایکی بەپاڵپشتێکی گەورە دادەنێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی بۆشایی بێ باوکی"دایکم هەموو ژیانمەو تا مردن قەرزاری ئەوم".

زۆر لەو گەنجانەی کە هێشتا بێ ژن بوون کە چوونە ئەوروپا، بەوبیانوەی کە ژنێکی کورد بێنی لە ژیانێکی بیانی باشترە، هاتوونەتەوە کوردستان بۆ ژن مارەکردن، ئێستاش بەبێ ئەوەی بتوانن بیانبەن بۆ ئەوروپا،دەستگیرانەکانیان لە کوردستان خستوونەتە چاوەڕوانیەکی نادیارەوە. تەنانەت هەندێکیان بە ئەلقە لەپەنجەکردن و مارەکردنیشیان نەوەستاون، بەڵکو لەو ماوە مانگەی کە لە کوردستان بوون، ئەوانیان گواستووەتەوە. بەم شێوەیەش کێشەیەکی زۆر بۆ ئەو گەنجانەی ئەوروپا نشین و ئەو ژنانەی لە کوردستان ماون دروستبووە.

شۆخان، 28ساڵ، دوای ئەوەی کوڕێکی نیشتەجێی ئەوروپا دێتە داوای، شووی پێدەکات. ئەو ماوەی 3 ساڵ و دوو مانگە دەسگیرانداره‌و چاوەڕێی دەسگیرانەکەی دەکات بیباتە ئەوروپا. هەرچەندە شۆخان هەڵبژاردنی ژیانی هاوسەری لەگەڵ کەسێکی نیشتەجێی دەرەوە بە قورس دەزانێت، چاوەڕوانییەکەشی بە قورستر دادەنێت"هەست بەبۆشاییەکی گەورەی سۆزداری دەکەم، چاوەڕوانی خۆشەویستەکەم تووشی دڵەڕاوکێ و نا ئارامی کردووم".

ئەوانەی لە ئەوروپان هەمان کێشەی ئەوانەی کوردستانیان هەیە. ئاسۆ نوری 35 ساڵ، کوردێکی نیشتەجێی وڵاتی سوێدە، ماوەی دوو ساڵە دەستگیرانەکەی لەکوردستان جێهێشتووە. ئاسۆ دەڵێ زۆربەی کوردانی دەرەوەی وڵات هەمان کێشەی هاوسەرەکانیان هەیە کە لە کوردستان چاوەڕوانیانن " زۆرجار چاوەڕوانی و دووری هاوژینەکانمان، تووشی نەخۆشی دەروونی و بێ تاقەتیەکی زۆرمان دەکات ". ئەو هۆکاری دواکەوتنی کاروباری بردنە دەرەوەی هاوسەرەکەشی گەڕاندەوە بۆ یاسا و گوتی لەم ساڵانەی دوایی کۆچکردن بۆ هەندەران رووی لەزیادبوون کردووە، بۆ رێگرتن لەو کۆچە ئەو وڵاتانەش یاساکانیان توونترکردووە"یاسا کارەکان دوا دەخات".

ئاسۆ باسی لەوەشکرد کە کەسانێک هەن خۆیان نایانەوێت هاوسەرەکانیان ببەنە دەرەوەو گوتی زۆر کەس بڕیاری بەپەلەیان داوە لەهاوسەرگیرییەکە پەشیمانن یان درۆیان کردووە "لێرە پەیوەندیان لەگەڵ کچێکی دیکە هەیە، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن کارەکان دوادەخەن یان جیا دەبنەوە".

زۆر جار ئەم پرۆسە هاوسەرگیریانە کێشەی گەورە لەنێوان خێزانەکاندا دروستدەکات و حاڵەتی جیابوونەوەی لێدەکەوێتەوە. خۆشی حەمە رەزا، پارێزەر لەخانەی دادی سلێمانی لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند"زۆر لەو کچ و ژنانەی هاوسەرەکانیان لەدەرەوەی وڵاتن دێنە لامان و داوای جیابوونەوە دەکەن، بەهۆی نەبردنیان لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە بۆ ئەوروپا". خۆشی هۆکاری ئەو جیابوونەوانەی بەگشتی گەڕاندەوە بۆ کەسوکار و دەوروبەر و کەم ئەزموونی ئەو کچ و کوڕانەی کە دەچنە پرۆسەکەوە. بەڵام ئەو داوایەی ئەو ژنانە داوایەکی رەوایە، بەڵام " پێویستە ئەو کەسانە ماوەی دوو ساڵ بێت زەواجیان کرد بێت، ئینجا دادگا دەتوانێ بڕیاری جیا بوونەوەیان بدات".

(ب، ک)، 30 ساڵ، دوای تەواوکردنی کۆلێژ، لەگەڵ کوردێکی هەندەران بڕیاری هاوسەرگیریدا، ماوەی 6 مانگ دەستگیراندار بووە دواتر گواستراوەتەوە. ئەو کچە تووشی شۆک دەبێ، کاتێک دەسگیرانەکەی بەبێ خواحافیزی کردن ماڵئاوایی لێدەکات و دەگەڕێتەوە ئەوروپا "پێنج جار هاتە داخوازیم تا رازی بووم، کەچی رۆژێک بەبێ خواحافیزی گەڕایەوە ئەوروپا و دواتر تەلاقنامەی بۆ ناردم".

بەشێک لەقورسایی حاڵەتی جیابوونەوە، لەم پرۆسە هاوسەرگیریەدا لەسەر شانی دایک و باوکانە و بەخەمی گەورەی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیانی دادەنێن. سەبریە، کێکە لەو دایکانەیکە کچە تەمەن 30ساڵەکەی کۆتایی بەپێوەندی خۆی لەگەڵ دەستگیرانەکەی هێنا، بەهۆی نەبردنی بۆ دەرەوەی وڵات. ئەو بەدڵێکی پڕەوە باسی لەبارودۆخی کچەکەی کرد و گوتی "ئەو رۆژەی گوتیان کچەکەم جیا دەبێتەوە، پێمخۆشبوو هەواڵی مردنیم ببیستایە".

بەرای کۆمەڵناسان دان بەخۆداگرتن و پشوو درێژی باشترین چارەسەرە بۆ ئەوانەی کە مێرد و دەستگیرانەکانیان لەئەوروپایە، هەروەها پێیانوایە نائامادەیی پیاو لە خێزانەکەی و باوک لەلای منداڵەکانی کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتی بەسەر تاکەکانی خێزانەکەیەوە جێدەهێڵێت.

هیوا حاجی، کە مامۆستای کۆمەڵناسییە لەزانکۆی سەلاحەدین، باسی لەبارودۆخی ئەو کەسانە کرد کە خێزانداربوون و ژن و منداڵەکانیان بەجێهێشتووەو گوتی "هەندێک هاوسەریش لەدووری هاوبەشەکانیان ناچار دەبن لەبەر قسە و قسەڵۆکی خەڵک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان تەنگ بکەنەوە"، هیوا پشوودرێژی و خۆڕاگری بەباشترین رێگە چارە دادەنێت بۆ سەرکەوتنی ئەو پەیوەندییە هاوسەرگیریانە و دەڵێ "ئەو هاوسەرانە پێویستە قوربانی بدەن و ئارامگربن بەرامبەر فشارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان".



شەقامێکی ئەمستردام (فۆتۆ: رووداو)

**کوردێکی دانیشتووی سوێد دەڵێ، هەندێ لەو کەسانەی ژنیان لە کوردستان مارەکردووە بەخۆیان نایانەوێ ژنەکانیان بێننە ئەوروپا چونکە پەیوەندی دیکەیان هەیە**

# پیرەکانی ناو زیندان داوای لێبووردنی گشتی دەکەن



سۆران بەهائەددین
Soran2025@yahoo.com

**رووداو-هەولێر**

لەماوەی یەک ساڵی زینداندا، کاریگەرترین دیمەن بەلای قادر حەمەدی تەمەن 63 ساڵ ئەو رۆژەبوو، کە ژنێک سەردانی مێردە زیندانیکراوەکەی دەکات، لەو کاتەی ویستوویەتی پیاوەکەی جێبهێڵێت منداڵە سێ ساڵییەکەی باوەشی گوتوویەتی "دایە بابە بۆ لەگەڵمان نایێتەوە"، مام قادر دەڵێت "تا دەمرم ئەو دیمەنەم لەیاد ناچێت".

مام قادر، کە بەتاوانی کوشتن زیندانیکراوە، یەکێکە لەو بەساڵاچووانەی ئێستا لەزیندانی چاکسازی گەوراندایە لەهەولێر، کە هەندێکیان تەمەنەکەیان بەشی حوکمەکەیان ناکات، رەنگە هەر لەناو زینداندا بمرن، رەنگە مام قادریش تەمەنەکەی بەشی ئازاد بوون نەکات.

لە کۆی ئەو 700 بەندکراوەی لە زیندانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێرو فەرماندەی گرتن و گواستنەوەندان، نزیکەی 50بەند کراویان بەساڵاچوون، کە هەندێکیان لەبەر پیری و نەخۆشی خۆزگەی مردن دەخوازن.

لەرووی یاساییەوە تەمەن لەکاتی حوکمدان حیسابی بۆ دەکرێت، هەروەک دادوەر عەبدولباست فەرهادی لە دادگای کەتنی هەولێر، گوتی هەندێک بنەما هەن بۆ جیاکردنەوەی پیرەکان لەکاتی حوکمدا "ئەگەر تەمەنی لە 80 ساڵ زیاتر بێت، حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرناچێت، دەکرێتە هەتاهەتایی، ئەو پیرانەی3/2ی حوکمەکانیان لەزیندان بەسەر بردبێت، دەکرێ حوکمەکەی رابگیرێت، بەڵام ناکرێت لەبەر پیری و نەخۆشی، زیندانی ئازاد بکرێت".

خەلیل .ع، 65 ساڵ، لەسەر کوشتنی هاوسەرەکەی، دووساڵ حوکمدراوەو تەنیا یەک مانگی ماوە دووساڵەکەی تەواو بکات. خەلیل کە بەردەوام نەخۆشە گوتی لەماڵەوەش پێویستیم بەخزمەتکردنە، نەک لەزینداندا "شەوان لەبەر ئازاری لەشم خەوم لێناکەوێت".

خەلیل، 30ساڵ بوو ئەو ژنەی هێنابوو، 11منداڵی لێ ببوو، وەک خۆی گوتی سێ کچی بەمێردەو کوڕی ژنی هێنابوو "ئینجا خیانەتی جنسی لێکردم، بەچاوی خۆم شتی خراپم لێ دیت، بۆیە دامە بەر گوللەو، هەرگیز پەشیمانیش نیم، ئەگەر ئێستاش زیندوو ببێتەوە جارێکی دیکەش دەیکوژم".

ئەو، لەقسەکانیدا دڵەڕاوکێیەکی زۆری پێوە دیار بوو لەلایەک دەیگووت ئەگەر ژنەکەم زیندوو ببێتەوە دووبارە دەیکوژمەوە، لەلایەکی دیکەش دەیگووت "ئەگەر سێ کوڕم بمردایە، هەر ئەوەندەی کوشتنی ژنەکەم کاریگەری لەسەرم دەبوو". لەبارەی پیربونیشیەوە گوتی "ئەگەر دار ئاوی لێ ببڕێت چی لێدێت".

رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کار بۆ ئەوە دەکەن کە حوکمی بەساڵاچووان کەمبکرێتەوەو جێگرەوەیەک بۆ حوکمەکەیان دابنرێت، چونکە ئەوان لەو باوەڕەدان کە بەساڵاچووان جارێکیتر توانای ئەنجامدانی تاوانیان نییە.

هۆگر چەتۆ، بەڕێوەبەری رێکخراوی فریاکەوتنی میللی PAO، ئاماژەی بەوەدا کە رێکخراوەکەیان لەهەوڵی ئەوە دایە سزای ئەلتەرناتیف بۆ پیرەکان دابنرێت و لەزیندان رزگاربن "ئەو پیرانە چییان لەتەمەن ماوە تا لەزیندان بن، ئەگەر ئازاد بکرێن، لەبەرامبەردا دەتوانن خزمەتێکی گشتی بکەن وەک کارکردن لەباخچەیەکدا، هەم ئازاد دەبێ و هەم هەست بەوە دەکات کە سزاکەی لەسەر ماوە، ئەوەش لەهەموو دونیادا هەیە".

محەممەد، 51ساڵ، دوای ئەوەی 25ساڵ مامۆستایەتی کرد، بەهۆی رووداوێکەوە کەوتە زیندانەوە. محەممەد ئێوارەیەک لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵ، بەهۆی قەرەباڵخی و رێگەگرتنی ئۆتۆمبێلەوە لەگەڵ چەند گەنجێک دەبێتە دەمەقاڵێ و، بەگوێرەی قسەکانی محەممەد ئەوانەی لەگەڵی بەشەڕهاتن زۆریان لێدا و هەوڵی کوشتنیان دا،بۆیە ئەویش چەقۆیەکی لەیەکێک لە گەنجەکان دا و کوشتی، بەو هۆیەوە دادوەر بڕیاری 7ساڵ زیندانیکردنی بۆ دەرکردووە.

محەممەد کە تەمەنی بەرەو پیری هەڵدەکشێ، لەو باوەڕە دایە زیندان بۆ کەسێکی پیر ئێجگار ئەستەمە، بەتایبەتی ئەگەر کێشەکەی کوشتن بێت "رەوشی پیرەکان دە ئەوەندەی گەنجەکان ناخۆشە، لەو تەمەنە نەخۆشی زۆرە، پێویستیت بەهاوکاری و پشوودانە نەک لەناو زیندان بمێنیتەوە"، بەڵام دەسەڵات

هەندێک لەپیرەکان [illegible]

زیندان ناگرن، هەر لەزی[illegible]

حاڵەتی لەو جۆرە دەگمە[illegible]

بەساڵاچوویەک کە ناوی [illegible]

بوو تەمەنی لەسەرووی [illegible]

بەهۆی نەخۆشی لەناو زی[illegible]

لەزینداندا پیرو گە[illegible]

پێکەوەن، نەک لەناو زیند[illegible]

بەڵکو لەژیانێکی ئاسایش[illegible]

گەنج و پیر بەردەو[illegible]

لە هەڵسوکەوتی یەکتر نارازین، کاتێک لەزیندان گەنجەکان پێدەکەنن یان دەنگی تەلەڤزیۆن بەرز دەکەنەوە، بۆ محەممەد و هاوتەمەنەکانی زۆر ناخۆشە، بەڵام محەممەد سەرەڕای بێزارییەکەی لەو رەفتارانە دەڵێت "گەنجەکان لەگەڵمان زۆر بەڕێزن".

محەممەد کە سێ ساڵە لەزیندانداییە ئاماژەی بەوەدا کە نزیکەی 50 بەساڵاچووی حوکمدراو هەیە، ئەو دڵی خۆی بەو کەسانە دەدایەوە کە کێشەکانیان لەهی ئەو گەورەترە "هەیە لێرە شێت بووە".

مام قادر ئەوە یەکەم جاریەتی دوای زیاتر لە 60 ساڵ بچێتە زیندان، مام قادر کە دەنگی خۆشە بۆ حەیران گوتن، هەموو جارێک پیرەکان لەدەوری کۆ دەبنەوەو حەیرانیان بۆ دەڵێت وهەموویان پێکەوە دەهێنێتە گریان "پیرەکان لێرە هوڕهوڕ دەگرییێن، بەرگەی حەیرانەکەی من ناگرن، زۆربەی بەتەمەنەکان دەڵێن ئێمە لەزیندان دەمرین".مام قادر ناوی چەند پیرێکی هێنا کە لەو بڕوایە دایە چیتر ژیانی ئازاد نابینن و لەزیندان دا دەمرن.

ئەو زیندانیانەی (رووداو) قسەی لەگەڵ کردن زۆر لەبەڕێوەبەرایەتی زیندانەکە رازیبوون و سوپاسگوزاری بوون، بەڵام بەگشتی داوایان لەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکرد، لێبووردنێکی گشتی دەربکات، کە زۆربەی بەندکراوەکان بگرێتەو، یان حوکمەکەیان سووک بکات.

یەکێک لەکێشە گەورەکانی زیندانەکانی کوردستان، نەبوونی شوێنی تایبەتە بۆ خێزاندارەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لەتەمەنێکی گەنج دان، هەرچەندە مام قادر بۆ خۆی دەڵێت حەز دەکەن وازۆی دەکەم تامردن لەزیندان بمێنمەوە، بەڵام "گەورەترین کێشە کێشەی گەنجەکانە، ئەو رۆژەی ژنەکانیان دێن بۆ لایان ئەوەندە دەگریێن، بەخوای باوکیان بمرێت ئەوەندە ناگرییێن، زۆر ژن داوای تەڵاق دەکات، پیاوەکە دەڵێت وابڵێیت خۆم دەکوژم، ئەگەر هەفتەی جارێک رێگەیان پێ بدرێت بچنە لای یەکتر، ئەو ژنانە تووشی بێ رەوشتی نابن و مێردەکانیشیان خەمیان کەمتر دەبێت".



**هەتا دەمرم ئەو رۆژەم لە بیر ناچێتەوە کە لەو کاتەی ژنێک دەیویست لە کۆتایی سەردانیدا بۆ لای مێردەکەی بەجێی بێڵێت، منداڵە سێ ساڵیەکەی باوەشی گوتی"دایە، بابە بۆ لەگەڵمان نایێتەوە"**

زیندانییەکی 63 ساڵی



پیرەمێردێک لەناو زیندانی چاکسازی گەوران لە هەولێر (فۆتۆ: رووداو)

**پیر و پێشنیاز..**

- لە کۆی ئەو 700 بەندکراوی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێرو فەرماندەی گرتن، 50بەندکراو تەمەندارن.
- ساڵی رابردوو زیندانییەکی 80 ساڵی مرد و هەندێ لە زیندانییە پیرەکان لەو باوەڕەدانین تەمەنیان بەشی حوکمەکەیان بکات.
- رێکخراوی PAO هەوڵدەدات زیندانیانی پیر ئازادبکرێن و لەدەرەوە کاری باخچەوانیان پێ بکرێت.
- بەپێی یاسا ئەو پیرانەی 3/2ی حوکمەکانیان لەزیندان بەسەر بردووە، دەکرێ حوکمەکەی رابگیرێت، بەڵام ناکرێت لەبەر پیری و نەخۆشی، زیندانی ئازاد بکرێ.



## ئۆلا هۆفمان ئەندامی پێشووی پەرلەمانی سوێد:

# پێویستە ئەنفال بە جینۆساید بناسرێت و داوای لێبوردنیش لەگەڵی کورد بکرێت



**ئۆلا هۆفمان**

– لەساڵی 1942 لەشاری سۆلنای سوێد دایکبووە
– 1994–2006 ئەندامی پەرلەمانی سوێد بووە
– لەساڵی 2003 بۆماوەیەکی کورت سەرۆکی پارتی چەپ بووەو ئێستا یەکێکە لەسەرکردە دیارەکانی پارتەکە

**ئۆلا هۆفمان کە سەرکردەیەکی دیاری پارتی چەپی سوێدە بە (رووداو)ی راگەیاند پارتی چەپ بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدات پەرلەمانی سوێد ئەنفال وە جینۆساید بناسێت. هۆفمان کە زۆرجار بە جلوبەرگی کوردی و بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان بەشداری لە رێپێوان و چالاکییە کوردییەکان دەکات لە سوێد، حەوتووی رابردوو لەسەروبەری بڕیاردان لەسەر قەدەخە نەکردنی فرەژنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، گەیشتە هەرێمی کوردستان. هۆفمان نیگەرانی خۆی و پارتەکەی سەبارەت بە رێگەدان بە فرەژنی لە کوردستان راگەیاند و " رێگەدان بە فرەژنی لەلای ئێمە جێگەی قبوڵکردن نییە".**

**رووداو–هەولێر**

**رووداو: تۆ بە کەسێکی دۆستی کورد ناسراوی و ئەوە دووەم جارە لە دوای 2002 سەر لە کوردستان دەدەی، رەوشی کوردستان بە گشتی رەوشی ژنان بەتایبەتی چۆن دەبینی؟**

**ئۆلا هۆفمان:** دوای شەش ساڵ لە یەکەمین سەردانم بۆ کوردستان دەتوانم بڵێم کۆمەڵێک پێشکەوتن روویانداوە بۆ نموونە لە بواری گۆڕانکاری وهەمووارکردنی یاساکان، بەڵام لە پرسی فرەژنیدا دەمانەویست گۆڕانکارییەکە بە جۆرێکی تر بێت، بەڵام لە گۆڕانکارییە یاساییەکان گرینگتر جێبەجێکردنی یاسایە، بۆنموونە پێویستە یاسای رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی نەک تەنها لەشارەکان بەڵکو لە گوندەکانیش جێبەجێبکرێت.

**رووداو: لە دیدارەکانتاندا لەگەڵ بەرپرسانی کوردستان باسی پرسی قەدەخەنەکردنی فرەژنی و کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەو بڕیارەتان نەکرد لەسەر ناوبانگی کورد لە رۆژئاوا؟**

**ئۆلا هۆفمان:** من لە سوێدەوە زانیم کە لە کوردستان گۆڕانکاری و هەمووارکردن لە یاساکەدا کراوە بەڵام رێگەدان بە فرەژنی لەلای ئێمە جێگەی قبوڵکردن نییەو ئەو پرسەشمان لە هەموو دانیشتنەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی کوردستان باسکردووە، چونکە ئەگەر بیر لە پەیوەندی نێودەوڵەتی دەکەنەوە پێویست یاساکانیش لە ئاست یاسا پێشکەوتووەکانی دنیا بێت. کوردستان پێویستە بەو شێوە رێز لەژن بگرێت کە لەوڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا رێزی لێگیراوە.

**رووداو: بەڵام لە کوردستان بەرپرسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو گۆڕانکارییانەی لە یاساکەدا دەکرێن پێویست لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامیدا بن.؟**

**ئۆلا هۆفمان:** کوردستان سیستەمێکی سیکیولەر وعەلمانی هەیە بەڵام خەڵکەکەی بۆچوونیان جیاوازە، بۆیە جێبەجێکردن وپیادەکردنی یاسا گرینگە .پێویستە حکومەت ژن وپیاو هوشیاربکاتەوە،پۆلیس وفەرمانبەرو هەموو چین وتوێژەکان هۆشیار بکاتەوە لەوەی رێز لەمافەکانی ژنان بگرن .

**رووداو: بۆچی حکومەتی سوێد ئامادەبوونێکی ئەوتۆی لە عێراق وکوردستان نییە؟**

**ئۆلا هۆفمان:** ئێمە وەکو پارتی چەپ داوایەکمان لەپەرلەمانی سوێد پێشکەشکرد وداوامانکرد کە نوێنەرایەتی سوێد لە کوردستان بکرێتەوە بەڵام حکومەتی سوێد داواکەی رەتکردینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیوادام لەماوەیەکی نزیکدا سوێد نوێنەرێکی لێرە هەبێت.

**رووداو: بەمەبەستی ناساندنی ئەنفال وەک جینۆساید پارتی ئێوە کەمپینێکی دەستپێکردووە، هەوڵەکانتان گەیشتوونەتە کوێ؟**

**ئۆلا هۆفمان:** ئێمە هەمووساڵێک لە یادی هەڵەبجەدا ئەو باسە دێنینە گۆڕێ سەرۆکی پارتی چەپ لارش لە هەموو ئەو بۆنانەدا باس هەڵەبجە وئەنفال دەکات، ئێمە دەمانەوێ ئەنفال وەک جێنۆساید بناسرێت لە ئاستی دنیادا، وەک چۆن جینۆسایدکردنی ئەرمەنی وئاسوورییەکان لەلایەن تورکەکانەوە لە ساڵی 1915 لەدنیادا وەک جینۆساید ناسراوە، پێویستە ئەنفالیش بە جینۆساید بناسرێت بۆ ئەوەی داوای لێبوردن بکرێت لەگەڵی کورد بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو تاوانانە روونەدەنەوە. پارتی چەپ زۆر هەوڵ دەدات لە پەرلەمانی سوێد ئەنفال وەکو جینۆساید دانی پێدابنرێت، لەم سەردانەماندا بە نیازین سەر لە هەڵەبجە بدەین چونکە دیتنی هەڵەبجە بۆ ئێمە زۆر گرینگە. من تەنها کتێبێکم لەبارەی هەڵەبجە خوێندووەتەوەو لەتەلەڤزیۆنی سوێدیش تەرمی قوربانیانی هەڵەبجەم دیتووە، بۆیە دەمێک بوو بەڵێنم دابوو سەردانی هەڵەبجە بکەم.

## قەدەخەنەکردنی فرەژنی لەلای ئێمە جێگەی قبوڵکردن نییە

**رووداو: ئەزموونی دیموکراسی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**ئۆلا هۆفمان:** بەبەراورد لەگەڵ 2001 رەوشەکە ئێستا زۆر باشترە، دیارە ئەوە مانای ئەوە نییە کە دیموکراسییەکی تەواولە کوردستان هەیە، چونکە دیموکراسی پێویستی بەکات هەیە وپێویستە رۆژانە کار لەسەر جێگیرکردنی کولتووری دیموکراسی بکرێت.

**رووداو: بەڵام خەڵکێکی زۆرتووڕەو ناڕازین لەو گەندەڵییەی لە کوردستان هەیە ؟**

**ئۆلا هۆفمان:** گەندەڵی دیاردەیەکی زۆر خراپەو لەگەڵ دیموکراسیدا نایەتەوە، پێویستە حکومەتی کوردستان ئاشکراگۆو روون بێت لەگەڵ خەڵکی، ئەم پرسەشمان لەگەڵ بەرپرسانی کوردستان باسکردووە وپێمان راگەیاندن کەناکرێ گەندەڵی هەبێت وبانگەشەی دیموکراسیش بکرێت.

## ئۆسوالد سۆدرکڤیست، ئەو پەرلەمانتارەی بۆ یەکەمین جار کێشەی کوردی بردە نێو پەرلەمانی سوێد:

# وتارێکی رۆژنامەیەکی تورکی زۆر تووڕەی کردم و هانیدام زیاتر بۆ کورد تێبکۆشم

**رۆژی 2008/11/5 کۆمیتەی سوێدی بۆ پشتیوانی لە مافەکانی کورد لە ئۆپسالا، سەمینارێکی بۆ نووسەر و ئاکادیمیی سوێدی ئۆلۆف گ. تاندبێری کە دۆستێکی کۆنی گەلی کوردە، رێکخست. چەند سوێدییەکیش لەو سەمینارەدا بەشداربوون، یەکێک لەوانە ئۆسڤالد سۆدرکڤیست بوو کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1977دا، کێشەی کوردی بردە نێو پەرلەمانی سوێدەوە و داوای کرد دەوڵەتی سوێد پشتیوانی لە نەتەوەی کورد بکات. (رووداو) بۆ ناساندنی سۆدرکڤیست بە خوێنەرانی کورد، هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ سازکرد.**

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین–سوێد**



**سۆدرکڤیست نەیدەویست زۆر باسی ژیانی سیاسی خۆی بکات، ئەو پێیوابوو رەنگە ئەوە جێگەی بایەخی خوێنەری کورد نەبێت. ئەو پێش ئەوەی دەست بە کاری سیاسی بکات لە نێو سوپادا وەکو ئەفسەرێک کاری کردووە. ساڵی 1969 بار دەکاتە شاری ئۆپسالا و دوای ئەوەی کە واز لە ئەفسەری دێنێت لە زانستگەی ئۆپسالا زانستی سیاسی و نێونەتەوەیی دەخوێنێت و پاشان لە ساڵی 1976 دا دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی سوێد تا ساڵی 1988 بە ئەندام تێیدا دەمێنێتەوە.**

**رۆژنامەی (HURIYET حوریەت)ی تورکی بەهۆی پشتیوانیکردنی لە کورد، لە وتارێکدا بە"چەتە" ناوی برد، هەر ئەو وتارە بووە هۆی ناسراوتربوونی ئۆسڤالد لە نێو کورددا و ژمارەیەکی زۆر کورد پێوەندن پێوە کرد، بە تایبەتی لە ئۆپسالا. لە کۆتایی حەفتاکاندا مام جەلال سەردانی سوێدی کرد و چاوی بە ئۆسڤالد سۆدرکڤیست کەوت، ئەو بەتەواوەتی لە بیری نەماوە چ ساڵێک بوو، بەڵام کۆتایی حەفتاکان بوو. پاشان د. عەبدولرەحمان قاسملو سەردانی دەکات و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە باشتر لە کورد تێبگات.**

**دوای ئەوەی کە سۆدرکڤیست پەرلەمانی سوێد بەجێدەهێڵێت بەردەوام دەبێت لە پێوەندییەکانی لەگەڵ کوردانی دانیشتووی سوێد و بەشداری ئاهەنگ و کۆبوونەوەکانی کورد دەکات، بۆ نموونە یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز. لەساڵی 1999یش بەشداری (شەمەندەفەری ئاشتی) کرد لە بەلجیکاوە بۆ دیاربەکر.**

**رووداو:چۆن ئاشنای کورد و کێشەکەی بووی؟**

**ئۆسڤالد سۆدرکڤیست:** تاوەکو نەبوومە ئەندامی پەرلەمانی سوێد، منیش وەکو زۆر خەڵکی دیکە، شتێکی وام دەربارەی کورد و کێشەکەیان نەدەزانی . لە سەرەتای حەفتاکانەوە ژمارەیەکی بەرچاو کورد کە زۆربەیان خاوەن بڕوانامەبوون روویانکردە سوێد. ئەوەش کاریگەری هەبوو لە ناساندنی کورد بە سوێدییەکان. ئێمە لە گرووپەکەی خۆمان لە پەرلەمان باسی کوردمان دەکرد، بەڵام راستییەکەی ژنێکی سوێدی کە لەگەڵ مەحموود باکسی دەژیا، ناوی ئێلین کلاسۆن بوو و لە لای گرووپەکەی ئێمە لە پەرلەمان وەکو سکرتێر کاری دەکرد، ئەو لە رێگەی مەحموود باکسییەوە ئاگاداری کێشەی کورد بوو، ئەوەبوو رۆژێکیان پێشنیازی کرد کە ئێمە کێشەی کورد ببەینە نێو پەرلەمانەوە و باسی لێوە بکەین. ئێمەش بە قسەمان کردو دوای ئەوە ئیتر هەر زیاتر و زیاتر رووناکیمان دەخستە سەر کێشەی کورد.

**رووداو: چ پێشنیازێکت کرد و زیاتر باسی کام پارچەی کوردستانتان کرد؟**

**ئۆسڤالد سۆدرکڤیست:** قسەکانی ئێمە گشتی بوون و،وەک یەکەیەکی یەکگرتوو باسی کێشەی کوردمان کرد، نەک باسی ئەم پارچە و ئەو پارچەی کوردستان . ئێمە باسی چەوساندنەوەی کوردمان کرد کە لەلایەن تورکیا، سووریا، ئێران و عێراقەوە دەچەوسێنرانەوە. بەڵام حکوومەتی سوێدی ئەوکاتە وەکو ئێستا حکوومەتێکی موحافەزەکار بوو و پێشنیازەکەی ئێمەی بە تەواوەتی رەتکردەوە. بەڵام ئێمە کۆڵمان نەدا، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە ژمارەیەکی زیاتر کورد هاتنە سوێد و پێوەندیمان لەگەڵ بەستن و تا دەهات زانیارییەکانمان لەسەر کورد زۆرتر دەبوون. ساڵی 1977، رۆژنامەنووسێکی تورک کە بۆ رۆژنامەی (حوریەت)ی تورکی کاری دەکرد هاتە تەلاری پەرلەمان و گفتوگۆیەکی لەگەڵ کردم. منیش باسی چەوساندنەوەی کوردم بۆ کرد لەو وڵاتانەدا. دوایی وێنەکەی منیان لە لاپەڕەی یەکەمی حوریەتدا بڵاوکردەوە و وەکو چەتە و رێگرێک باسیان کردبووم کە ئاگام لە هیچ نییە و هیچ نازانم. ئەوەبوو مەحموود باکسی هاتە لام و رۆژنامەکەی بۆ هێنام و بۆی کردمە سوێدی. دیارە لەو وتارەدا کە لەسەر منیان نووسیبوو، دووپاتیان کردبووەوە کە کورد نییە و ئەوانەی ئەو چەتەیە باسیان دەکات "تورکی چیایین". ئەو وتارە زۆر تووڕەی کردم و هانیدام کە زیاتر بۆ کورد و مافەکانیان تێبکۆشم.

**رووداو: تاڵەبانی و قاسملوو سەردانیان کردووی، چۆن ئەو دوو کەسایەتییە هەڵدەسەنگێنی و، بەراوردیان دەکەی؟**

**ئۆسڤالد سۆدرکڤیست:** ئێمە وەکو کەسایەتێکی شۆڕشگێر چاومان لێدەکردن و ئەو سەردەمە سەردەمی ئازادیخوازیی بوو، لە ئەنگۆلاوە تا کوردستان و فەلەستین خەڵک بۆ ئازادی خەباتی دەکرد. ئەوکات تاڵەبانی زۆر شۆڕشگێرانە قسەی دەکرد و قسەی ئاگراوی دەکرد، هەرچی قاسملوو بوو بە راستی پیاوی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی دەوڵەت بوو. دیارە ناکرێت من لەبەر رۆشنایی ئەو چاوپێکەوتنە کورتە، بەتەواوەتی کەسایەتییەکانیان هەڵسەنگێنم.

**رووداو: رۆژنامەکانی سوێد ئەوکات هیچ بایەخیان بەکورد دەدا؟**

**ئۆسڤالد سۆدرکڤیست:** زۆر کەم، ئەوەی ئێمەش دەمانکرد لەبەر ئەوەی چەپ بووین گرنگیان پێ نەدەدا و نەیاندەویست زۆر باسی ئێمە بکەن و رووناکیمان بخەنە سەر. دیارە ئێمە خۆمان زۆرمان لەسەر کورد نووسی و باسی کوردمان کرد بەتایبەتی دوای ئەوەی کە خومەینی هاتە سەر حوکم و کوردەکان بۆ ماوەیەکی کورت ئازادیان وەرگرت.

## شەڕی کوردەکان لە نێوخۆیاندا باری ئێمەی گرانتر کرد

**رووداو: شەڕی براکوژیی و نێوخۆیی کورد چ کاریگەرییەکی نێگەتیڤی بۆ سەر هەوڵدانەکانی ئێوە هەبوو؟**

**ئۆسڤالد سۆدرکڤیست:** شەڕی کوردەکان لە نێوخۆیاندا کارەکانی ئێمەی زەحمەتتر کرد. ئێمە دەمانویست باسی کورد و کوردستان وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو بکەین، بەڵام ئەو شەڕانە باری ئێمەیان گران کرد. زۆرجار کە گفتوگۆمان دەکرد لە پەرلەماندا، بۆ نموونە وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی سوێد و هی دیکەیش بانگاشەی ئەوەیان دەکرد کە کورد خۆیان یەکگرتوو نین و شتێک نییە ناوی نەتەوەی کورد بێت ئەوانەیش کە هەن عەشیرەت و خێڵن. بەڵام ئاسانتر بوو بەرگری و پشتیوانی لە کێشەی فەلەستینییەکان بکەی، هەر هیچ نەبێت ئەوکات، چونکە یەک نوێنەرایەتیان هەبوو و خۆشیان لە نێوخۆیاندا یەکگرتووبوون. ئێستازۆر خۆشحاڵم کە کورد لە یەکترەوە نزیکن و پێموایە ئێستا کوردی باشووری کوردستان هاوکاری پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن ئەوە کارێکی باشە.

## تاڵەبانی کە هاتە لام زۆر قسەی شۆڕشگێرانە و ئاگراوی دەکرد، بەڵام قاسملوو بە راستی پیاوی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بوو

**رووداو: دوای تیرۆرکردنی ئۆلف پالمێ لە هەشتاکاندا کە پارتی کرێکارنی کوردستانPKK بە تیرۆرکردنی تۆمەتبارکرا، رەوشی کورد لە سوێد چی بەسەر هات؟**

**ئۆسڤالد سۆدرکڤیست:** من هەمیشە ئەوەیش بڵێم کە PKK کارێکی خراپیان کرد کە لە سوێد دوو ئەندامی پێشووی خۆیان کوشت، ئەو کارەیان جێگای دیفاعلێکردن نەبوو، هەرچەندە پاشان خۆشیان هەستیان بەو هەڵەیە کرد و پەشێمان بوون لە کردنی. پۆلیسی سوێدیش کەڵکیان لەوهەڵەیە وەرگرت و PKK یان بە کوشتنی پاڵمە تاوانبار کرد، بەڵام دوایی دەرکەوت کە ئەو تاوانبارکردنە هیچ بناخەیەکی نەبوو، من خۆم ئێستایش پێموایە بەرگریم لە PKK کردووە و ئێستایش بەرگریان لێدەکەم. خۆ هەر هیچ نەبێت بەرخۆدانێکیان کردووە. من ساڵی 1987 لەگەڵ هاوڕێیەکمدا کە ناوی تۆنی فرانسێ بوو، سەردانی تورکیامان کرد، ئەوکاتە لە رێگەی پەرلەمان و باڵیۆزخانەی سوێدەوە ئاسانکاریمان بۆ کرا. باڵیۆزخانەی سوێد هەندێک پێوەندی بۆ رێکخستین لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتدا، بەڵام وەزیرە تورکەکان کەوتنە سەرزەنشتکردنمان بەوەی کە شتێک نییە ناوی کێشەی کورد بێت لە تورکیا، ئەوەی لەم وڵاتەدا دەژی هەمووی تورکن. زۆر بێنەزاکەت بوون بەرامبەرمان. ئێمە چاومان بە کوردیش کەوت، بە تایبەتی ئەو کوردانەی کە ئاوارەبوون و راگوێزرابوون و لە ئیستەنبوڵ لە ژیانێکی پڕ رەزالەتدا دەژیان. کە هاتینەوە راپۆرتێکمان لەسەر کێشەی کورد و کوردەکان نووسی و دامانە پەرلەمانی سوێد.

**رووداو: بۆچی کورد و PKK لە کوشتنی ئۆلف پالمەدا گلێندرا ؟**

**ئۆسڤالد سۆدرکڤیست:** دەبێت پێش هەموو شتێک ئەوە بڵێم کە بەو کارە، دادگا و دادپەروەری لە سوێد خۆیان هێنایە سەر سفر، شتێکی هەتا بڵێی ناخۆش و ترسناک بوو. راستییەکەی من دوای دوو هەفتە زانیم کە ژمارەیەک ئەندامی PKK لەلایەن پۆلیسی سوێدییەوە دەستگیرکرابوون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرابوو، ئەوەش دوای ئەوەی ئەوئەندامانە هاتن بۆ پەرلەمان و ئاگاداریان کردین، بەڵام دادوەرانی سوێدی ئەو تێوەگلانەی PKKیان رەتکردەوە و تۆمەتەکەیان لەسەر لابردن، بەڵام بەداخەوە ئەوە کاریگەرییەکی زۆر خراپی کردە سەر کێشەی کورد، ناخۆشییەکە لەوەدا بوو کە هەموو کوردیان تێوەگلاندبوو و تەنانەت ئەوانەیشی کە هیچ پێوەندییەکیان بە PKK وە نەبوو بە گومانەوە چاویان لێدەکرا. بەڕاستی من هەستم بە شانازییەکی زۆر دەکرد کە دادپەروەری سەرکەوت. بە داخەوە دەبێت کە پۆلیسی سوێدی بە شێوەیەک لە شێوەکان پەنجەی لە کوشتنی پاڵمەدا هەیە. بەڵام من ئێستایش کە ئەوروپا PKK ی خستۆتە نێو لیستی تیرۆرەوە، بەکارێکی قێزونی دەزانم و پشتیوانی تەواو لەو پارتە دەکەم و پێوەندیم لەگەڵ هەندێک لە ئەندامەکانیان هەیە.

تەواوی ئەو هەڤپەیڤینە لە (رووداونێت)دا بخوێننەوە
WWW.RUDAW.NET

**رووداو : ساڵی 1999 بەشداری شەمەندەفەری ئاشتیت کرد بۆ دیاربەکر، چۆن بوو ئەو بڕیارەتدا؟**

**ئۆسڤالد سۆدرکڤیست:** داوام لە پارتی چەپ کرد، من وەک نوێنەری ئەو پارتە بەشداری بکەم و بۆ ئەو مەبەستەش هاوکاری دارایی بکات، بەڵام PKK پارەی هەبوو و هەموو پارەی ئەو چالاکییەی خستبووە سەر شانی خۆی. وەلێ ئەڵمانیا رێگای نەدا ئەو شەمەندەفەرە بە خاکەکەیدا تێپەڕێت بۆیە PKK فڕۆکەیەکی بە کرێ گرت و دەیان کورد و دۆستی کورد لە ئیستەنبوڵ نیشتینەوە و پاشان لەوێشەوە بە پاس بەرەو دیاربەکر کەوتینە رێ، بەڵام پۆلیس و سووپای تورکیا رێگایان نەدەدا بچینە ناو دیاربەکر. لەگەڵ ئەوەشدا دەیان هەزار کورد پێشوازیان لێکردین. پاش ئەوەی ئێمەیان گێڕایەوە بۆ ئیستەنبوڵ ئەوروپییەکانیان کۆکردنەوە، کە لە خەڵکانی رووناکبیر، سیاسی و رۆژنامەنووس پێکهاتبوون، بە چەتە و رێگر ناوزەدیان دەکردین .بەڵام راگەیاندنی کوردی و ئەڵمانی و بەریتانی پێشوازییەکی باشیان لەو چالاکییە کرد و لەسەریان نووسی.

**رووداو:نووسەر و رووناکبیری سوێدی ئۆلف گ تاندبێری دۆستێکی دیکەی کوردە، ئەو چۆن دەناسی؟**

**ئۆسڤالد سۆدرکڤیست:** ساڵی 1976 چاومان بە تاندبێری کەوت کە لە شەستەکانەوە پشتیوانی لە کورد کردبوو و بەتایبەتی لەگەڵ بارزانی باوک پیوەندی هەبوو، ئەو خۆی چاوی بە بارزانی کەوتبوو و زانیاری باشی لەسەر کێشەی کورد هەبوو. ئەگەرچی ئەو چەندین ساڵ بوو بێدەنگ ببوو، بەڵام دیسان بۆ کێشەی کورد تێهەڵچووەوە.

**رووداو: کەسایەتی مستەفا بارزانی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**ئۆسڤالد سۆدرکڤیست:** ئەو خەباتێکی زۆری بۆ کورد کرد، بەشداریی کۆماری کوردستانی کرد لە مەهاباد، من بارزانی وەکو کەسایەتییەکی گەورەی مێژوو چاو لێدەکەم. ئەو هەموو ژیانی خۆی لە گەنجێتییەوە تا مردن بۆ کورد کردە قوربانی. رەنگە ئەو زیاتر بۆ کوردەکانی باشوور تێکۆشا بێت، بەڵام لەو سەردەمدا نابێت چاوەڕوانی ئەوەمان لێ بکردایە کە بۆ هەموو کورد خەباتی بکردایە. من رێزێکی زۆرم بۆ مستەفا بارزانی هەیە.

**رووداو: بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی سوێد لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا تا چەند رێگریبوو لە ناساندن و پشتیوانیکردن لە سوێد بۆ کورد؟**

**ئۆسڤالد سۆدرکڤیست:** بەرژەوەندی ئابووری سوێد لەگەڵ تورکیا و عێراق بێ کاریگەری نەبوو. سوێد ژمارەیەکی زۆر ماشێنی گەورەی بە تورکیا و عێراق فرۆشت، هەروەها بە ئێرانیش لەسەردەمی رژێمی خومەینیدا، بە تایبەتی کۆمپانیای سکانیا کە لۆری و ماشێنی گەورەی دروستدەکرد و بۆ کاری سەربازی لەو وڵاتانەدا بەکار دەهێنران. هەروەها لێدانی تونێل و دروستکردنی بینای گەورە لە ئیستەنبوڵ. ئەگەرچی قەدەخەبوو سوێد کەرەستەی سەربازی بەو وڵاتانە بفرۆشێت، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە هاوکاری ئابووری ئەو وڵاتانەی دەکرد.

**رووداو: کێشەی کورد هێشتا چارەسەر نەکراوە و ئێستایش پێویستی بە پشتیوانییە، بەڵام ئەو گەرموگوڕییەی جاران بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی دنیا نەماوە، بە بڕوای تۆ هۆکاری ئەوە چییە، لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا ئاسانتر دەتوانرێت زانیاری لەسەر گەلانی چەوساوە بەدەستبهێندرێت؟**

**ئۆسڤالد سۆدرکڤیست:** ئەگەر ئێمە باسی سوێد بکەین، من پێموایە پێوەندی بە لیبرالیزمی نوێوە هەیە، پێوەندی بە ئیندڤیدوالیزمەوە هەیە، خەڵک چاوچنۆک بوون و هەر بیر لە خۆیان دەکەنەوە، پێوەندی بەوەوە هەیە کە بزووتنەوە چەپەکان پاشەکشەیان پێکراوە و راستڕەوەکان زیاتر بە دەسەڵات بوون. ئێستا حکوومەتێکی پارێزکار لە سوێد حکووم دەکات، وەزیری دەرەوەی ئێستامان، کارل بیلدت، زۆر سەرسامە بە ئەمریکا. ئێستا سوێد، زیاتر لە ناتۆ نزیک بووەتەوە، بەڵام من پێموایە گۆڕانکاری لە سیاسەتی سوێد دەکرێت و ئەو هاوپشتییەی هەشتاکان هەبوو بۆ کورد و فەلەستینییەکان سەرهەڵدەداتەوە.

## دادگای سوێدی بە تۆمەتبارکردنی کورد بە دەستهەبوون لە تیرۆرکردنی ئۆلف پالمێ خۆی هێنایە سەر سفر

**رووداو: پێتوایە گۆڕانکاری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕستدا روودەدات؟**

**ئۆسڤالد سۆدرکڤیست:** رەنگە پێش ئەوەی بەرەوباشی بڕوات، شتی خراپتر رووبدات، ناکرێت تورکیا نکۆڵی لە بیست ملیۆن کورد رەنگە زیاتریش بن، بکات و هەر بڵێت کورد نییە و پێیان بڵێت "تورکی شاخاوی" واتە ئەگەر گۆڕانکاری نەکەن، ئەوا شەڕی گەورەتر و هێزی زیاتر بەکاردەهێنرێت. ناکرێت بڵێن کورد نییە، چونکە کورد هەیە.

**رووداو: ئێمە گەلێکین لەمێژە دەچەوسێندرێینەوە و رەنگە نەمان پەرژابێتە قەدرگرتنی دۆستە راستەقینەکانمان و پاداشت دانەوەی ئەوانەی لە تەنگانەدا لەگەڵمان بوون، ئەگەر من بڕیار بەدەست بوومایە ئەوا خەڵکانێکی وەکو تۆم بانگهێشتی کوردستان دەکرد تا هیچ نەبێت ئەو بەشەبچووکەی وڵاتەکەمان کە ئازاد کراوە، ببینی؟**

**ئۆسڤالد سۆدرکڤیست:** بیرێکی خراپ نییە، من ویستوومە سەردانی کوردستان بکەم، بەڵام بە هۆی جیاجیاوە، بۆم رێکنەکەوتووە. خۆشحاڵ دەبم ئەگەر رۆژێک بتوانم سەردانی کوردستان بکەم، بەڵام ئەویش نەبێت خۆ من هەر بە دۆستی کورد دەمێنمەوە.

# سیمکارتە علوجەکان دەبنە پردی خۆشەویستی نێوان کچان و کوڕان

**لەنیا مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

لانە، لەخیانەتی هاوڕێ کچەکەی خۆش بوو، کە ژمارە مۆبایلەکەی بە 30 دۆلار فرۆشتبوو بەکوڕێک. کاتێک لەشەوێکی درەنگدا مۆبایلەکەی بەزەنگی کوڕێکی نەناسراو



چریکاندی. دووجار ڕەتیکردەوە کە کوڕە نەناسراوێک بەخۆشەویستی خۆی قبوڵبکات، سەرەنجام رازی بوو "کوڕان سیاسەتێکی کاریگەریان هەیە بۆ ڕاکێشانی کچان".

لەسەر ئەو پەیوەندییانە، زۆر کچ و کوڕ ئامادەبوون قسە بکەن، بەڵام بەمەرجێک ناوەکانیان وەک ناوی خوازراو دابنرێن.

لانە یەکێکە لەو کچانەی کەوتووەتە داوی ژمارە مۆبایلێکی نەناسراوەوە کە ئێستا زۆربەی هەرە زۆری ئەو ژمارە مۆبایلە نەناسراوانە بەسیمارتی علوج لەنێو گەنجاندا ناویان دەرکردووە، دواجار ئەو ژمارە نەناسراوە لانەی کردوەتە عاشقێکی سەوداسەر.

سیمکارتی علوج، بەوسیمکارتانە دەگوترێت کە خاوەنیان دیار نییە و لە بازاڕدا بەنرخێکی زۆر هەرزان دەستاودەستیان پێدەکرێت، هەندێکجاریش لەلای گەنجانەوە بەکرێ دەدرێت، بەتایبەتی ئەو سیمکارتانەی ژمارەی کچانیان تێدایە.

شیرین، 25 ساڵ، زۆر ئاساییە بەلایەوە، کە خۆ شە و یستی خوشکەکەی خۆی داگیرکردوە و پەندەکەش بەپەندی مۆبایل دەزانێ. شیرین بەپێکەنینەوە دەست بەگێڕانەوەی ئەو چیرۆکە دەکات، کە بڕیار بوو، خوشکەکەی پاڵەوان بێت تێیدا "خوشکەکەم سەرداری خۆش دەویست و ڕۆژێک پێیگوتم بەمۆبایلەکەی خۆت سەردارم بۆ تاقی بکەرەوە، بزانم لەگەڵ کچی دیکەش پەیوەندی دەبەستێت؟، کەپەیوەندیم پێوەکرد سەردار لێی پرسیم خۆشەویستت هەیە یان نا؟ گوتم نا، کە منیش لێمپرسی، گوتی هیچ خۆشەویستم نییە، زۆر سەیر بوو بەلامەوە".

شیرین زیاتر گوتی"دوایی خوشکەکەم تەلەفۆنی بۆ سەردار کردو لێی پرسی ئەوە لەگەڵ کێ مەشغوڵ بوویت؟ سەردار گوتی لەگەڵ هاوڕێیەکم لەبەریتانیا، ئیتر خوشکەکەم مەوعیدێکی لەگەڵ داناو کاتێک چووە دەرەوە، پەیوەندیم بەسەردارەوە کردەوەو جارێکیش بەدزی خوشکەکەمەوە لەگەڵی چوومە دەرەوە".

شیرین، دوای سێ مانگ لەدروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خۆشەویستی خوشکەکەی خۆی، سەردار پێی دەڵێت، دێمە خوازبێنیت ."ئەو شەوەی کە هاتن، خوشکەکەم وای دەزانی بۆ داوای ئەو هاتوون و منیش دەمزانی داوای من دەکەن، کاتێک ناوی منیان برد، خوشکەکەم یەکسەربوورایەوە" .گوتیشی"دوای مانگێک لەگەڵ خوشکەکەم ئاشت بووینەوەو ئێستا ئەویش لەڕێگەی سەرداری هاوسەرمەوە لەگەڵ کوڕێکی دیکە زەواجی کردووە".

بەهۆی زۆربوونی کێشەی کۆمەڵایەتی لەئەنجامی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل، لەماوەی رابردوودا پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەتی بەناوی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن دەرکرد، بەگوێرەی یاساکە هەر کەسێک بەشێوەیەکی خراپ کەڵک لەئامێرەکانی مۆبایل وەربگرێت، زیندانی دەکرێت بەشێوەیەک، کە لەشەش مانگ کەمتر نەبێت و لەپێنج ساڵ زیاتر نەبێت . هەروەها بەبڕی 750 هەزار دیناریش غەرامە دەکرێت.

ئەگەرچی پەرلەمانی کوردستان، لەچوارچێوەی یاسایەک ڕێگە لەخراپ بەکارهێنەرانی مۆبایل دەگرێت و سزاکەشیان بەغەرامەکردن دیاری دەکات، زۆربەی کوڕان و کچان لەو باوەڕەدان کە مۆبایل لەئێستادا فریشتە سپییەکەی ئەوانە، تا بۆ ناو ڕۆحی یەکتر بیان پەڕێنێتەوە.

ئێستا گەنجان لەنێوان خۆیاندا، شەوانە سیمکارتە علوجەکان دەدەنە کرێ. دێرینی تەمەن 23 ساڵ دەڵێ "ئاگام لێیە، ئەو سمیکارتە علوجانەی کە ژمارەی کچی زۆری تێدایە، شەوانە بەکرێ دەیدەن بەیەکترو بۆ هەر شەوێک 25 هەزار دینار کرێکەیەتی".

سوارە ئەحمەد فەخری، لێپرسراوی پەیوەندییە گشتییەکانی ئاسیا سێڵ نەیشاردەوە، کە ژمارەیەک سیمکارتی بێخاوەن و علوج بوونەتە هۆی سەرئێشە بۆ خەڵک و هاوکات ژمارەکەشی بەکەم ناوبرد، گوتیشی "ئێمە ناتوانین ئەو هێڵانە ببڕین، دەبێ دادوەر داوای بڕینیان بکات، ئەو جۆرە سیمکارتانەش، دەستاودەستی زۆریان کردووەو خاوەنەکانیان دیارنەماون، بۆیە بوونەتە بێناوونیشان". وەک ئەو بەرپرسەی کۆمپانیاکە ئاماژەشی پێدا، ئێستا ژمارەی بەشداربووانی ئاسیاسێڵ لەعێراقدا گەیشتووەتە 5 ملیۆن و 500 هەزار کەس.

ئەگەر مۆبایل بۆ هەندێک گەنج بووبێتە خێرو بەرەکەت، ئەوا بۆ (ئا.م) تەمەنی 24ساڵ کە خوێندکاری ئامادەییە، بووەتە سەر ئێشە، سیمکارتێکی بێ خاوەن (علوج) داوی بۆ (ئا) نایەوەو سەرەنجام بە 150دۆلار خۆی ڕزگارکرد . ئەو کچە دەڵێ "ئەو کوڕەی کەبەحساب خۆشی دەویستم، بەردەوام دەنگمی لەمۆبایلەکەیدا تۆمارکردبوو، ڕۆژێک گوتی ئەگەر 15 کارتی ئاسیام بۆ نەنێریت دەنگەکەت بڵاودەکەمەوە". گوتیشی"لەترسی ئابڕووی خۆم، بەبڕی 150دۆلار 15کارتی ئاسیام بۆ ناردو رزگارم بوو، هەرچەندە ئێستاش هەر دەترسم".

بە250دیناری چاپی نوێ، (هێرۆ.س)تەمەن 22ساڵ بنێشتێکی کڕی تاوەکو تاموچێژێکی زیاتر بداتە ئەو پیاسەیەی کە ئێوارەیەک لەگەڵ هاوڕێ کچەکەیدا لەسەرچنار پێکەوەبوون. دواجار ئەو بنێشتە، بووە سەری مەنجەڵی چارەنووسی هێرۆ . "بۆیەکەم جار لەسەرچنار سەربازم بینی، تاکە شتێکیش کەلەوێدا شکم دەبرد، تالەرێگەیەوە پەیوەندی بەسەربازەوە بکەم، بنێشتەکەی ناو دەمم بوو". هێرۆ، کەئێستا لەقۆناخی دەستگیرانداریدایە، گوتی "لەسەرکاخەزی بنێشتەکەم ژمارەی مۆبایلەکەم نووسی و بۆ سەربازم فڕێدا، ئەویش هەڵی گرتەوەو دواتر پەیوەندی پێوەکردم و پاش ماوەیەکی کەم لەهاوڕێیەتی، هاتەخوازبێنیم و مارەی کردم".

تا ئێستا دەیان کچ بوونەتە قوربانی بەکارهێنانی مۆبایل بەشێک لەکچان تا ئێستاش بەدزی ماڵەوە مۆبایل بەکاردەهێنن، ڕەنگە بەئاشکرابوونیان هەمان چارەنووسی کانیاو و لافاو چاوەڕێیان بکات، کە مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵ بەهۆی ئاشکرابوونی مۆبایلەکەیانەوە لەلایەن براکەیانەوە لە گوندێکی هەولێر درانە بەر گوللە و کوژران.

هەندێک لەکچان، نایشارنەوە کە مۆبایل وەکو سەرچاوەی داهات بەکاردەهێنن ئەویش لەرێگەی ئەو پەیوەندییە وروژێنەرو سێکسییانەی لەرێگەی مۆبایلەوە لەگەڵ کوڕان دەیبەستن.

هەڵاڵە، شەو نییە 5 دۆلار لەلایەن کوڕانەوە بەدیاری وەرنەگرێت، بەرامبەر کردنی ئەو قسانەی کە بەئارەزووی کوڕانی شەوارە گرتوون" گەنجی وا هەیە ماوەی 15دەقیقە قسەی سێکسی بۆ دەکەم". ئەو کچە دەڵێ "بەوهۆیەوە بەردەوام مۆبایلەکەم 70دۆلاری تێدایە". گوتیشی"کێشەم نییە ئەو کوڕە کێیە، گرنگ ئەوەیە یەکەم بۆ دەنێرێت".

تا ئێستا هیچ ئامارێک لەلایەن پۆلیسەوە لەسەر کێشەکانی مۆبایل نییە، سەرچاوەیەک لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی گوتی "سکاڵاکان لەسەر کێشەی مۆبایل زۆر نین".

# پشیلە بەناو بەشە ناوخۆییەکاندا کەوتوون



**ساکار ڕۆستەم**
**ڕووداو — هەولێر**

وەک زۆربەی قوتابیانی بەشە ناوخۆییەکان، شلێر قادر، لەدوای هاتنەوەی لەدەوامی کۆلێج دەست دەکات بەخاوێنکردنەوەی ژوورەکەی لەبەشی ناوخۆیی لەیلا قاسم، شلێر ئەو قسەیە پشتڕاست دەکاتەوە کە قوتابییانی بەشێک لەبەشە ناوخۆییەکان گرنگی بەپاک و خاوێنی ژوورەکانیان نادەن.

شلێر قادر، قوتابی قۆناخی سێیەم لەبەشی ڕاگەیاندنی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، ماوەی 3 ساڵە لەبەشی ناوخۆیی لەیلا قاسم ماوەتەوە، ئەو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لەکۆیە دادەنیشێت، گلەیی زۆریش لەقوتابیان دەکات کە بەپێی پێویست گرنگی بەخاوێنی بەشەکانیان نادەن، دەڵێت "بەشێک لەقوتابیان زۆر کەمتەرخەمن لەپاک ڕاگرتنی ژوورەکانیان"، ئەو بەڵگە بۆ قسەکانی خۆیشی دەهێنێتەوە کە چەندین ژووری قوتابییەکانی بەپەرشوبڵاوی بینیوە، هەروەها شلێر گوتیشی "قوتابی نابێت چاوەڕێی خزمەتگوزارەکان بکات تا ژوورەکەی بۆ پاک بکاتەوە، بۆچی خۆی هەست بە لێپرسراوێتی ناکات".

بەپێی قسەی بەرپرسی بەشەناوخۆییەکانی قوتابیان، بەشێوەیەکی گشتی قوتابیان کەمتەرخەمن لەشێواندن و نارێککردنی بەشە ناوخۆییەکان، لەبەر ئەوەی گرنگی بەبەشەکانیان نادەن و زۆربەیان هیچ لێپرسراوێتیەک هەڵناگرن لەسەر ڕاگرتنی پاک و خاوێنی بەشەکانیان، وەک ئەوان دەڵێن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک قوتابی کە لەتوانایاندا نییە لەلای خۆیان جۆرە هەست کردنێک بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بەو شوێنەی کە تێیدا دەژین دروست بکەن.

لەگەڵ ئەوەی چەندین ڕێنمایی و مەرج دانراوە بۆ قوتابیانی بەشە ناوخۆییەکان لەپاک ڕاگرتنی بەشەکان، بەڵام بەرپرسی بەشی ناوخۆیی شەهید شەوکەت هۆکاری پیسکردن و شێواندنی بەشەناوخۆییەکانی خستە ئەستۆی قوتابیان خۆیان.

حەمەد ئەمین عوسمان، بەرپرسی بەشی ناوەخۆیی شەهید شەوکەت، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیان داناوە بۆ چاودێریکردنی پاک و خاوێنی و ڕۆژانەش کۆمپانیای (کلین ستیClean City) هەموو بەشەکە پاک دەکەنەوە، هەروەها گوتی "ئاگاداری بڵاو دەکەینەوە بۆ پارێزگاریکردن لەپاک و خاوێنی".

بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکانی کوڕان سەرپەرشتی 24 بەشەناوخۆیی تایبەت بەکوڕان دەکات و ژمارەی قوتابیەکانیشی نزیکەی 2736 کەسە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی بەشە ناوخۆیی کچان بەسەرجەم بەشەناوخۆییەکانی 2042 قوتابی لەخۆ دەگرێت.

عادل مەهدی، قوتابی بەشی ناوخۆیی شەهید شەوکەت، فاکتەری سەرەکی شێواندن و نەبوونی پاک و خاوێنی لەزۆربەی بەشە ناوخۆییەکان گەڕاندەوە بۆ قوتابیان "هۆی شێواندن و پیسبوون و نارێک بوونی جێگاکە قوتابیان خۆیانن"، ئەو قوتابیە باسی لەدیاردەیەکی دیکە کرد کە لەبەشەکەیاندا هەیە ئەویش بڵاوبوونەوەی سەگ و پشیلەیە، گوتی "ئەمە هۆکارێکە بۆ پیسبوون، کە شێوەیەکی زۆر ناشیرین دەبەخشێت و هیچ هەوڵێکیش نەدراوە بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە".

بوونی پشیلە و سەگ لەبەشەناوخۆییەکاندا ئاماژەیەکی ترسناکە لەکەمتەرخەمی و نەپاراستنی پاک و خاوێنی بەشە ناوخۆییەکان، وەکو بەڕێوەبەرانی بەشەناوخۆییەکان کەمتەرخەمییەکە دەخەنە ئەستۆی قوتابییەکان.

مەهاباد نووری، مامۆستای کۆلێجی کارگێڕی و ئابووری و بەرپرسی بەشە ناوخۆییەکانی کچان ئاماژەی بەونووسراوە کرد کە بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێری ناردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، "ئەوان تیمێکیان هات، بەڵام ئەو ڕۆژە هیچ پشیلەیەک لەبەشەکە نەمابوو"، هەروەها دەڵێت "داوامان لەتیمەکە کرد کە پشیلەکان کۆبکەنەوە و بیانبەن بۆ شوێنێکی دوور، بەڵام ئەوان ئەو کارەیان نەکرد و گوتیان ئێمە دەتوانین بیانکوژین و فڕێیان بدەین، ئێمەش لاریمان لەسەر ئەمە هەبوو".

لاوین فەرمان، 20 ساڵ، یەکێکە لەقوتابییەکانی بەشە ناوخۆیی لەیلا قاسم دەڵێت "بەرپرسانی بەشە ناوخۆییەکان پێداویستی گونجاویان دابین نەکردووە کە ئەمەش هۆکارێکی دیکەی نەبوونی پاک و خاوێنییە".

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بوونی لێپرسینەوە لەهەندێک لەبەشە ناوخۆییەکاندا وایکردووە ژینگەیەکی پاک و خاوێن و تەندروست بۆ قوتابیان بڕەخسێت، هاوژین قوتابی بەشە ناوخۆیی 18ی شوبات دەڵێت "بەشەکەمان خاوێنە بەهۆی لێپرسینەوە لەلایەن چاودێرەکانمان"، ئاماژەشی بەوەدا کە جگە لەوەی بەشەکەیان لەلایەن خزمەتگوزارەکانەوە خاوێن دەکرێتەوە، قوتابیانیش خشتەی تایبەتیان بۆ پاککردنەوە بۆ دانراوە "هەر قوتابیەکیش پابەند نەبێت سزا دەدرێت".

## دوای نەگەڕانەوەی ناوی نزیکەی 10 هەزار قوتابی بۆ کۆلیژ و پەیمانگاکان

# گەنجان ڕوو لە کۆلێجی پۆلیس دەکەن

**سەرهەنگ عارەب**
**ڕووداو-هەولێر**

ئەمساڵ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ وەرگرتنی قوتابی کۆلێجی پۆلیس بەرێژەیەکی بەرچاو زیادیکرد، کاتێک ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان ناوی قوتابییە دەرچووەکانی ڕاگەیاند کە نزیکەی 10 هەزار قوتابی لەلیستی وەرگرتنیان بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان ناوەکانی خۆیان نەبینی.

وەک یەکێک لەو 10 هەزار قوتابییە، ڕەوەز تەها، 20 ساڵ، قوتابی پۆلی شەشەمی وێژەییە و ناوی لەهیچ زانکۆ و پەیمانگایەک نەگەڕاوەتەوە، ناچار بۆ ئەوەی ڕەنجی چەندین ساڵەی بەفیڕۆ نەچێت وەک زۆربەی برادەرەکانی داواکاریان پێشکەش بە کۆلێجی پۆلیس کرد.

ڕەوەز کە تێکڕای نمرەکانی پۆلی شەشەمی 58% بوو داواکاری پێشکەش کردووە تا لەکۆلیژی پۆلیس وەربگیریت، ئەو کە بە جلی وەرزشیەوە لەریزی تاقیکردنەوەی جەستەی وەستا بوو تا سەرەی بێت، گوتی "ئەگەر لەکۆلیژ یان پەیمانگایەک وەرگیرابام، داوای وەرگرتنم لەم کۆلیژە نەدەکرد، تا ڕادەیەکیش واستەم کردووە، چونکە تاکە هیوام کە مابێ کۆلیژی پۆلیسە".

دوای ئەوەی لە 11/5ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان ناوی قوتابییە وەرگیراوەکانی زانکۆو پەیمانگاکانی ئاشکرا کرد کە لەکۆی 31393 قوتابی، تەنیا 21401 قوتابی وەرگیران و چارەنووسی نزیکەی 10 هەزار قوتابیش دیار نییە، ئەو قوتابیانەی تێکڕای نمرەکانیان لەبەشی زانستی 55% کەمترە و بۆ بەشی وێژەیی ئەوانەی نمرەکانیان لە 65% کەمتر بوو لەهیچ کۆلیژ و پەیمانگایەک وەرنەگیراون، بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو 10 هەزار قوتابییە وەرنەگیراوەش پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی 11/12 بە ئامادەبوونی وەزیری خوێندنی باڵا و پەروەردە دانیشتنێکی تایبەتی سازکرد و بڕیاریشە لیکۆڵینەوەی زیاتر لەو کێشەیەدا بکات، وەک نارەزایی دەربڕین قوتابییە وەرنەگیراوەکانیش چەند ڕۆژێک لەمەوبەر خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا ساز کردو داوای چارەنووسی خۆیان کرد.

لەئاگاداریەکی کۆلیژی پۆلیس بە ژمارە 1154 لەڕۆژی 2008/10/19



**کۆلێجی پۆلیس**

- لەساڵی 1997 دامەزراوە
- تاکو ئێستا بە گشت خولەکان 1452قوتابی دەرچوونە
- کۆلێجی پۆلیس 3 خولی تەواو کردووە، خولی نۆیەم دەرچووی ئامادەیی (کوڕان)، خولی هەشتەم دەرچووە کۆلیژەکان (کوڕان)، خولی حەوتەم دەرچووە کۆلیژەکان (کچان)
- پەرلەمانی کوردستان بڕیارە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کێشەیەدا بکات
- لەپرێس کۆنفرانسێکدا سەرۆکی حکومەت ڕایگەیاند زانکۆکانی کوردستان توانای وەرگرتنی ئەو ڕێژە زۆرەی قوتابیانی نییە
- لەبەر نەگەڕانەوەی ناوی نزیکەی 10 هەزار قوتابی داواکاری لەکۆلیژی پۆلیس زیادیکردووە

دەرچووە و ئاراستەی ڕاگەیاندنەکان کراوە و وێنەیەکیشی لێدراوەتە (ڕووداو)، هەموو ئەو مەرج و ئیمتیازاتانەی تێدا هاتووە کە بۆ کردنەوەی خولەکانی ئەمساڵ و وەرگرتنی قوتابی پێویستن، ماوەی خولەکە بۆ دەرچووی ئامادەییەکان 3 ساڵ و بۆ دەرچووی کۆلیژەکان بۆ کچ و کوڕ یەک ساڵە، لەگەڵ دابینکردنی مووچە و خواردن و جل وبەرگی تایبەت و .. تاد.

لیوا فەرید سەعید محەمەد، کە ماوەی هەشت مانگە بۆتە ڕاگری ئەم کۆلیژە، یەکەم خولە سەرپەرشتی وەرگرتنی قوتابیان دەکا پێیوایە زۆربوونی داواکاری لەسەر کۆلیژی پۆلیس هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی دروستی کۆمەڵگا بەرامبەر پۆلیس، ئەو بەزۆر بوونی داواکاری ئافرەتان لەسلکی پۆلیس بەڵگە بۆ ڕاستی قسەکانی دەهێنێتەوە، بەڵام لەبارەی وەرگرتنی ڕێژەی قوتابیان بۆ ئەمساڵ دەڵێت "تاکو ئێستا دیار نیە چەند لەو قوتابیانەی داوایان کردووە وەردەگیرێن".

لەبەر ئەوەی ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆر لەقوتابیان داواکاریان پێشکەش بەو کۆلیژە کردووە، وەک زۆرێک لەقوتابییەکان ئاماژەیان پێکرد ترسیان لەوە هەیە کە واستە و واستەکاری ئەو خەونەیان پوچەڵ بکاتەوە.

لەبەرامبەر ئەو ترسەی قوتابیاندا لیوا فەرید باسی لەوەکرد کە ئەو واستەکردنە هیچ کاریگەرییەکی نەبووە، بەڵام دانیشی بەوەدانا کە تاکو ئێستا چەندین نووسراو و کاخەز و تەلەفۆنی بۆ هاتوو، هەروەها گوتیشی "بەڵام چانسی کوڕە شەهید و ئەنفالکراوەکان زیاترە کە وەربگیرێن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە چاوپۆشی لەمەرجەکانی وەرگرتنی قوتابی بکەین"، لیوا فەرید سەعید ئەو دەنگۆیەشی ڕەتکردەوە کە گوایە بۆ ئەمساڵ قوتابییەکی زۆری ناوچە دابڕاوەکان لەکۆلیژی پۆلیس وەردەگیرین،گوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ناوچانە پێویستیان پێیە، هەروەها گوتیشی "تاکو ئێستا 32 ئافرەت داواکاریان پێشکەش کردووە، ئەگەر مەرجی هەموویان تەواو بێت، هەموویان وەردەگیرێن،چونکە ڕێژەی ئافرەت لەرێزی پۆلیس کەمە".

عقیدی پۆلیس عیسمەت محەمەد عەلی، بەڕێوبەری باڵی خوێندن لەکۆلیژی پۆلیس کە تەلەفۆنەکەی لەبەر زۆری واستە داخستبوو، گوتی "ئەمساڵ بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی دیکە، ڕێژەییەکی زۆر قوتابی داواکاریان پێشکەش کردووە، هەر ئەمەشە وایکردووە واستە زۆر بێت"، عەقید عیسمەت ئەوەشی ڕوونکردەوە کە دەرچووانی ئامادەیی و دەرچوانی کۆلیژ کە لەم کۆلیژە وەردەگیرێن هەریەکەیان سیستەم و پرۆگرامی خوێندنی تایبەتی خۆی هەیە.

بەپێچەوانەی دەرچووانی ئامادەیی و ئارەزووکردن بۆ پیشەی پۆلیس وای لە دڵشاد ئەمین، 22 ساڵ، کردووە کە دووبارە بگەڕێتەوە بەر خوێندن بۆ ئەوەی بڕوانامەی ئامادەیی بەدەست بێنێت، چونکە یەکێک لەمەرجەکانی وەرگرتن دەبێت قوتابی دەرچووی ئامادەیی یەکێک لەبەشەکان بێت، دڵشاد کە لەدەڤەری دهۆکەوە هاتبوو، گوتی "هەرچی پێم بکرێت دەیکەم، بۆ ئەوەی لەم کۆلیژە وەربگیرێم".



# هەولێر 50 منداڵی لوولە دروستدەکات

## دکتۆرە ئەتیاف: هەر ئافرەتێک ماوەی چوار ساڵ منداڵی نەبێت دەبێ منداڵی لوولەی بۆ بکرێت

**رووداو- هەولێر**

زیاتر لە 50 کۆرپەڵەی لوولە (اطفال الانابیب)، لەهەولێر گەورەبوون و چاوەڕێی لە دایکبوونن و تەمەنی کۆرپەڵەی هەندێک لەوانەی نەزۆکن گەیشتووەتە 6مانگ و نیو. دکتۆری پسپۆری ئەو نەخۆشیەش لە کۆمەڵگەی پزیشکیی سۆران لە هەولێر ئومێدی هەیە لە داهاتوودا چارەسەری ژمارەیەکی زۆرتر بکەن.گرنگی کردنەوەی سەنتەری منداڵانی لوولەی لە هەولێر خستەڕوو" لەماوەی چەند مانگی رابردوودا توانیومانە پتر لە 50حاڵەتی نەزۆکی لە ناوەندی پزیشکی منداڵانی لوولە لە نەخۆشخانەی سۆرانی تایبەت چارەسەر بکەین، هیوا و بزە بخەینەوە سەر لێوی خەڵکانێک، کە تا رادەیەک لە منداڵبوون نا ئومێدببوون ".

دکتۆرە ئەتیاف حوسێن، پسپۆر و سەرپەرشتیاری ئەم ناوەندەی کۆمەڵگەی تەندروستیی سۆران، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)دا روونیکردەوە کە تاوەکو ئێستا 200 حاڵەت بۆ منداڵی لوولە سەردانی ئەوانیکردووە لە هەموو شارەکانی عێراقەوە " تەنانەت لە بەغدا و بەسراش دێنە ئێرە، بەڵام حاڵەتەکان زۆرترینیان خەڵکی کەرکووکن".

چارەسەرکردنی نەزۆکی لە ڕێگەی منداڵانی لوولە بۆ یەکەم جار لە بەریتانیا لە ساڵی 1978 ئەنجامدرا و ئافرەتێک بەناوی لویزانا ئابرۆن هێلکەکەی لە دەرەوەی لەشی پیتێنرا و دواتر گەڕێندرایەوە ناو منداڵدانەکەی و لە 19تەمموزی هەمان ساڵ منداڵەکەی بەشێوەیەکی نۆرماڵ لە دایکبوو. پاشان ئەم داهێنانە پزیشکییە لەسەرتاسەری جیهان بڵاوبووەوە، لە وڵاتێکی وەک میسر لە پێنج ساڵی یەکەمدا 800 منداڵ لەو ڕێگەیەوە لەدایکبوون.

کۆمەڵگەی تەندروستیی سۆران، کە نەخۆشخانەیەکی ئەهلییە و لەلایەن کۆمپانیای زۆزک دروستکراوە و سەرپەرشتی دەکرێ لە 2008/5/16 بە سەنتەری تایبەتی بە منداڵانی لوولە لە عێراق، لە هەولێر کرایەوە .لەو سەنتەرە پاکەدا، کە هەر بە یەکەم سەردانی هەست بە پاک و خاوێنییەکەی دەکەی، جیاواز لە هەندێ نەخۆشخانەی ئەهلی دیکە. سەنتەری منداڵانی لولە تاوەکو ئێستا سەردانی زیاتر لە 200 کەسی نەزۆکی تۆمارکردووەو، 50حاڵەت سەرکەوتنی بەدەستهێناوە " ڕێژەی سەرکەوتنی ژنانی کەرکووک زۆر جێی سەرنجە، هەرچی لە کەرکووک هاتبێ هەوڵەکە سەرکەوتوو بووە".

بەپێی راپۆرتە پزیشکییەکان ڕێژەی نەزۆکی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە جیهاندا زیاد دەبێ، لە هەر 10 کەسی جیهان یەکێک گرفتی منداڵنەبوونی هەیە .ڕێگەی منداڵانی لوولە ڕێگەچارەی منداڵبوونە. لەم بارەیەوە دکتۆرە ئەتیاف گوتی" نەشتەرگەرییەکە بریتییە لە پرۆسەی پیتاندن لە دەرەوەی لەش، هێلکەی ئافرەتەکە لە منداڵدانەکەی دەردەهێنرێت، لە دەرەوە بە تۆوی پیاوەکەی دەپیترێنێت و دواتر دەگەڕێندرێتەوە ناو منداڵدانی ئافرەتەکە، بەبێ ئەوەی هیچ دەرهاوێشتەیەکی خراپی بەسەر کۆرپەکەوە هەبێت، سکپڕبوونەکە وەک هەر سکپڕبوونێکی ئاسایی بە قۆناخەکانی خۆیدا تێدەپەڕێت و منداڵەکەشی زۆر ئاسایی لە دایکدەبێت".

دکتۆرە ئەتیاف کە پسپۆرێکی ئەم بوارەیە خەڵکی بەغدایە شارەزایی پراکتیکی لە بواری منداڵانی لوولە لە نەخۆشخانەکانی عەممان پەیدا کردووە. لە ساڵی 2003 لە نەخۆشخانەی فەرەح لە ژێر سەرپەرشتی دکتۆر زەید گەیلانی بەشداری لە نەشتەرگەری منداڵانی لوولە کردووە، ئەم نەشتەرگەرییە بە پرۆسەیەکی زۆر سادە دادەنێت، کە هیچ ئازارێک بۆ ئافرەت و پیاوەکە بەجێ ناهێڵێت و روونیکردەوە"سەرەتا چەند هۆرمۆنێک دەدرێتە نەخۆش بۆ ئەوەی هێلکەدانەکەی چالاک بکات و زۆرترین ژمارەی هێلکە دروست بکات، ئەوکاتەی هێلکەکان پێدەگەن، نەخۆشەکە بەبەنجی گشتی بێ هۆشدەکرێ بۆ ئەوەی هەست بە ئازار نەکات و، بە سۆنەری میهبەلی ئەو هێلکانە لە لەش دەردەهێنرێن، لە هەمان رۆژدا بە تۆوی مێردەکە دەپیتێنرێت".

دکتۆرە ئەتیاف، بۆ دڵنیابوونی ئەوانەی پەنا بۆ ئەو ڕێگەیەی منداڵبوون دەبەن، گوتی ئەو هێلکە و تۆوە بە پرۆسەیەکی ڕێکوپێک ڕێکدەخرێن کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ هێلکە و تۆوی کەسێکی دیکە تێکەڵ نابن لە سەنتەرەکەیان "ناوی هەر یەکێک بە جیا لەسەر سلایدەکان دەنووسرێن و لەناو ئۆڤنەکان (حاضنــة) دادەنرێن، کە ئامێری هەڵگرتنی تۆو و هێلکەکانە، رۆژی دووەم لە لایەن کەسێکی بایلۆجییەوە دەپشکنرێن بۆ ئەوەی بزانرێ ئاخۆ کۆرپەی دروستکردووە یان نا، هەندێ جار کۆرپە دروست دەبێت و هەندێ جاریش نا"، ئەو پسپۆرە روونیکردەوە کە کۆرپەکە دروستبوو دەبێتە 6 تا 8خانە، ئینجا بەبێ بەنج دەگەڕێنرێتەوە ناو منداڵدانی ئافرەتەکە .دوای دوو هەفتە بەهۆی پشکنینی خوێنەوە دەردەکەوێ کە ئایا هەوڵەکە سەرکەوتووە یان نا.

هەروەک سەرۆکی ئەو سەنتەرە روونیکردەوە ئەو ئامێرانەی بۆ ئەو بەشە بەکاردەهێنرێن پێشکەوتووترین ئامێرن " ئێستا جیهان لێک نزیکبووەتەوە، ئەو ئامێرەی لە لەندەن هەیە دەکرێ بیهێنییە ئێرەش، ئێمەش پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیامان هێناوە".

پێش کردنەوەی ئەو سەنتەرە، تەنانەت ئێستاش هەندێ کەس بۆ دروستکردنی منداڵی لوولە دەچنە ئوردن. ئەوە لەکاتێکدایە کە دکتۆرە ئەتیاف ئەو پرۆسەیەی ئەوان لە هەولێر ئەنجامیدەدەن لە ئاستی ئەوەی ئوردن دایە، تەنانەت چوار کەسی ئوردنی لە کۆمەڵگەی تەندروستیی هەولێر کاردەکەن، جگە لەوەی کە نرخ و خەرجییەکە لە هەولێر لە ئوردن هەرزانتر رادەوەستێ.

دکتۆرە ئەتیاف کە ماوەیەک لە بەغدا و دواتریش لە ئوردن کاری لەو پسپۆریەدا کردووە، دەڵێ نرخی ئەنجامدانی پرۆسەی منداڵی لولە لە سەنتەرەکەیان هەرزانە، نرخی هەوڵدانی یەکەم هەوڵی پیتاندن بۆ ئافرەتێک 2500دۆلارە، هەوڵی دووەمیش بۆ ئەو ئافرەتە 1500دۆلارە، هەوڵی سێیەم بە خۆڕاییە.

بەپێی وتەی دکتۆرە ئەتیاف، لە باشترین سەنتەرەکانی جیهان ڕێژەی سەرکەوتن لە نێوان 35تا45%یە، ئەمەش بۆ سروشتی پرۆسەکە دەگەڕێتەوە کە بریتییە لە پیتاندنی هێلکە لە دەرەوەی لەش، هێلکە و تۆوەکە (سپێرم) لە دەرەوەی لەش ڕووبەڕووی هەلومەرجێک دەبنەوە کە جیاوازە لە هەلومەرجی ناو لەش، بۆیە ڕێژەی سەرکەوتنی پیتاندن لە ڕێگەی منداڵانی لوولە لە ڕێگەی پیتاندنی نۆرماڵ کەمترە، بۆیەش ئەگەر هەوڵی یەکەم سەر نەگرێت، چەند هەوڵێکی دیکە دووبارە دەکرێنەوە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا دکتۆرە ئەتیاف ئاماژەی بۆ نەبوونی هۆشیاری تەندروستی لای هاووڵاتیان کرد، کە هەندێ نەخۆش بەشەرمەوە دەڕواننە ئەو کۆرپەیەی کە لە ڕێگەی منداڵبوونی لوولەیی لەدایک دەبن، لەبەر ئەوەی وا بیر دەکەنەوە وەک ئەوەنییە کە منداڵی خۆیان بێ یاخود ناتەواو دەدەچێ" بەڵام ئەوانە هیچی ڕاست نییە، منداڵێکی ئاساییە و هی خۆیەتی و پێویست بەوە ناکات ئەوە بشارێتەوە، کە بەو ڕێگەیە لەدایکبووە". ئەو دکتۆرە هاووڵاتیان دڵنیا دەکاتەوە کە کۆرپەکە نەشونمایەکی ئاسایی دەبێت و بناخەی جەستەیی هیچ کەموکورییەکی نابێت، تەواوی ئەو منداڵانەی بەم ڕێگایە لەدایکبوون مرۆڤی ئاساییان لێ هەڵکەوتووە و پێکهاتەی جەستەیان زۆربەهێزە.

دکتۆرە ئەتیاف، دەڵێ بەگوێرەی پێوەری باو لە سەر ئاستی جیهان هەر ئافرەتێک بۆ ماوەی چوار ساڵ منداڵی نەبێت، دەبێ منداڵبوونی لوولەی بۆ بکرێت " بەڵام بەداخەوە لێرە نەخۆش هەیە تا تەمەنی 45 ساڵی هەر خەریکی دەرمان وەرگرتن دەبێ و ئەو کاتە پیاوەکەش دێتە سەر سفر و توانای منداڵبوون زۆر زەحمەت دەبێ". ئەوەشی روونکردەوە کە خەڵکێک وا هزر دەکەن منداڵانی لوولە ڕێگەچارەسەرە بۆ هەموو نەزۆکییەک " بەڵام لە راستیدا وانییە تەنیا بۆ ئەو ئافرەتانەیە کە هێلکەدانیان هێشتا بەکارە و تۆوی پیاوەکانیشیان باشە". لەبارەی ئەوانەش کە پێویستە نەشتەرگەری منداڵبوونی لوولەیان بۆبکرێت گوتی "بەپێی حاڵەت دەگۆڕێ، ئەگەر نەخۆشێک هات و تەمەنی 20ساڵ بێت و لوولەکانی گیرابن ئەوا ڕێژەی سەرکەوتنی 70%ە، بەڵام ڕێژەی سەرکەوتن بۆ کەسێکی تەمەن 45ساڵ زۆر کەم دەبێت. هەندێ نەخۆش دێن لوولەکانیان گیراوە و پێیان دەڵێین ڕێژەی منداڵبوونت زۆر سەختە و دەبێ منداڵانی لوولەیی بکەی، کەچی نایسەلمێنێ و دەڵێ من هێشتا گەنجم و توانای سێکسکردنم هەیە لەکاتێکدا منداڵبوون پەیوەندی بەوەوە نییە".



طريقة I.V.F.

### کەی دەبێ پەنا ببەیە بەر منداڵی لوولە

- ئەگەر ژنێک لوولەکانی گیرابن.
- لاوازی سێکسی پیاو و کەمی توانای منداڵ دروستکردن.
- بوونی شێواوی لە رەحمی ئافرەتدا.
- هەندێ حاڵەتی نەزۆکی نادیار.

## هەندێ نەخۆش لە بەسرە و بەغداوە بۆ چارەسەر روودەکەنە هەولێر

سەرۆکی سەنتەری منداڵانی لوولە، لە کۆمەڵگەی تەندروستیی سۆران لە هەولێر



ئەگەرچی ئەو پسپۆرەی بواری منداڵانی ناو لوولە هەرێمی کوردستانی بەشوێنێکی ئارام و گونجاو بۆ دامەزراندنی ئەو ناوەندە دەستنیشان کردووە، بەڵام گلەیی لە دامەزراوەکانی بواری تەندروستی لە هەولێر کرد، کە هیچ ئاسانکارییەک بۆ کاری ئەوان ناکەن "بەڵکو من بەدەست ئاستەنگ بۆ دروستکردنەوە دەناڵێنم"، لەوبارەشەوە ئاماژە بە بەردەوام دواخستنی دەرچوونی کەلوپەلەکانی دەکات لە فرۆکەخانەی هەولێر، کە مانگانە بۆیان دێت" جگە لە بەڕێوبەری کۆمپانیای زۆزک هیچ پشتیوانییەک نییە".

دەربارەی هەماهەنگیش لەگەڵ کۆمەڵەی ئاوات بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی نەزۆکی و دەستگرتنی هەژار و کەم دەرامەتەکان گوتی" لە سەرەتادا کۆمەڵەی ئاوات بۆ کردنەوەی ئەو پرۆژەیە پەیوەندییان پێوە کردین، بەڵام تا ئێستا یەک نەخۆشیشیان بۆ نەناردووین، ئەگەر بەرپرسی ئەو کۆمەڵەیە سەردانی ئێمەی کردبوایە، ئێمە ئامادەبووین هاوکارییان بکەین و چونکە بەڕێوبەری نەخۆشخانە زۆر هاوکارە".

# 10%ی خەڵکی کوردستان نەخۆشی خەمۆکیان هەیە



**سۆران بەهائەددین**
**رووداو-هەولێر**

رۆژی 2008/11/18 لە هۆڵی وەزارەتی تەندروستی، ڕێکخراوی فریاگوزاری و گەشەپێدانی نێودەوڵەتی، وۆرکشۆپێکی تایبەت بەراهێنانی رۆژنامەوانانی سەبارەت بە وشیاری دەروون دروستی کردەوە، کە تێیدا چەندین رۆژنامەنووسی بەغداو شارەکانی کوردستان بەشداربوون.

ڕێکخراوی فریاگوزاری و گەشەپێدانی نێودەوڵەتی کە لە ئەمریکا دامەزراوە، ساڵانە زیاتر لە 300ملیۆن دۆلار لە وڵاتە هەژارەکان خەرج دەکات، ئێستا لە 25 وڵات پرۆژەی هەیە.

د.رەوشت رەشید پزیشکی دەروونی، لەو وۆرکشۆپەدا باسێکی پێشکێش کردو تێیدا ئاماژەی بەوەدا، کە راگەیاندن تا ئێستا دەورێکی خراپی گێڕاوە سەبارەت بە کێشە دەروونییەکان، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە رۆژنامەنووسان زانیاری کەمیان لەبارەی دەروونییەوە هەیە "لەهەمانکاتدا پزیشکەکان زانیاری کەم دەدەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ترسەی پزیشکان لە رۆژنامەنووسان هەیانە و زانیاری نا راست بڵاودەکەنەوە".

دکتۆر رەوشت پێیوابوو ئەو هەڵمەتەی بۆ فێرکردنی کەناڵەکانی راگەیاندن دەستیان پێکردووە زۆر گرنگە "لەبەر ئەوەی راگەیاندن زانیاریەکان دەگەیێننە هەموو ماڵێک، بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی یونسکۆ خەڵک 20%ی کاتی خۆیان لەگەڵ میدیا جۆراوجۆرەکان بەسەر دەبەن".

دکتۆر سامان ئەنوەر هەر لەو وۆرکشۆپەدا سەمینارێکی لەبارەی کەمکردنەوەی گرفتی مۆرکی ئابڕووچوون پێشکەشکرد، پێیوابوو خەڵک بەچاوێکی سووک سەیری ئەو کەسانە دەکات کە کەموکوڕییەکیان هەیە، بۆیە ئەوانیش هەوڵی شاردنەوەی نەخۆشیەکانیان دەدەن "یان بەهەڵە دەگوترێت چارەسەری نییە، ئەو بیرکردنەوەیە هەڵەیە و چارەسەری نەخۆشی دەروونی هەیە".

خەمۆکی نەخۆشییەکی دەروونییەو بەڕای ئەو دکتۆرە 10%ی خەڵکی کوردستان نەخۆشی خەمۆکییان هەیە "زۆربەی نەخۆشییە دەروونییەکان بۆ ماوەیین، لە سێ نەخۆش لەجیهاندا یەکێکیان نەخۆشی دەروونی هەیە".

ئەو پزیشکە دەروونیانە دەیانەوێت ئەو هەڵمەتەی بەهاوکاری ئەو ڕێکخراوە دەستیان پێکردووە، هاوشێوەی ئەو هەڵمەتەی ساڵی 1998ی ئیسپانیا بێت، کە 91رۆژنامەی ناوخۆیی و 151گۆڤار تێیدا بەشداربوون و تا ساڵی 2001بەردەوام بوو. لەو ماوەیەدا 2090بابەت نووسران، سەرەتا راگەیاندنی ئەو وڵاتە زۆر بەخراپی لەسەر ئەو نەخۆشیەی دەنووسی وەک لە رۆژنامەیەکی ناوداری ئەو وڵاتە نوسرابوو "نەخۆشێکی شیزۆفرینیا بەچەقۆ هێرش دەکاتە سەر دکتۆرەکەی"، ئەم هەواڵانە وا لەخەڵک دەکەن بەخراپی لەو کەسانە بڕوانن کە نەخۆشی دەروونیان هەیە.

لە ناو کوردیشدا زۆر ئەو قسەیە دووبارە دەکرێتە کە ئەوانەی نەخۆشی دەروونیان هەیە "شێتن و دەست دەوەشێنن"، بەڵام دکتۆر رەوشت ئەو قسەیەی پێ هەڵەبوو "ئەوان هەرگیز لەخۆوە یەخەی کەس ناگرن، 4ساڵ لەبەغدا لەگەڵ ئەو نەخۆشانە کارم کرد، کەس لێی نەداوم"، هەروەها سەبارەت بە هاوکاری دکتۆرەکانی دەرونی و رۆژنامەنووسانیش لەگەڵ یەکتری گوتی "پێویستە خەڵک هۆشیار بکەینەوەو کارمەندانی دەروندروستی زیاتر بەرەو رووی رۆژنامەنووسان کراوەبن، رۆژنامەنووسانیش کەمتەرخەم نەبن".

دکتۆر موشتاق تالیب کە لەبەغداوە هاتبوو باسێکی بە زمانی عەرەبی پێشکێش کردو گوتی "لەهەموو عێراق 55 دکتۆری پسپۆڕی دەروونی هەیە، کە دەکاتە دوو دکتۆر بۆ هەر ملیۆنێک هاووڵاتی عێراق".

دکتۆر سامان ئەنوەر گلەیی لەوە دەکرد کە هەندێک لە دەزگاکانی راگەیاندنەکان نەخۆشە دەروونییەکان بە شێت ناو دەبەن و لەفیلمەکاندا وێنەی دکتۆری دەروونی ناشرین کراوە، پێیوابوو پێویستە بەو نەخۆشانە بگوترێت "کێشەی دەروونیان هەیە".

بەگوێرەی قسەکانی دکتۆر سامان ئەنوەر لەناو شاری سلێمانی زیاتر لە 20 خێزان هەیە لەماڵەوە نەخۆشی خۆیان لەژوورێک داناوە، تەنانەت پەنجەرەیەکی پێوە نییە "خەڵک بەشێتە شێتە دوای ئەو نەخۆشانە کەوتوون، یان هەیە لەبەر ئەو نەخۆشیە کوشتویانە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندوستی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێژەی ناوەندی تەمەنی تاکی کورد 55ساڵە ئەمە لەکاتێکدایە لە وڵاتێکی وەکو ژاپۆن 92ساڵە و لە ئەوروپاش تەمەنی ناوەند 85ساڵە، کە بەشێکی ئەو مردنانە بۆ نەخۆشی دەروونی دەگەڕێتەوە.

لەهەموو بابەتەکاندا رۆژنامەنووسەکان گفتوگۆیان لەگەڵ دکتۆرەکان دەکردو سەرنج و رای خۆیان دەردەبڕی، وۆرکشۆپەکە کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵگای کوردی ورووژاندو لای زۆربەی رۆژنامەنووسەکان جێگەی سەرنج و بایەخ پێدان بوو.

دکتۆر سامان هەڵەبجەیی ئەوەی خستەڕوو کە ئافرەت زیاتر لە پیاو نەخۆشی دەروونی هەیە "ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئافرەتەکان کەموکورتییەکانی خۆیان دەردەخەن، بەڵام پیاوەکان حەز ناکەن باسی شکستی خۆیان بکەن".

ئەو هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەیە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک بەردەوام دەبێت و دکتۆر سامان هەڵەبجەیی بەڕێوەبەری وۆرکشۆپەکە ئەوەی بە رۆژنامەنووسەکان راگەیاند ئەوەی لە ماوەی 6مانگی داهاتوو باشترین راپۆرت لەسەر نەخۆشی دەروونی بکات خەڵات دەکرێت.

# هەمەجۆر



## قالەمەڕە حاڵی شڕە

**ڕووداو- بۆکان**

◆ هونەرمەندی شمشاڵژەنی بەنێوبانگی کورد، قالەمەڕە باری تەندروستی بەرەو خراپی چوو و ڕەوانەی نەخۆشخانەکرا. سەرچاوەیەک لەنەخۆشخانەی بۆکان بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە قادر عەبدوڵڵا زادە ناسراو بە قالەمەڕە، بەهۆی نەخۆشی وەستانی مێشکەوە لەنەخۆشخانەی (قولی پوور)ی بۆکان لەژێر چاودێری پزیشکیدایە. لەلایەکی دیکەوە دکتۆر محەممەد کەریمی، سەرۆکی بەشی نەشتەرگەری پیاوان لەو نەخۆشخانە بەئاژانسی (پانا)ی ڕاگەیاندووە کە باری تەندروستی قالەمەڕە بەرەو خراپی دەچێت و گوتوویەتی "قالەمەڕە بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە بینایی خۆی لەدەستداوە".



## پاسکال:
# حەز دەکەم بێمە کوردستان

**تایبەت بەڕووداو**

هونەرمەندی بەنێوبانگی لوبنانی باسکال مەشعەلانی لەلێدوانێکی تایبەتدا بە (ڕووداو) ڕایگەیاند " حەز دەکەم بێمە کوردستان و لەنزیکەوە هەوادارنم ببینم".

لەبارەی هونەری کوردی، باسکال مەشعەلانی دەڵێ "لەڕێگەی هەندێ کەناڵی ئاسمانی کوردییەوە ئاگاداری هونەری کوردیم". مەشعەلانی باس لەوەش دەکات کە کورد هونەردۆستن و هونەرمەندیان زۆر خۆش دەوێت، ئەو نموونە بەوە دێنێتەوە کە لەلایەن کوردەکانەوە زۆر دەستخۆشی لێکراوە و ڕێز لە کارەکانی گیراوە.

لەکۆتایی قسەکانیدا پاسکال باسی لەوەکرد کە ئەگەر لەداهاتوو دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێت "ئەوا حەز دەکەم بێمە کوردستان و لەنزیکەوە هەوادارنم ببینم".



# لە مەریوان هەنگوین مشەیە

**ڕووداو- مەریوان**

لەماوەی یەک ساڵدا 50 تەن هەنگوین لەشاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمهاتووە.

لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا 50 تەن هەنگوین لەلایەن هەنگەوانانی شاری مەریوان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەم هاتووە. محەمەد عەزیز هاشمی لێپرسراوی بەڕێوەبەریی کشتوکاڵی مەریوان ڕایگەیاند "لەشاری مەریوان 227 کەس هەنگ بە خێو دەکەنو وەک پیشە ڕوویان کردووە لەم کارەو ئەمسالیش 50 تەن هەنگوێنیان بەرهەم هێناوە".

هاشمی گوتیشی "ژمارەی هەنگەلانەکانی ئەو شارە 5 هەزارو400 هەنگەلانەکە لەم ژمارەیەدا400یان خۆماڵینو ئەوانی دیکەش لە شێوازی مۆدێرنن".

شاری مەریوان لەبەرهەمهێنانی هەنگوین لەچاو شارەکانی دیکەی پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپلەی یەکەمدایە.

# نەکەی جنێو بەشارەوانی بدەی

**مەریوان نەقشبەندی – عەربستانی سعودی**

دادوەرێکی سعودی سزای لێدان و دارایی بەسەر هاووڵاتییەکی ئەو وڵاتەدا سەپاند لە سەر تۆمەتی جنێودان بە شارەوانی یەکێک لەشارەکانی سعودیە.

ڕۆژنامەی (الوطن) ی سعودی لە ڕۆژی 2008/11/20، بڵاویکردەوە کە دادوەری شاری (زولم)لەسعودیە حوکمی 15ڕۆژ زیندان و لێدانی 40 جەڵدە و 4000 ریالی سعودی (کە دەکاتە نزیکەی 1000دۆلاری ئەمریکی)،بەسەر هاووڵاتییەکی دانیشتوی شارۆچکەی (المویە)ی سەر بەشاری (زولم)سەپاند، بەهۆی ئەوەی لەکاتی پشکنینی دوکانەکەیدا لەلایەن سێ فەرمانبەری شارەوانییەوە جنێوی بەشارەوانی داوە. هەرچەندە حوکمەکە چاوەڕێی پێداچوونەوە دەکات،بەڵام بەرپرسانی شارەوانی (المویە)ڕایانگەیاندووە کە سەرجەم ئەو حوکمانە بەسەر ئەو هاووڵاتیەدا جێبەجێ دەکرێن.



# مایکل لەدین وەرگەڕا

**ڕووداو- The Sun**

ئەستێرەی موزیکی پۆپی جیهان، مایکڵ جاکسن، دینی خۆی بەجێهێشت و بووە موسڵمان.

بەپێی ڕۆژنامەی بەریتانی The Sun، مایکڵ جاکسن، گۆرانیبێژی بەنێوبانگی موزیکی پۆپی جیهان ناوی خۆی کردووەتە (مکائیل) و بووە موسڵمان.

جاکسنی 50 ساڵە لە ڕێوڕەسمێکدا بە بەشداری هاوڕێکانی لە شاری لۆسئەنجلێسی ئەمریکا، کڵاوێکی تایبەت بە دینی ئیسلامی لەسەر کرد، بەقورئان خوێندنەوە لەخوا پاڕایەوە کە قبوڵی بکات.

جاکسن ڕەتیکردبۆوە کە نێوی (مستەفا)ی بۆ خۆی هەڵبژاردبێت و ڕایگەیاند کە ناوی (میکائیل)ی هەڵبژاردووە، چونکە هەروەک ئاماژەی پێکردووە "ناوی فریشتەکانە".



# عەلیدی خەریکی دەنگی ئەنفالە

**ڕووداونێت-هەولێر**

شەهرام عەلیدی سینەماکاری کورد یەکەمین فیلمی سینەمایی خۆی بە نێوی (دەنگی ئەنفال) لەچەندین شاری باشووری کوردستان وێنە دەگرێت.

ڕاگەیاندنی گشتی فیلمی سینەمایی (دەنگی ئەنفال) لە شاری تاران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەم پڕۆژە سینەماییە لە دەرهێنانی شەهرام عەلیدی و لە بەرهەمهێنانی بەڕێوەبەرایەتی سینەمایی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستانە و، سیناریۆی فیلمەکەش لە لایەن شەهرام عەلیدی نووسراوە و ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی هەیە.

ئەم فیلمە بیرۆکەیەکی ئازادە لە کارەساتی دڵتەزێنی جینۆسایدی ئەنفال. تا ئێستا نزیکەی 80%ی شوێنی وێنەگرتنی فیلمی سینەمایی (دەنگی ئەنفال) لە شارەکانی هەولێر، ڕەواندز، کەرکووک و دهۆک هەڵبژێردراوە و بڕیارە گرووپەکە بۆ وێنەگرتنی دیمەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم فیلمە بچنە ئەو شارانە. لە فیلمی سینەمایی (دەنگی ئەنفال)دا کۆمەڵێک ئەکتەر لە کوردستان و ئێران، تورکیا، سوێد و سوریا ڕۆڵ دەبینن.

# بەختی ڕووداو

## کاوڕ
Mar 21-Apr 19

لەسەرەتای ئەو هەفتەیەدا باری دارایيتان باش دەبێت، لەچەند ڕێگەیەکەوە دەتوانن بە ئامانجەکانتان بگەن و باری دەروونیتان جێگیرتر دەبێت . ئەم ماوەیە گوشار لەسەرتان لادەچێت و شانس لەگەڵتانە

## گا
Apr 20-May 20

کارێکی نایاب دەکەن کە ئیرەیی لای هاوەڵەکانتان دروست دەکەن. ئازایەتی و هیوایەکی گەورەتان دەبێت و هیچ شتێک بەردەوامیەکانتان ناوەستێنێت . لەم چەند ڕۆژەدا بەو کەسانە دەگەن کە هاوکاریتان دەکەن

## جمک
May 21-Jun 21

ئەگەر لە لایەنی سیاسیەوە کار دەکەن پێویستە ئاگاداربن کەسانێک هەن چاویان لە هەنگاوەکانتانە . پێویست دەکات لەسەرتان کە ڕەخنەگرتنەکانتان کەم بکەنەوە و خۆتان بپارێزن لە دوژمنەکانتان.

## قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

گرنگی دەدەن بەباتێکی یاسایی یان فەرمی، ڕەگەزی بەرامبەرتان ڕۆڵی دەبێت لەڕووداوەکاندا. ڕووبەڕووبونەوە و شەڕەنگێزی لەخۆ دوور بگرن و بە شێوەیەکی لێبووردانە مامەڵە بکەن و ئیرەییتان کەم بکەنەوە.

## شێر
Jul 23-Aug 22

لەگەڵ چەند کەسێکی گەورە و بە توانایەک مامەڵە دەکەن، گرنگی بدەن بە وردەکارییەکان و لە گفتوگۆ کردن و ڕێکەوتن مەترسن. لە کۆتایی هەفتەدا دەستپێشخەری لەهەنگاوی تازەدا بکەن و گوشار لەسەرتان لادەچێت.

## گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

هیوا و بڕوا بەخۆبونێکی بەهێزتان بۆ دەگەڕێتەوە دوای ئەوەی تووشی کۆسپ و نیگەرانی هاتن لە ماوەکانی پێشوودا. لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا پڕۆژەکانتان ئەنجامدەدەن و سوودەکانی بەدەست دەهێنن، بڕیاری بەپەلەش مەدەن.

## تەرازوو
Sep 23-Oct 23

گەردوون ئاگادارتان دەکاتەوە لەپەیوەندییەک و پێویست دەکات لەسەرتان کە وردەکاری و بابەتییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، لەگەڵ ئەوەدا لەلایەنی کەسێتیەوە گۆڕانکاری و ساتی خۆش لەخۆ دەگرن، لایەنی ئابووری و وەبەرهێنان باشە لەم کاتەدا.

## دووپشک
Oct 24-Nov 21

بەهێز بن و مەترسن لە ڕووبەڕووبونەوە، بەرەو ڕووناکی بڕۆن و واز لە خەڵک بێنن و با سەیرتان بکەن، بەشداری لە بۆنە و ئاهەنگەکان بکەن، ئەگەر بیرۆکەتان هەبوو کاتێکی گونجاوە بۆ بڵاوکردنەوەی، بۆیە مەترسە و بڕوات بەخۆ بێت.

## کەوان
Nov 22-Dec 21

هەوڵبدەن لە تیشک و ڕووناکی دوور بکەونەوە و بارودۆخی خۆتان بۆ هاوڕێیەکانتان باس بکەن کە بڕواتان پێی هەیە و دووربن لەو کەسانەی کە متمانەتان پێیان نییە. لە لایەنی کاروبارەکانەوە لەگەڵ هاوکارەکانتان ڕاوێژ بکەن.

## کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

دوو دڵ مەبن لە ئاڕاستەی نوێ و پەڕەی تازە هەڵبدەنەوە و لە شەڕەنگێزیدا مەژین . چارەسەری هەندێک کێشەی دارایی دەکەن لەگەڵ ڕەچاو کردنی پەیوەندییە مرۆڤایەتی و بینینە مەودا زۆرەکان لە هەموو بارەکانەوە.

## سەتڵ
Jan 20– Feb 18

هەست بە تەندروستییەکی باشتر دەکەی، بەڵام پێویستە سەردانی ئەو هاوڕێیانەت بکەی کە ئێستا باری تەندروستیان باش نییەو پێویستیان بەهاوکاری تۆ هەیە، بۆیە دەستیان بگرە تاکو لەکاتی تەنگانەدا دەستت بگرن.

## نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

گۆڕانکاریەکی دڵخۆشکەر ڕوودەدات لەبەرژەوەندییە داراییەکانت، بەڵام هەندێ گوشار هەنە کە پێویستە کار بۆ چارەسەیان بکەیت و نەهێڵیت ببێتە گرێیەکی گەورەو زیانت پێبگەیێنێت.

## بە ناموسپارێزەکان دەڵێت: خۆت مەکە بە بکوژ
# هاڤین بە هۆڵەندی داستانی حەوت برایان دەنووسێتەوە

**ڕووداو- لاهای**

" دوو مامم ڕۆیشتبوون بارە دارێک بۆ ئاغای گوند ببەن، بڕیاربوو ئەویش پارەیان بداتێ، بەڵام دوای دەمەقاڵێیەک هەردووکیان دەکوژێ. کە ماڵباتەکەم ئەوەیان زانی منیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی تۆڵەیان بکەمەوە. من دەبوایە شەرەفی خانەوادەکەم بە کوشتنی دوو کەسی ماڵی ئاغا بکڕمەوە. هۆی هەڵبژاردنی من ئەوە بوو کە تەمەنم لە ژێر هەژدەساڵییەوە بوو و دواتر سزایەکی قورس چاوەڕێی نەدەکردم. هەروەتر من کەسی هەرە نزیکی کوژراوەکان بووم". بەو شێوەیە ڕێبەر هاڤین، لە کتێبێکیدا کە ئەمساڵ بە هۆڵەندی و بە ناوی ( گوندی حەوت برایان) بڵاویکردووەتەوە باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە خەریکبوو ببێت بە بکوژ.

ڕێبەر هاڤین، کە لە بنەڕەتدا ناوی جەلال ئاڵتونتاشە، ساڵانێکی زۆر گەریلای PKK بووە و ئێستاش ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتییە لە شاری لاهای. هاوکات ئەندامێکی پایە بەرزی پارتی چەپی سەوزی هۆڵەندیشە.

سەربوردەکانی ناو کتێبەکەی هاڤین لە گوندێکی باکووری کوردستاندا ڕوودەدەن. ئەو گوندە هی باوکی نووسەر و شەش براکەی دیکەی بووە. ئەو خۆیشی ساڵانێکی زۆر شوان بووە و دواتر بووەتە گەریلای PKK، بۆ ئەوەی وەک خۆی دەڵێت:" مافی قسەکردن بە زمانی دایک بۆ گەلەکەی دەستەبەر بکات". هاڤین کە هەڵدەبژێردرێ بۆ کوشتنەوەی بکوژەکانی مامی، لەوەدا خۆششانس دەبێت کە باوکی داوا لە ڕیشسپییانی گوند دەکات کە کەسێکی دیکە بۆ ئەو ئەرکە "پیرۆزە" ڕاسپێرن. بەو شێوەیەش هاڤین ڕزگاری دەبێت.

### خۆت مەکە بە بکوژ

هاڤین، لە ئۆفیسەکەیدا هەندێ کەس دێنە لای کە دەیانەوێت تۆڵەی ناموس بکەنەوە. ئەو ڕوویان تێدەکا و دەڵێت: ناموسپارێزی؟ نا،نا مەکە، خۆت مەکە بکوژ. ئەو لەوە تێدەگات کە بۆ کەسوکاری کچێکی کورد یان تورک کە هێشتا شووی نەکردووە و لە وڵاتێکی ئەوروپیدا سکی هەڵستاوە، کارێکی ئاسان نییە کە ئەوە قبوڵبکەن. بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێیوایە کە خۆ کردن بە بکوژ گەورەترین هەڵەیە کە هەر ماڵباتێک دەتوانێت بیکا.



بەرگی کتێبەکەی هاڤین: گوندی حەوت برایان

### پیاوە ڕاکردووەکان

لە وڵاتی هۆڵەندا مەسەلەی ناموسپارێزی چەند ساڵێکە بووەتە باسێکی گرنگی ناو میدیا و پەرلەمان. پۆلیسی نێودەوڵەتیش ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ لە ڕێگرتن لە ڕوودانی کردەوەی لەو جۆرە. لە سەر ئاستی یەکێتیی ئەوروپاش بە فەرمی داوا لە دەوڵەتی تورکیا کراوە کە لەو بارەیەوە ڕۆڵێکی چالاکانەتر بلەیزێ. هەروەتر لە هۆڵەندا کار لەسەر کردنەوەی پەناگەی ئارام بۆ ئەو پیاوانە دەکرێ کە ئامادەنین کەسێکیتر لە ژێرگوشاری خێزانەکەیاندا و بە مەبەستی پاراستنی ناموس بکوژن و بەو هۆیەشەوە ناچار رادەکەن.

لە کۆتایی ئەم مانگەدا هاڤین و ژمارەیەک سیاسی و نووسەری هۆڵەندی ئێوارە کۆنفرانسێک دەربارەی ناموسپارێزی لە لاهای سازدەکەن.



# ئیدی لە کۆڵ ڕەشکردنەوە دەبنەوە

**ڕووداو- ڕۆیتەرز**

لەسەرانسەری جیهاندا ملیۆنان مرۆڤ بەدەست سپیبوونی ڕەنگی قژیانەوە گیرۆدن، ئەویش دەشێت بگەڕێتەوە بۆ هۆکاری تەمەن یا چەند نەخۆشییەک کە مرۆڤ تووشی دەبێت و قژی سپی دەبێ.

لەم دواییەدا، چەند زانایەکی ئەڵمانیو بەریتانی جەختیان لەسەر ئەنجامدانی ئەو لێکۆڵینەوانە کردەوە کە هیوا بەخشن و لەئێستادا دەتوانرێت قژی سپی بگەڕێننەوە ڕەنگە ئاساییەکەی خۆی، ڕالف باوز، لێکۆڵەری ئەڵمانی لەزانکۆی لۆبیک ئاماژە بەوە دەکا کە تیمێکی هاوبەش لەزاناکانی ئەڵمانیاو بەریتانیا، گەیشتوونەتە بەرهەمهێنانی مادەیەک کە دژی پیری بێت و لەهەمانکاتیشدا گەردیلەیەکی دیاریکراویان دۆزیوەتەوە کە لەتوانایدایە هانی دەردانی ڕەنگی سروشتی قژ بدات.

باوز گوتیشی "ئەو گەردیلەیەمان بە K.D.PT ناوناوەو لەڕووی پێکهاتەوە هاوشێوەی ئەو هۆرمۆنە تایبەتەی جەستەیە کەکاری دەردانی ڕەنگی میلانین لەتاڵەکانی قژ دەکات". گەردیلەی K.D.PT لەتاقیگەکاندا لەپێناو گەڕانەوەی ڕەنگی قژی ئاسایی بۆ 6 ژن بەکار هێنراوە کە تەمەنیان لەنیوان 45- 65 دا بووەو بەتێپەڕبوونی کات، ڕێژەی ڕەگی میلانین لەو ژنانەدا زیاتر بەرز بووەتەوە.

لە تۆرنتۆوە

# تاڵەبانی ونەشتەرگەری نەخۆشییەکان



رامیار مەحمود-کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

گومانی تێدا نییە مام جەلال یەکێکە لە دیارترین کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد و، بەشێوەیەکی گشتی مەیلێکی میانڕەوی هەیە لە مامەڵەکردن لە گەڵ دەوروپشتی خۆیدا، ئەم مەیلە میانڕەوەوەی تا رادەیەکی زۆر جێگای ستایش و خاڵێکی پۆزەتیڤە. خۆشبەختانە لە بارودۆخێکی واشدایە بە تەنگ چارەسەری نەخۆشییە بەدەنییەکانەوە بچێت، ئەمە دیوێکی زۆر تایبەتییە لە ژیانی ئەودا .ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەی منەوەیە نەخۆشییەکانی دیکەیە، یاخود نەخۆشکەوتنی زۆربەی ئەو مەسەلە سیاسییانەیە کە ئەو بڕوای پێیەتی. کە من لە چەند خاڵێکدا ئەو مەسەلە نەخۆشانە دەخەمەڕوو.

نەخۆشکەوتنی مەسەلەی یەکێتی ریزەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، کە ئەم مەسەلەیە رابردوویەکی درێژی هەیە و، کاتی خۆی لە ژێر ناوی سروشتی نیمچەبەرەیی ئەم حیزبەدا پاساوی بۆ دەهێنرایەوە و بارودۆخەکە لە قۆناخی دووەمدا بە گوێرەی زمانی سیاسی خۆیان چووە دۆخێکەوە کە بە دەستەگەری ناویانبرد. دوا قۆناخیش قۆناخی دەرکەوتنی باڵی سیاسی جیاوازە کە لە دەرەوەی بازنەی حیزبەوە بە شێوازێکی دیکە قسە لەسەر جۆرێکیتر لە یەکێتی دەکەن، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە سنوورە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم بە یەکدادانە سیاسییانەی ناو یەکێتی بەرهەمی هاتنە پێشەوەی نەوەی دووەم نییە لە ناو ئەم حیزبەدا.

هەموو ئەم رووداوانە رووداوی نەوەی یەکەمی یەکێتین، ئەم کێشانە کێشەی دوو نەوەی جیاواز نین لە ناو یەکێتیدا، بەڵکو بە دروستی کێشەگەلێکن بەرهەمی سروشتی سیاسی حیزبێکن کە نەوەی دووەم قەبوڵناکات لە سەرکردایەتیکردنی ئەم حیزبەدا . بۆیە قسەکردنی تاڵەبانی لەسەر یەکێتی ریزەکانی یەکێتی، شتێک نییە قابیلی جێبەجێکردن بێت بەبێ سەر لە نوێ دارشتنەوەی ئەم حیزبە بە شێوەیەک کە پلەو پایە حیزبییەکان بە شێوەکی دیموکراتی قابیلی ئاڵوگۆڕکردن بن.

جەوهەری ئەم کێشەیە لە چەقبەستنی پلە و پۆستەباڵاکانی یەکێتیدایە، کە لەسەردەمی دامەزراندنیەوە تا ئێستا لەدەستی یەک نەوەدایە کە هەموویان پێکەوە خێزانە پڕ ئاژاوەکەن. چەند رەنگ و سیمای ئاژاوەو کێشەکانیش بگۆڕێن، بەڵام کارەکتەرەکان هەرهەمان کارئەکتەرن کە لە پشت رووداو و کێشەکانەوەن، زۆرجار هەر ئەمەش وا دەکات بەشێکی زۆر لە دەنگوباسی وڵاتەکەش بە نەگۆڕی بمێنێتەوە.

ئەزموونی تاڵەبانی وەک ژیانی سیاسی و شەخسی چەندین گۆڕانی ناوخۆیی و عێراقی و جیهانی بە خۆیەوە بینیوە، ئەو تەمەنی بە ناو چەندین سات و زەمانی جیاوازدا تێپەریوە، بەڵام هێشتا ئەوە بە روونی دیارنییە کە ئەو تاچەند بە تەنگ گۆڕانی خۆی و نەوەکەیەوە دەچێت، بۆ ئەمە دەبێت بڕوای بە پێگەیاندن و زەمینەسازی نەوەی دووەم هەبێت کە لەزەوقی سیاسی و بیرکردنەوەو پرسیارکردندا جیاوازبن. ئەمەش ئەو ئەرکە خولقێنەرەیە کە بەرنامەی هیچ باڵێک نییە لە باڵەکان، هەموو نەوە کۆنەکەی یەکەم پێیانوایە ئەم شەمەندەفەرە جگە لە خۆی بە کەسیتر ناڕوات.

نەخۆشکەوتنی مەسەلە سیاسییەکانی دیکەیش، مەسەلەی ژن و نەخۆشکەوتنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەڵقەکانی دیکە.

# نە ژن رازین نە مەلا



نوری بێخاڵی
nooribekhali@yahoo.com

من دڵنیام ئێستا لە کوردستان، لەتەک یاسای باری کەسی، کە زۆر گرنگە بە پێی بنەما شارستانییەکان و مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی تاک و دوور لە هەژموون و سانسۆری ترادسیۆنی کۆمەڵایەتی و ئایین (هەر ئایینێک) هەموار بکرێ، زۆر یاسای پێویستتر هەن بۆ کوردستان، کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی خەڵک و پرۆسەکانی چاکسازی و گۆڕانەوە هەیە کاریان لەسەر بکرێ.

یاسایەکی سزایی بۆ رێگرتن لە گەندەڵی، یاسایەک بۆ میکانیزمەکانی سەربەخۆکردنی دەزگای دادوەری، یاسایەک بۆ کاری داواکاری گشتی، کە تا ئێستا هیچ هاووڵاتییەک نازانێ ئەو دەزگایە بۆ هەیە و کاری چییە. یاسایەک بۆ رێکخستنی کاروباری ئایینی و دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی، وەک ئەوەی بۆ تەواوی توێژەکان هەیە. یاسایەک بۆ سروشتی مامەڵەی نێوان هاووڵاتیان و دەزگا ئەمنییەکان. یاسایەک بۆ لێپرسینەوەی ئەوانەی لە پرێ بوونە کورێ. یاسایەک بۆ هەڵاوێرکردنی ئەنفالکراو و ئەنفالچی، شەهید و بکوژ، تێکۆشەر و فایلدار، جاش و باش. یاسایەک بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و کاری ناکاری کۆمپانیا و بەڵێندەرەکان. یاسایەک بۆ بنبڕکردنی رۆتینی فەرمانگەکانی حکومەت و خراپ بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە موڵک و ماڵ و کەلوپەل و ئامێرەکانی دەوڵەت. یاسایەک بۆ هاوسەنگکردنی دادوەرانەی مووچەی فەرمانبەران لە بەردەستێکەوە بۆ وەزیر، لە پاسەوانێکەوە بۆ پەرلەمانتار (بەگوێرەی خزمەت و بەرهەم) ..هتد.

بەهەرحاڵ، ئێستا یاسایەک کە زۆرترین گفتوگۆ و بەیەکدا هەڵشاخانی لە نێوان چین و توێژەکانی کوردستان ناوەتەوە، یاسای باری کەسی و لە نێویشیدا مەسەلەی فرە ژنییە، ئەوەی لەو نێوەشدا کۆمیدیایەکی سەیرە، ئەوەیە کە نە ژنان و رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ئافرەتان پێی رازین، نە مەلا و پیاوانی ئایینی. ئەوانەی یەکەم بەو بیانووەی گوایە مەرجدارکردنی فرەژنی و بە یاساییکردنی ئەو مەرجانە، نەک رێگە لە فرەژنی ناگرێ، بەڵکو بە شێوەیەکی دی و لە چوارچێوەی یاسادا رەوایی دانە بە پرۆسەکە، لە بەرامبەریشدا مەلاکان پێیانوایە یاساکە دژایەتیکردنی ئایین و شەریعەتە، لەو نێوەشدا حکومەت خەریکە باجەکەی دەدات. دیارە هەر یاسایەکیش کە لە کوردستان دەردەچێ، با پەرلەمانیش دەنگ و رەزامەندی لەسەر بدات، بەڵام دواجار دەچێتەوە بەردەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پێویستی بە واژۆی ئەوانیشە، دواتر ئەرکی جێبەجێکردنەکە دەکەوێتە ئەستۆی دەزگاکانی حکومەت، ئیتر مرۆڤ نازانێ بۆچی پیاوانی ئایینی حکومەتیان خستە ئەو حاڵەتە و هەر زوو شەڕەکەیان بردەوە ماڵی ئەو؟!

بەداخەوە زۆرلەوئافرەت وچالاکڤانانەی بواری داکۆکیکردن لە ژن، هەر دوێنێ و پێش ئەو بڕیارە بوو، کە سەر بە هەوێ چوون و شانازیشی پێوەدەکەن، دووریش نییە زۆر لەوانەی ئەمڕۆ شەڕی دەستەویەخە لەسەر قەدەخەکردنی فرەژنی دەکەن، سبەی و بۆ (غایە فی نفس یعقوب) داوای هەموارکردنی بەشێک لە برگە و ماددەکانی یاساکە بکەن، بەلایەکەی دیکەشدا مرۆڤ لەوە دەترسێ، ئەگەر ئەمڕۆ مەلاکان لە پەسەندکردنی یاسای مەرجدارکردنی فرەژنی (کە مافێکی رەوای مێینەیە) وا بکەونە سەنگەر و هەڕەشەکردن، دوور نییە سبەی ئەگەر یاسایەکی تایبەت بە دیاردەی ژنکوژی و بۆ سزادان و لە سێدارەدانی ئەوانەی بەناوی ناموسپارێزییەوە مێینە دەکوژن دەربچێ و پەسەند بکرێ، ئەوان لێی بکەنە هەڵڵا، بە بیانووی بەرگریکردن لە شەڕەف، ئەویش بە لۆژیکی (من قتل فی سبیل شرفە فهو شهید).

ئێستا خەریکە بە چەشنی سەدە تاریکەکانی نێوەڕاستی ئەورووپا و سەردەمی باڵادەستی کڵێسا، دادگاکانی پشکنین و چەکی لێبووردن، کە تەواوی ئازادییەکانی تاک و بەها و سەروەری مرۆیی مرۆڤی خستبووە ژێرپێ، پیاوانی ئایینی کوردستان بە شێوەیەکی دی و لە بەرگێکیترو بە ماسکی دیکە و لۆژیکێکیتر ئەو پیرۆزییانە بگەڕێننەوە نێو کورد و لەو سەردەمی کرانەوە و پێشکەوتن و بانگەشەکانی مەدەنییەت و دیموکراسی، جارێکیتر کۆمەڵگەکەمان بخەنەوە ژێر بار و سێبەری قورسی فەتوا و ژیان و ئازادی و بیرکردنەوە و چارەنووسی تاکی کورد لە دەرەوەی یاسا شارستانی و مرۆییەکان، بە تەرازووی حەڵاڵ و حەرام ئاراستە و یەکلا بکەنەوە، کە ئەمە رێک پێچەوانەی بانگەشەکانی دەسەڵاتی کوردییە.

بۆیە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە حیزبەکان و دەسەڵاتی سیاسی خۆی لە نێوان عەلمانییەت و عەقڵیەتی کەهەنۆتی یەکلابکاتەوە، ئەگەردەیەوێ ئەودەسەڵاتە مۆدێرن و پێشکەوتووخواز و دیموکراسی و مەدەنییە بێت، کە بانگەشەی بۆ دەکات و بەو ماسکەوە و بە شانازیەوە خۆی لە بەردەم دونیای دەرەوەی خۆیدا نمایش دەکات، با بوێرانە و بە یاسا ئایین بباتەوە شوێنی خۆی و ژیانی سیاسی و کارگێڕی و لە نێویشیدا کایەی دەسەڵات و پەروەردەیی لە حوکمی دەقەکان و فەتوا دەرباز بکات. بە مانایەکیتر ئازادی ئایین و پیرۆزییەکانی و پەیوەندی تاک و خوا بداتەوە دەست تاک خۆی و ئەو سەر پشک بێت لەسەر ئەوەی چۆن خوای خۆی دەپەرستێ و چۆن رایەڵە رۆحییەکانی پەیوەندی خۆی لەگەڵ خوا رێکدەخات، بۆ ئەوەی کەس بەناوی نوێنەری عەرشی خوا و پیرۆزییەکانی ئایینەوە نەبێتە وەسی بەسەر سەری مرۆڤەکانەوە. چونکە ئەوە تەنیا مشتومڕەکانی یاسای باری کەسی نییە، کە ئاماژەی ئەو ترس و هەژموونەن، بەڵکو ئەگەر وا بڕوا دەبێ سبەی بۆ هەموو شتێکی گەورە و بچووک روخسەتی ئەو واعیز و وەسیەتکارانە وەربگرین، بە دڵنیاییەوە ئەو دەمەش وڵات جێهێشتن زۆر باشترە لە مانەوە وەک رەعیەتی گوێڕایەڵ و کۆیلەی پیرۆزییەکانی پیاوانی ئایینی!

# پەیوەندی تورکیا و کورد کارێکی بەجێیە



جەنگیز چاندار
cengiz.candar@tdn.com.tr

سێ هەفتە لەمەوبەر لە واشنتن لە کاتی ئەو دیدارەی درێژەی پیتەرگالبرێس لەگەڵ مەسعود بارزانی ئەنجامیدا منیش لەوێ بووم، لەبەر ئەوەش زانیاریم لەسەر نێوەرۆکی دیدارەکە هەیە. ئەو لە شانۆی سیاسەتی ئەمەریکا نزیکترین ناوە لە کوردەکانی عێراق، لەوەش زیاتر بە دۆستی هەرە نزیکی ئەوان دەناسرێت، گالبرێس بە بارزانی راگەیاندووە کە ئەگەر ئەمەریکاییەکان تەنانەت پێی بڵێن ئەوان هێزەکانیان لە عێراق ناکێشنەوە پێویستە ئەو باوەڕ نەکات، لە کاتی هاتنەسەرکاری ئۆبامادا ئەوا بەبێ گومان کۆتایی بەهەبوونی سەربازیی ئەمەریکا دێت.

جگە لەوەی پیتەر گالبرێس لە کەمپینی ئۆبامادا بوو، لە نووسینی دەستووری عێراق، بەتایبەتی بۆ ئەوەی دەستوورەکە بەلای کورددا بشکێتەوە، ئەو لە پشت پەردەوە، یەکێک بوو لەو کەسایەتیانەی رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو. ئەو لە پەرتووکی ( The End of Iraq کۆتایی عێراق) بە وردی باسی ئەو رۆڵەی کردووە کە گێڕاویەتی.

لەکاتی قسەکرنم لەگەڵ گالبرێس، کاربەدەستانی ئەمەریکا وەکو بوش، چینی و رایس لەگەڵ بەرهەم سالح کۆببوونەوە، کە وەکو جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و وەکو نوێنەری حکوومەتی ناوەندی، لەگەڵ شاندە کوردییەکەدا بوو دەربارەی رێککەوتنی ئەمنی گفتوگۆیان دەکرد.

پێویستە تاوەکو 31 کانوونی یەکەمی ئەمساڵ رێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئەمەریکا واژۆ بکرێت. چونکە، بەگوێرەی ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی کە رەوایی بە هەبوونی هێزی سەربازیی ئەمەریکا دەدات لە عێراق، لە 31 کانوونی یەکەم کۆتایی پێدێت. بۆ کۆتایی پێهێنان بە هەبوونی سەربازی ئەمەریکا لەو وڵاتە واژۆکردنی رێککەوتنێک لە ئارا دایە، جگە لەوە یەک شیمانە هەبوو، ئەویش بڕیارێکی دیکەی نەتەوەیەکگرتووەکانە کە ئەو بڕیارە جاریکیتر ستاتۆ و سیفەتی داگیرکەری دەبەخشیە هێزەکانی ئەمەریکا، ئەوەش وەکو دژایەتییەکی سەرکەوتنی ئۆباما دەبێت.

ئۆباما، کشانەوە لە عێراقی خستووەتە بەرنامەی خۆی، ئەگەر ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە ئەمەریکا بڵێت : بەردەوام بە لەسەر داگیرکاری، سەرەوەری یاسایی چۆن بەدەست دێت؟

ئەوپرسیارەم ئاراستەی پیتەرگالبرێس کرد :بە ڕاستی ئەگەر رێککەوتنی ئەمنی واژۆ نەکرێت و ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیارێکی بەم شێوەیە نەدات چی دەبێت؟ ئەویش بە پێکەنین و گاڵتەوە گوتی" رەوشێکی بەم شێوەیە، واتە هەر کاتێک سوپا بخوازێت و لەهەر شوێنێک بێت، ئازادن لە گوللەبارانکردن و کوشتنی مرۆڤ". واتە، لەوانەیە هیچ کەسێک نەخوازێت رەوشێکی بەم شێوەیە بێتە ئاراوە. بەم شێوەیە رێککەوتنی ئەمنی لە سەرەتای هەفتە واژۆکرا.

عەلی دەباغ گوتە بێژی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، گوتی جگە لە یەک دەنگ لە کۆی 28 دەنگ لەناو حکوومەت دەنگیان بۆ رێککەوتنی ئەمنی دا و گوتی"بەردەوام جەختمان لەوە کردووەتەوە کە ئەو رێککەوتنە لەلایەن عێراق و هەروەها ئەمەریکاش چارەسەریەکی تەواو نەبووە، بەڵام ئەو رێککەوتنە شتێکە کە هەلومەرج و پێویستییەکان دایانهێناوە".

لەوانەیە پەرلەمانی عێراق هەفتەی داهاتوو ئەو رێککەوتننامەیە پەسەند بکات،لە دوای ئەوەش بۆ ئەوەی شێوازێکی دەستووریانەی پێبدرێت جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمار و هەردوو جێگرەکەی عادل عەبدولمەهدی "شیعە" و تاریق هاشمی کە بە هەرسێکیان سەرۆکایەتی کۆمار پێکدێنن، واژۆی دەکەن و لە 2009/1/1 دەکەوێتە کار.

رێککەوتنی ئەمنی 30 ماددە لەخۆ دەگرێت، ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەو ماددەیەیە کە دەڵێت 30 مانگی حوزەیرانی ساڵی 2009 دوا مۆڵەتە بۆ ئەوەی سەربازە ئەمریکایەکان لەناو شار و گوند و شوێنی دانیشتووان نەمێنن. هەروەها مۆڵەتی جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنە سێ ساڵە بە گوێرەی ئەو رێککەوتنە پێویستە تاوەکو کۆتایی 2011 دوا سەربازی ئەمریکا خاکی عێراق بەجێبێلێت . ناوی رەسمی رێککەوتننامەکە" کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و رێکخستنەوەی هەبوونی کاتی ئەو وڵاتە لە عێراق"ە.

یەکەم ماددە بە ئاشکرا گوزارە لەمە دەکات، تا نیوەی یەکەمی 2009 پێویستە ئەمەریکاییەکان بچنە دەرەوەی شار و هەموو شوێنەکانی نیشتەجێبوون، ئەمەش وا دەکات هەبوونی ئەمەریکا لەو وڵاتە بێ رۆڵ ببێ و، لە کۆتایی 2011 کۆتایی بە" هەبوونی کاتی" دێنێت.

ئەگەر سەرۆکی نوێ، وەکو رایگەیاندبوو کە لە ماوەی شانزە مانگدا یەک سەربازی ئەمەریکی لەو وڵاتەدا نەهێڵێت، ئەوا ناگەینە کۆتاییەکانی 2011 و لە نێوەڕاستی ساڵی 2010 تەواوی سوپای ئەمەریکا لە عێراق کشاوەتەوە. رێککەوتننامەکە بەندێکی بەم شێوەیە لەخۆ ناگرێت، بەڵکو جەخت لەسەر کۆتایی 2011 دەکاتەوە.

بەگوێرەی توێژینەوەیەک سەبارەت بەم رێککەوتنە " لە ژێر ئەو رێککەوتنە پاراستنی هێزی داگیرکەر حەشاردراوە". هەندێک کەس پێیانوایە بەرێوەبەرایەتی عێراق" کارتۆنییە". چونکە بۆ ئەوەی بتوانێت" لەسەر هێزی سەربازی وڵاتی داگیرکەر" باڵادەست بێت، دەسەڵاتی هەرێمی چاوەڕوانی "کاتێکی گونجاو دەکات".

خەتێک بە ژێر تایبەتمەندی ئەو توێژینەوە دەکێشین "رێککەوتننامەی ئەمنی ئەو دەرفەتە دەداتە هێزەکانی ئەمەریکا لە جیۆپۆلۆتیکێکی فراوانتر و لەماوەیەکی درێژ بتوانن هەژموونی خۆیان بەسەرئەو وڵاتە بسەپێنن و راستی سیاسی ئەو وڵاتە بە ویستی خۆیان رێنوێنی بکەن. لە کاتێکدا ئەگەر رژێمێکی سیاسی و ئایینی نزیک لە ئێران هاتە سەر حوکم، ئەوکات هێزەکانی ئەمەریکا دەتوانن پشت بەهێز ببەستن".

ئەگەر ناڕازیبوونی ئێران لە بەرامبەر ئەو رێککەوتنە لەبەرچاو بگرین، هەر چۆنێک بێت ئەو توێژینەوەیەمان بۆ روون دەبێتەوە.

رێککەوتنی ئەمنی ئێستا لە عێراق هەڵای ناوەتەوە، بەشێکی گەورەی ئەو هەڵایە" سەبارەت بە رێککەوتنەکە نییە، بەڵکو لەدوای جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە مالیکی رژێمێکی چۆن دروست دەکات".

لە عێراق بە دڵنیاییەوە" کارتەکان جارێکیتردەبەستن"لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنە و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بۆ ئەوەی عێراق یەکسەر سەقامگیر ببێت زەمینەیەکی لەبار نییە، بەڵکو مەترسی ئاڵۆزبوون و گەیشتنە رادەی پێکدادان هەیە . لەسەر حکوومەتی ناوەندی لەلایەن شیعەکانەوە و لەسەر ئەوان و بە رێگای ئەوان فشاری ئێران دەبینرێت. ئەگەر پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ کوردەکانی عێراق بەکزیش بێت و لە ئاستی پێویستیش نەبێت، ئەو هەنگاو و نزیکبوونەوەیە سەبارەت بە"راستی" نوێی ئەو وڵاتە کارێکی بەجێیە.

ئایا بۆ تورکیا هاتنەسەرکاری ئۆباما و رێککەوتنی ئەمنی SOFAوکێشەی کورد چ مانایەکی هەیە؟

**لە رۆژنامەی (حورییەت)ی تورکییەوە**
**2008/11/22**
**و: هێمن خۆشناو**



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# داوای لێبوردن

لارش ئولی، سەرۆکی پارتی چەپی سوێدی دەڵێ "هەرێمی کوردستانی عێراق، هیچ پێشڤەچوونێکی ئەوتۆی لە بواری مافەکانی ژنان و منداڵان و مافە مەدەنییەکاندا بە خۆوە نەدیوە". ئولا هۆفمان، جێگری سەرۆکی پارتی ناوبراویش دەڵێ "پێشڤەچوونی جیدی لە ژیانی هاووڵاتیانی کوردستاندا روویداوە، بەڵام هێشتا دڵەڕاوکێ لە بارەی مافەکانی ژنان و یاسا پەیوەندارەکانەوە ماوە"، ئەو هەروەها دەڵێ "پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان، کار بۆ گۆڕینی مادە یاساییە تایبەتەکەی فرە ژنی بکەن، کە بەم دواییانە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە".

با هەندێکیشمان بۆچوونی لارش، کە هەموو هەوڵەکانمان جارانی هیچ دەکاتەوە، پێ زێدەگۆیی بێت، بەڵام ناشکرێ لێدوانی کەسێکی لە عەیاری ئەو، لە بارەی پاراستنی مافەکانی ژنان و منداڵانەوە بە هەند وەرنەگرین، ئاخر تۆماری توندوتیژیی کورد بەرامبەر بە ژنان بە تایبەتی لە سوێد لە ساڵانی رابردوودا هێندە مایەی شانازی نییە، کەیسی فادیمە هێشتا پەڵەیەکی رەشە بە نێوچەوانی کۆمەڵگەی کوردییەوە کە هێشتا سارێژ نەببوو، (دوعا) زیندووی کردەوە. ئێمە کە بە ئاسانی سەدان ژن بە ناهەق دەکوژین، مێشێک میوانمان نییە، سوێدیش رێکخراوێکی تایبەت بە ناوی (هەرگیز فادیمە و پێلا لە یاد نەکەن) دادەمەزرێنێت.

لە گەڵ ئەوەی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی کارێکی فرە باش و جێگەی دەستخۆشییە، کەچی هەر ئەم چالاکییە، بۆ خۆی بەڵگەیەکی روونە کە کۆمەڵگەی ئێمە لە بواری دابینکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافی ژنان بەتایبەتی، فرە لە دواوەیە. ئەوە راستییەکە، زۆر جار سەرانی کورد، پێچەوانەکەی بۆ خەڵکی بیانی نمایش دەکەن. یاسا لە کوردستان، زۆربەی دەقەکانی هی سەردەمی داپڵۆسینە و کەم دەقی یاسایی هەیە لە کوردستاندا، پاڵپشت بێت بۆ لێدوانەکانی سەرانی کورد، گوایە ئێمە کۆمەڵگەیەکین بەرەوپێشەوە هەنگاو دەنێین. لەگەڵ ئەوەشدا پەرلەمانی کوردستان لە بارەی دارشتنی یاسا بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان و منداڵان، دەزگەیەکی خەمسارد و شەرمن و تەمبەڵە، ئەوە نییە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان، کە لە بۆنە و فێستیڤاڵەکاندا قسەی زل زل لەوبارەیەوە دەکەن، کەچی هێشتا پێیان شەرمە گفتوگۆ لە بارەی یاسای قەدەخەکردنی خەتەنەی مێینەوە بکەن.

کۆمەڵگەی نێرسالاری کوردستان، قەرزاری داوای لێبووردنێکە لە ژنان، پەرلەمانی کوردستانیش بە کۆمەڵێک یاسا قەرزارە، حکوومەتی کوردستانیش بە ژمارەیەک هەڵوێست. دانە دانەی پیاوانی کورد بە شێوەیەک لە شێوەکان، رۆژێک لە رۆژان هەڵوێستێکی توندوتیژیان لە بەرامبەر ژنێک نواندووە. بەش بە حاڵی خۆم، شەرمەزارم و داوای لێبووردن لە هەر هەڵوێست و قسەیەک دەکەم، کە لە نەستی نێرانە و کەرانەی خۆمەوە (لەگەڵ خۆشەویستیم بۆ کەر) دەرهەق بە هەر مێینەیەک ئەنجامم دابێت، لە (سارا)ی کچمەوە تا دوورترین برادەر.




# سیاسەتڤانانی کورد یەکبوونی کورد TNT دەکەن



عارف زێرەڤان-سوێد
zerevan@nefel.com

زۆر جار بۆ ئەوەی گرووپێکی ئەتنیکی وەکو نەتەوەیەک بژمێردرێ و ببێتە گەل، لە زمان، جوگرافیا و مێژووی هاوبەش، زیاتر بیری نەتەوەیی دەبێتە ماتۆڕ و هەوێنی دروستبوونی نەتەوەیەک لە گرووپێکی ئەتنیکی. تاوەکو ئێستا ئەوانەی دەرفەت نادەن بیری نەتەوەیبوون لەناو میللەتی کورد بەهێز ببێت و دینامێت و TNT دەخەنە ژێر بنەماکانی ئەو بیرە سیاسەتمەداران و ڕێبەرانی کوردن.

لەلایەنی جوگرافییەوە کورد هیچ کێشەیەکی نییە، چونکە خاکی کوردستان بەسەریەکەوەیە و سنوورە سیاسیە نێودەوڵەتییەکانی ئێستا نەیانتوانیوە جوگرافیای کوردستان و تێکەڵاوی نێوان پارچەکانی کوردستان لەنێوببات. لەرووی زمانەوە، سەرەڕای هەبوونی چەندین شێوەزار،گەلی کورد هیچ کێشەیەکی نییە، چونکە هەموو کورد خۆیان بە کورد دادەنێن و زمانی خۆشیان بە کوردی دەژمێرن. هەروەها لەلایەنی مێژووییشەوە چارەنووسی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان بەردەوام بەیەکەوە گرێدراو بووەو، هەر ڕووداوێک لە پارچەیەک یەکسەر کاریگەری لەسەر پارچەکانی دیکە هەبووە و ئەمڕۆش ئەو ڕەنگدانەوەیە زیاترە.

کێشەی هەرە گەورەی گەلی کورد، ڕێبەر و پێشەوا سیاسیەکانییەتی. هەر لەسەردەمی ئەحمەدی خانیەوە ڕۆشنبیرانی کورد باسی ئەو دەردەی کورد دەکەن. لە قۆناخی خێڵەکیدا کاردانەوە ناوچەییەکان دەبوونە ڕێگر بۆ ئەوەی خێڵێک لە کاتی ڕاپەڕین هاوکاری خێڵێکیتر نەکات. لەسەردەمی میرنشینەکانی کوردستاندا دا دووبەرەکی و یەکنەگرتن هەر هەبوو.

لەسەردەمی نوێی ئەمڕۆشماندا حیزبە سیاسییەکانی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان لەنێوخۆیاندا و لەگەڵ حیزبەکانی پارچەکانی دیکەش بەردەوام لە ڕکەبەرایەتی حیزبیدان، ئەو ڕکەبەرایەتییەش زۆرجاران دەبێتە هۆی ئەوەی حیزبێک یان سیاسەتمەدارێک تەنیا بیر لە بەرژەوەندییەکانی حیزبەکەی یان پارچەکەی بکاتەوەو گوێ نەداتە براکانی دیکەی.

لە باکووری کوردستان عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری PKK هەفتانە تیۆری و پلانی نوێ دژی بیری نەتەوەیی کورد پێشکێش دەکات و پەسنی کەمالیزم دەدات. سەرۆکی DTP ئەحمەد تورک لە 17ی ئەو مانگەدا لە ڕۆژنامەی (ئاکشام)ی تورکی باسی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ باشووری کوردستان کرد و گوتی" ئێمە هاووڵاتی ئەم وڵاتە (تورکیا)ین، ئێمە دەمانەوێ لێرە بژین، هیچ داوایەکمان نییە کە لەگەڵ براکانی ئەوێمان (باشووری کوردستان) ببینە یەک، ئێمە زیاتر هەست بە نزیکی خۆمان لە تورکیا و تورکان دەکەین".

ئەم بانگەشەیە ڕاست نییە. کوردێکی مێردین یان شرنەخ زیاتر هەست بە نزیکی خۆی لەگەڵ برایەکی کوردی خۆی لە قامشلۆ یان زاخۆ دەکات نەک تورکێک. ئەحمەد تورک ئەو ڕاستییە دەزانێت، بەڵام جارێکیتریش بۆ حیسابە سیاسییەکانی و بەرژەوەندییە شەخسییەکانی TNT دەخاتە ژێر بناخەی دروستبوونی بیری نەتەوەیی و دەیەوێ گەلی کورد پارچە پارچە بکات.

محەمەد ئیحسان وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی حکوومەتی کوردستان، بەر لەماوەیەک لە عێراق لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی عەرەبی (نون) گوتی"دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی مەحاڵە و مومکین نییە هەرێمی کوردستان لە عێراق جیاببێتەوەو، بۆ ئێمە هاووڵاتییەکی کەربەلایی و هاووڵاتی هەر پارێزگایەکی دیکەی عێراق لە کوردێکی تورکیا نزیکترە".

ئەو بانگەشەیەی محەمەد ئیحسانیش ڕاست نییە. کوردی باشووری کوردستان هەمیشە لەلایەنی هزری و ڕۆحی، خۆیان جیاواز لە عێراق دادەنێن. بەیەکەوە بوونی کوردستان و عێراق لەو سەردەمە لەسەر بنەمای "لێک نزیکی" نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای" هاوبەشی" لە دەسەڵات دایە.

محەمەد ئیحسان کرمانجە و خەڵکی زاخۆیە. نیوەی هاووڵاتیانی زاخۆ بە بنەچە شەرنەخین و دایکی محەممەد ئیحسان بەخۆی لە بنەماڵەی ئاغای سۆری شەرنەخە. محەمەد ئیحسان لە 2005/10/31 لە هەولێر لە هەڤپەیڤینێکدا بە منی گوت "قەهرگیری هەرە گەورەی من ئەوەیە کە دوای ئەو هەموو کۆمەڵکوژی و ئەنفالە بۆچی ئێمە و عەرەب پێکەوە بژین. لەوانەیە ئەو قسەیەم بە گرانیش لەسەر بشکێتەوە، بەڵام ئەمە بۆچوونی تایبەتی خۆمەو. بەهەموو بوێری خۆمەوە دەڵێم کە هیچ وڵاتێک بەنێوی عێراق لە مێشکی مندا نەماوەو، هیچ ڕۆژێک عێراق لە مێشکی مندا جێی نابێتەوە، چونکە شتێکە لەسەر نارەوایی دامەزرابێ هەرگیز بەردەوام نابێت. ئەگەر بناخەی شتێک بە خواری بونیاد نرابێت هەرگیز ڕاست نابێتەوە. ئەو وڵاتە لەسەر بنەمای زوڵم و چەوسانەوە بونیادنراوە و ئەگەر هەموو حکوومەتی عێراق لە بەغدا بە دەست کوردەوەبێ، ئێمە و عەرەب ناتوانین بەیەکەوە بژین".

دواتر ئەو پرسیارەم ئاراستە کرد: واتە پێویستە کورد دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆیان هەبێت؟ لەوەڵامدا گوتی:" هەر دەبێت هەیبێت، ئەوەم لەبەر چاوە".

سیاسەتمەدارانی کورد دەتوانن باسی باشی هاوبەشیی لە دەسەڵاتدا لەگەڵ گەلی عەرەب یان گەلی تورک بکەن، بەڵام پێویست ناکات بۆ ئەو شەریکایەتی و هاوبەشییە، TNTبخەنە ژێر بناخەی باڵەخانەی بیری نەتەوەیی گەلی کورد.



# کێشەکە مالیکی نییە

کێشەی سەرکردایەتی کورد لەگەڵ مالیکی گەیشتووەتە ئاستێک لە گرژی و ڕووبەڕووبونەوە کە بەرپرسانی کورد بیر لە گۆڕینی ئەو پیاوە دەکەنەوە کەکاتی خۆی بەهاتنە سەرکاری زۆر دڵخۆشبوون، بەرپرسانی کورد وادەزانن هۆی ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تەنها کەسی مالیکییە و بە گۆڕینی ئەو کێشەکان چارەسەردەبن.

ڕاستە مالیکی لەم ماوەیەی دواییدا بە قسە و کردەوە هەنگاویزۆرپرۆڤۆکەتیڤ "ئیستیفزازی" دژی کورد دەنێ و کێشەو ناکۆکییەکان بە ئاراستەیەکدا دەبات کە چارەسەرکردنیان لە مەحاڵ نزیکە، بەڵام بە پێچەوانەی ڕای زۆربەی سەرکردایەتی سیاسی کورد، گۆڕینی مالیکی "ئەگەر کورد توانای گۆڕینی هەبێ"،کێشەو ناکۆکییە قووڵەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر ناکا، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە هۆکاری سەرەکی تەنگژەکان ڕوانینی شۆڤێنیانەی عەرەبە بۆ داواکانی کورد لە عێراقدا نەک مالیکی و جەعفەری و عەللاوی.

کورد داوای فیدراڵی دەکا و زۆرینەی لایەنە عێراقییەکانیش دژی فیدراڵین و خەون بە دەوڵەتێکی بەهێز و پڕ چەکی سێنترالی عیراقییەوە دەبینن. ئەزموونە فیدراڵییەکانی دنیا ئەوەمان پێدەڵێن ئەم سیستەمە پتر بۆ ئەو وڵاتانە دەگونجێ و سەرکەوتووە کە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوویان هەیە، ئەمە جیا لەوەی سەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵ پەیوەستە بە جێگیربوون و ڕەگداکوتانی کولتووری دیموکراسی و لێبووردەیی کە ئاشکرایە دەیان ساڵی دیکەش عێراق ناگاتە ئەو قۆناخە.

سەرکردایەتی کوردستان هەقە ئیدی لە خەوی برایەتی کورد و عەرەب و "پێکەوە ژیانی برایانە" لەگەڵ نەتەوەیەکدا کە لە ماوەی کەمتر لە بیست ساڵدا دوو جێنەسایدی کردووە بە ئاگابێتەوەو واز لە مەرایی کردن و موجامەلەکردن بێنێت لەگەڵ عەرەب. ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردووی کورد لە بەغدا دەریخست کە عێراقییەکان بەباوەڕو قەناعەتەوە دان بەهیچ خواست و مافێکی کورد دانانێن، وەک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش هەفتەی ڕابردوو لە وتەکەی لەکاتی پێشوازیکردنی لە تەرمی ئەنفالکراوەکانی گەرمیان گوتی "هێشتا کەسانێک ماون لە عێراقدا پێیانوانە ئەوەی بەسەر کورددا هاتووە دەبووایە زیاتری بەسەر بێ وهەوڵدەدەن ئەنفالێکیتر دروست ببێتەوە".

ئەو کەسانەی وابیر دەکەنەوە هەر تەنها هاووڵاتییانی ئاسایی عێراق نین بەڵکو ئەوانەن کە دەسەڵاتدارانی پارتی ویەکێتی بە "هاوپەیمان" ودۆستی کوردیان دەزانن.!

**نوورەدین وەیسی**

# ئیسناد، جاشایەتییە و جاشایەتی خزمەتە!



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

دەڵێن: "هەر کوردێک بەشداری لە (ئیسناد) بکا، خیانەتی لە نیشتمان کردووە". دەڵێن: "دامەزراندنی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد خۆدزینەوەیە لەجێبەجێکردنی مادەی140".

با جارێ باسی بەشی یەکەمی ئەو "دەڵێن"انە بکەین و بزانین تا کوێ بڕ دەکەن.

هەتا پێش ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکوومەتێکی ناوچەیی لە نیوەی ڕووبەری باشووری کوردستاندا، چ دوودڵی نەدەویست کە جاشایەتی خیانەت و لە کولانە هەڵگەڕانەوە بوو و تەنانەت جاشەکان خۆشیان بەوەیان دەزانی و بە خۆیان دەگوت "جاش"، بەڵام ئێستا، دوای دامەزراندنی هەرێم لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا، پێویستە هەڵوێستە لە سەر ئەو جۆرە قسە و بۆچوونانە بکرێ. ئایە جاشایەتی خیانەتە لەنیشتمان؟ ئایە جاشایەتی خیانەتی نەتەوەییە و ئەو شەرمەزارییەیە کە مرۆڤی کورد تا ئاستی مردن لە خۆی حەرامی بکا؟ لە کەیەوە جاشایەتی لە سنووری خیانەت دەرچوو و چۆن ئێستا خیانەتە؟ ئەگەر جاشایەتی خیانەت بووایە، دوای نەمانی دەسەڵاتی بەعس، جاشەکان نەختێک بە خۆیاندا دەچوونەوە! ئێستا، ئەوەی وەرەقەیەک پەیدا بکا کە پەیوەندی بە بەعسەوە بووە و جاش بووە و جاسووس و هەموو شتێک بووە تا دەگاتە ئەنفالچی، نانی لە ڕۆندایە و لە مەجلیسی بەرپرسان جێی گەرم و مسۆگەرە. ئەوەشی گەردی خیانەت لە پێڵاویشی نەنیشتووە، لات و لانەوێرانە چارەنووسی کامیان ڕوونتر و مسۆگەرترە، جاش یان پێشمەرگە؟ ئەوەی پێشمەرگە بووبێ ئەمڕۆ سزا دەدرێ و ئەوەی جاشیش بووبێ خەڵات دەکرێ. ئەگەر بیر لە بەرژەوەندی خۆت بکەیتەوە، جاشایەتی سەد پلە لە سەرەوەی پێشمەرگایەتییەوەیە، ئیتر چۆن جاشی دوێنێ دڵسۆزە و "ئیسناد"ی ئێستا خائینە؟! تۆ بڵێی سبەی نا، دوو سبەی، هەر لە لایەن بەرپرسانی کوردستانەوە "ئیسناد"یش خەڵات نەکرێن؟! بۆ نا! مادام پێوەر شتێک بێ دوور لە دڵسۆزی کورد و کوردستان، خەڵات دەکرێن.!

بۆ جاش و بۆ ئیسنادیش مەرج مانەوەیە تا لە ئەنجامدا براوە بن. ئەگەر (هەڵۆی سوور) عوسمان فایەقیان نەکوشتبا، تۆ بڵێی ئێستا لە پەرلەمان نەبوایەتە نوێنەرمان یا لە کوردستاندا وەزیری وەزارەتێکی گرنگ نەبوایە! قوربەسەرە کوژرا و فریا نەکەوت ببێتە شت!

ئێوە خۆتان کارێک دەکەن جاشایەتی ببێتە کۆمپانیا و خێروبێر و بەسەر هەر کەسێکدا بباری کە خیانەتی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکا. ئێوە خۆتان کارێک دەکەن، کوردی دڵسۆز بازاڕی نەبێ و شەهید لە شەهیدبوون ژیوان ببێتەوە و ئێمەش لەگەڵ (مارف ئاغایی) جوانەمەرگدا بڵێین:

"لای سبەینێش ئابڕوومان چوو
کاتێک نیشانمان دا شەهید
قەدری ژیانی نەزانی و
خۆی بە کوشت دا"

بەشی دووەمی "دەڵێن"ەکان سیاسەتی وشترمورخە و تەنانەت خۆشمان پێی ناخەڵەتێین. پێم ناڵێن کەی عارەب خۆیان لە مافەکانی کورد نەدزیوەتەوە تا ئێستا بە لامانەوە سەیر بێ خۆیان لە ماددەی 140 دەدزنەوە؟!. دڵمان بە وەیس خۆش بوو و ئەویش سوننە دەرچوو، دڵمان بە موحسین حەکیم خۆشبوو کە جارێک لە جاران فەتوای کوردکوشتنی دەرنەکرد، ئەویش کاتێک نامەکەی مەلا مستەفای پێ گەیشتبوو، گوتبووی: "ئەگەر هەتا دوو ڕۆژیتر نەهاتبان، فەتوام دەردەکرد بۆ سوپای عێراق کە کورد مورتەدە و کوشتنی واجبە" (؟). هەر وا سووک و ئاسان!! چەندین ساڵە، من وەک کوردێک، خۆم بە قەرزاری مەلا شیعەکان دەزانم، ئێستا دەرکەوت ئەو قەرزەش ئاوها کەوتووەتە سەرمان.

ئەو ڕۆژەی ماددەی 140 لەدایکبوو، ئەوان خۆیان لێی دزییەوە. ئەو ڕۆژانەی بۆ ڕێککەوتن دادەنیشتن، ئێمە عیراق و لەشکرەکەیمان دروستدەکردەوە و ئەوان خەریکی پیلانگێڕان بوون لە کورد. زۆر نووسرا و زۆر گوترا و زۆر هاوار کرا، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەو هاوارانە لە گەرووی کۆنەجاش و بەعسییەکانەوە نەبوو، کەس گوێی نەگرت و هاوارەکانیش هەر لە ناو کەللەسەری خۆماندا دەنگی بۆ خۆمان دەدایەوە. یەک جار گوێ بگرن! ئەگەر گوێ لە ناجاش و نابەعسی بگرن کافر دەبن؟! کافر لەوەش کافرتر کە دەریای خوێنی کورد بە فیڕۆ بدەی!

# پێویستمان بە درۆیە؟



هێمن عەبدوڵڵا*- هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا گفتوگۆیەک لە بەشی هۆڵەندیی ڕووداونێتدا سەبارەت بە بڵاوکردنەوە یان بڵاونەکردنەوەی چەند وێنەیەک لە نێوان هاوکارانی بەشەکەدا هاتە ئاراوە. یەکێک لە هاوکارانمان ڕیپۆرتاژێکی وێنەیی ڕۆژنامەنووسێکی باسکی دەربارەی کورد و PKK دۆزیبووەوە. وێنەکانی ناو ڕیپۆرتاژەکە بریتی بوون لە دیمەنی ئەو گەریلا و هاووڵاتییە کوردانەی کە لەلایەن تورکیاوە کوژراون. وێنەکان دڵتەزێن و هەستبزوێن بوون. بۆیەش کاتێک پوختەیەکی ڕیپۆرتاژەکە کرا بە هۆڵەندی، لە خۆمانمان پرسی: ئایا بە پێی ئێتیکی ڕۆژنامەڤانی کارێکی چاکە کە فۆتۆی مێشکی پڕژاوی کچە کوردێک یان سکی هەڵدڕاوی کوڕێکی ڕیشوسمێڵ نەتاشراو بڵاوبکەینەوە؟ یان تۆ بڵێی خوێنەری هۆڵەندی، کە بە ڕەخنەگریی بەردەوام و وردەکار لە هەڵسەنگاندنی ئاستی کاری ڕۆژنامەنووسان ناسراوە، حەز بکات بەو شێوەیە و وەک خۆی ڕووداوەکانی کوردستانی بۆ بگوازرێتەوە؟

دەرەنجامی گفتوگۆی ئێمە ئەوەبوو کە وەک ڕێزدانانێک بۆ ماڵباتی کوژراوەکان و بۆ پەیڕەوکردنی بنەما گرنگە ئێتکییەکانی پەیماننامەی ڕۆژنامەڤانیی جیهانیی بۆردۆ، خۆمان لە دانانی ڕاستەوخۆی وێنەکان بپارێزین و تەنیا لینکێک لەگەڵ هۆشدارییەک لە پاڵیدا بڵاو بکەینەوە.

هەر لەو ماوەیەشدا هاونیشتمانییەکی دڵسۆزی کورد کە دانیشتووی هۆڵەندایە نووسینێکی مێژوویی دەربارەی جینۆسایدی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بۆ ناردین. بەپێی نووسینەکە گوایە سەددام حوسێن لە ساڵانی هەشتادا نامەیەکی ئاراستەی "هەموو سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین!" کردووە و داوای لێکردوون کە لە هەرشوێنێک کوردێکیان بینی لە ناوی ببەن و هۆلۆکۆستی دووەم دووبارە بکەنەوە. لە تەواوی ئەو بابەتەدا ناوی تاکە سەرچاوەیەکیش نەنووسرابوو. کاتێکیش لەگەڵ ئەو دۆستە کوردەدا دیمانەیەکم ڕێکخست و کەوتینە گفتوگۆ لە بارەی بابەتەکەیەوە بە شانازییەکی زۆرەوە گوتی: ڕاستیت دەوێ ئەوەی نووسیومە هیچی ڕاست نییە، بەڵام بۆ ئەوەی سەرنجی ئەوروپیان بۆ لای دۆزەکەمان ڕابکێشین پێویستمان بە درۆیە!

هەرچەندە ئەو دۆستە ئاگادار کرایەوە کە بابەتەکەی بڵاوناکرێتەوە، بەڵام دوا ڕستەی ئەو بۆ من بووە هەوێنی پرسیارگەلێکی سەرنجراکێش: ئایا بۆ چاکتر ناساندنی دۆزەکەمان بە دنیا پێویستمان بە سازکردنی درۆیە؟

ئایا جوولەکەکانیش دەربارەی هۆلۆکۆست و قڕان و ڕاوەدوونانی سەدان ساڵەی خۆیان درۆیان کردن بۆیە گەیشتنە شتێک؟ ئەرێ ئەرمەنی کە خوەدی دەوڵەتن و هەموو دنیا باسی جینۆسایدکردنیان دەکات دنیایان هەڵخەڵەتاندووە؟

بەرسڤی من بۆ ئەو پرسیارانە ئەوەبوو کە کورد بۆ ناساندنی دۆزەکەی هیچ پێویستیی بە سازکردنی درۆ و وەگەڕخستنی ماشێنی پڕۆپاگەندە نییە. چونکە ئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا ڕوویداوە زۆر لەوە کارەساتاویترە کە پێویستی بە شاخوباڵ بۆ زیادکردن بێت و تەنێ گێڕانەوەی بەشێکی ئەو ڕاستییانە، بە شێوازێکی کاریگەر، بەسن تا دنیا لە بێموبالاتیی چەندین ساڵەی خۆی بەرامبەر بە کورد وەئاگا بێتەوە.

دۆستێکم ماوەیەکی زۆر بوو کاری لەسەر نووسینی کتێبێک دەربارەی ژیانی خۆی لەسەردەمی بەعسدا دەکرد. هەفتەی ڕابردوو چاپخانەی ئارێنای هۆڵەندی، کە یەکێک لە چاکترین چاپخانەکانی ئەم وڵاتەیە، گرێبەستی وەئەستۆگرتنی خەرجییەکانی چاپی کتێبەکەی لەگەڵدا ئیمزا کرد. ئەوە ڕەنگە نموونەیەکی چاک بێ بۆ لاساییکردنەوە.

ئەو دۆستەشمان کە دەیویست لە نووسینەکەیدا درۆیەکی دڵسۆزانە بکا، دەکرێ لەمەوە فێربێت!

*خاوەنی ئیمتازی (ڕووداو) بە هۆڵەندی
www.rudaw.nl

# تاڵەبانی لەوەزارەتی رۆشنبیری بەگلەییە



رزگار کۆچەر
رووداو-هەولێر

شەهێن تاڵەبانی کە ئێستا بۆ تۆمارکردنی سیدییەک بەهاوکاری سەید ئەحمەد رواندزی لەکوردستانە، گلەیی لەوەزارەتی رۆشنبیری دەکات کە هونەرمەندە بەناوبانگەکانی کوردی فەرامۆش کردووە، ئەو خانمە بۆ (رووداو) گوتیشی ئەو گۆرانییەی کە ماوەیەک پێش ئێستا لەسەر شاری کەرکووک گوتوویەتی، بەنیازە کلیپی بکات "ئەو گۆرانییەش بچووکترین وەفایە بۆ ئەو شارە دێرینەی کوردستان".

# دوای سەگ نۆرەی مانگایە



رووداو-کەلار

جەواد وادی، رایگەیاند دوای ئەوەی مانگی پێنجی 2007 وەک سەرۆکی شارەوانی کەلار دەستبەکاربووە، چەندین دیاردەی بنبڕ کردووە لەوانەش خانوو و دوکانی تەجاوز، هەروەها دەڵێت "دیاردەی سەگی بەرەڵڵام لەکەلار نەهێشت".

ناوبراو لەهەڤپەیڤینێکدا کە لەژمارەی داهاتووی (رووداو) بڵاو دەکرێتەوە ئاماژە بەوە دەدات تاقە دیاردە کە ئەو دەرەقەتی نایێت، دیاردەی بەرەڵڵاکردنی ئاژەڵە لەنێو کۆڵان و گەڕەکەکانی شار "نازانین ئاژەڵەکە بگرین؟ خاوەنەکەی بەند بکەین؟ نازانین چی بکەین؟ ئێستا لێژنەیەکمان هەیە ناهێڵێ ئاژەڵ لەشارەکە ئیسراحەت بکات". گەڕەکی مانگا لەکەلار وێرای نەشیاوی ناوەکەی، بەزێدەڕۆییش دروستکراوە، جەواد دەڵێت "ئەو گەڕەکە تێکدەدەین".

# دڵم بە گەنجانی کوردستان دەسووتێ



رووداو-هەولێر

دەشنێ موراد رایگەیاند کەدڵنیایە لەوەی خەڵکێکی زۆر حەزیان لەو ستایلە دەبێت کە ئەو لەیەکەمین CD خۆیدا گۆرانی پێگوتووە.

دەشنێ کە دوێنێ سیدییەکەی (هیلاهۆپ) بڵاوکردەوە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)گوتی" زۆر شانازی بەو ستایلە دەکەم کەگۆرانیم پێگوتووە، دڵنیام خەڵکێکی زۆر حەزیان لێدەبێت، بەتایبەتی گەنجەکان چونکە پێویستییان بە تازەگەری هەیە وحەزیان لە شۆکە".

دەشنێ دەڵێ هەموو رۆژێک کە دەچێتە دەرەوە خەفەت لە گەنجانی کوردستان دەخوات" دڵم بە گەنجانی کوردستان دەسووتێ وخەفەتییان بۆ دەخۆم".

ل10

Rudaw
Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای رووداو
سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
بەڕێوەبەری نووسین : سالح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himmati@rudaw.net
نوێنەری ئەوروپا : هێمن عەبدوڵلا hemnabdulla@rudaw.net
نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997
دیزاین : عەبدوڵلا رەفیق - بەختیار مستەفا - ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی
www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 0750 488 5696

# دوای 4 رۆژ وەزارەتی رۆشنبیریی دەڵێ بای بای

رووداو-ئەمستردام، هەولێر

وەزیری رۆشنبیریی حکومەتی کوردستان بەتووندی وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە رەخنە لە وەزارەتەکەی دەگرن.

فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیریی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەشی هۆڵەندی ماڵپەڕی (Rudaw.net) لەبارەی ئەوانەی رەخنە لە وەزارەتەکەی دەگرن گوتی " ئەو رەخنانە هی کەسانێکن کە گرنگیی کارەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی نازانن، بە داخەوە زۆر کەس ماف بە خۆیدەدا کە رەخنە بگرێت، بەڵام ئەو کەسانە قەت نایێن سەیربکەن بۆ ئەوەی بزانن بە کردەوە چیمانکردووە".

وەزیری رۆشنبیریی، روونیدەکاتەوە کە بانگهێشتکردنی ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیران بۆ فێستیڤاڵەکانیان کارێکی پێویستە" با بۆتانی روونبکەمەوە، راستە ئامانج بۆ نموونە لە سازدانی فێستیڤاڵی جگەرخوێن یادکردنەوە و رێزنان بوو لێی، بەڵام ئەوەی لە ماوەی ئەو چەند رۆژەی فێستیڤاڵدا باسکرا، قسەکردن بوو دەربارەی رەوشی هەر چوارپارچەی کوردستان، لە راستیدا فێستیڤاڵەکان زۆرتر کۆنگرەیەکی نیشتیمانین بۆ کۆکردنەوەی روناکبیرانی کورد".

بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو)کەوتوون، لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەتی رۆشنبیریدا بڕیار دراوە فێستیڤاڵەکان بەو قەبارە گەورەیەی جاران نەکرێن. هەڵگورد عەبدولوەهاب، بەرنامەی تازەی وەزارەت بۆ (رووداو) روونده‌کاتەوە و دەڵێ"بڕیاردراوە لە 2009دا بایەخ بەو پرۆژانە بدرێت کە کاریگەریان دەبێت لەسەر ژێرخانی رۆشنبیری و دووردەکەوینەوە لە ڤستیڤاڵ سازکردن و لە ساڵی 2009دا لەسەر ئاستی وەزارەتی رۆشنبیری تەنیا یەک فستیڤاڵ ئەنجام دەدرێت".

وەزیری رۆشنبیریی ئاماژەی بەوەدا کەلەمەودوا سنوور بۆ خەرجییەکانی میواندارییەکانیان دادەنێن " ئێمە گەلێکی میوانداریین، پێمان عەیب بوو سنوور بۆ میوانان دابنێین، خۆتان دەزانن کە کورد کەس لە ماڵی خۆی دەرناکات. بەڵام دواتر هەستمانکرد کە ئەو مەسەلەیە خەریکە بە خراپە سوودی لێوەردگیرێت، بۆیە ئێستا هەر لەسەرەتاوە بە میوانەکانمان دەڵێین ئێوە تەنیا بۆ ماوەی چوار رۆژ میوانی ئێمەن و دوای ئەو چوار رۆژە ئێمە لە خەرجییەکانتان بەرپرسیار نین. ئەوەش کارێکی ئاساییە. من خۆم زیاتر لە سەد جار لە دەرەوەی وڵات بەشداریی کۆنگرە و فێستیڤاڵم کردووە. کە پەرداخێک زۆرتر لەوەی کە رێگەپێدراو بووە خواردبێتمەوە، خۆم پارەکەیم داوە".

## رووداو بووە تەلەڤزیۆن

رووداو-هەولێر

سەرنووسەری رۆژنامەی (الصباح الجدید) ئیسماعیل زایر رایگەیاند تەلەڤزیۆنەکەی بەمزووانە دەکەوێتە کار.

زایر لەلێدوانێکدا بەپێکەنینەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "تەلەڤزیۆنەکەم ناوی رووداوە، بەڵام بە عەرەبی واتە (الحدث)".

زایر روونیکردەوە کە کەناڵە ئاسمانییەکەی سەربەخۆیەو بنکەی سەرەکیی لە ئیمارات دەبێت ولە هەولێریش نووسینگەی دەبێت.

## خێری پێوەبێ

رووداو-هەولێر

رۆژنامەوانی ناسراوی ئەڵمان یورگن هوپێ و پرۆفیسۆر ئوریش پیتسۆلد، کە مامۆستای زانکۆی دۆرتمۆندە دوو ساڵە کار لەسەر دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان AKnews دەکەن، کەلەلایەن دەزگای ئاراس بەڕێوەدەبرێ و رۆژی 2008/11/20 لە هەولێر کرایەوە.

هوپێ لەساڵی 1985 بەرێکەوت چەند کوردێکی ناسی، ئەو ناسینە بووە هەوێنی دامەزراندنی بەرنامەی کوردی لە رادیۆی ئەڵمانیا WDR، ئەو رۆژنامەنووسە و کارمەندانی بەرنامەکە لە هەڕەشەی تورکان نەترسان و ئێستابەرنامەی کوردی شانبەشانی حەوت زمانی دیکە بەردەوامە و، تاوەکو ئێستا هەموو رۆژانی یەکشەممە بۆ ماوەی یەک کاژێر راپۆرت و هەڤپەیڤین بە هەردوو شێوەزاری کرمانجیی سەروو و خواروو پێشکێش دەکات.



یورگن هوپێ (فۆتۆ: رووداو)

لە ئاهەنگی کردنەوەی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان AKnews هوپێ وتارێکی پێشکەشکردو هیوای سەرگرتنی ئاژانسەکەی خواست وگوتی "خێری پێوەبێ".

## پەرلەمان نەی ژماردووە

رووداو-هەولێر

بەبیانووی ئەوەی خۆپێشاندانەکان "نا رێکخراون" پەرلەمانی کوردستان هیچ ئامارێکی لەبەردەستدا نییە سەبارەت بەژمارەی ئەو خۆپێشاندانانەی کە لەدووساڵی دواییدا چوونەتە بەر دەرگاکەی.

تاریق جەوهەر، راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان، بە (رووداو)ی راگەیاند "هیچ ئامارێکمان لەبەردەستدا نییە، کە ژمارەی ئەوخۆپیشادانانەی بۆ بەردەم پەرلەمان کراون دیاری بکات". هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە خۆپیشاندانەکان نارێکخراو بوون و زۆرجار ئیدارەی پەرلەمان ئاگاداری ئەو خۆپێشاندانانە نییە "لەناکاو چوار کەس کۆدەبنەوەو دێنە پێش پەرلەمان و ناوی لێدەنێن خۆپیشاندان".

تاریق جەوهەر، رەخنەی لەوەشگرت کە خۆپیشاندەران زۆرجار یاداشت و نووسراوی نایاسایی دەدەنە پەرلەمان "هەندێ جار ئەو یاداشتانە لەلایەن کەس واژۆ ناکرێن و یاداشتەکانیش بە کلێشەیەکی فەرمی نین".



ناوبراو گوتیشی "پرۆژەیەک بۆ رێکخستنی خۆپیشاندان هاتووەتە پەرلەمان، ئێستا نێردراوەتە حکومەتەو کاری لەسەر دەکات و پاشان رەوانەی پەرلەمانی دەکاتەوە".

